# ڤانكا

# و

# چەند چیرۆكی تر

**وەرگێڕانی لەفارسیەوە ئازاد نەجم**

**پێشکەشە**

**بە**

**ڕۆح و دەنگی نەمری هونەرمەندی شۆڕشگێڕ ئەحمەد کایا**

# پێڕست


وتەیەك .....................................................
پاشا و كراس ............................................. لیۆن تۆلستۆی
سۆئاپی و پاسەوانەكان ..................................... ئۆ هێنری
ئەوپیاوەی هیوایەتی شیعر بو ............................ عەزیز نەسین
دوایین فیشەكی تفەنگەكەم ................................. ئەلفۆنس دو لامارتین
فیل ........................................................ سلاڤ میرمرژۆك
ڕفێنراو ................................................... ئەلبێرتۆ مۆرافیا
لیۆنكا لەدەریاچەی مالویه ................................ ك . پاوستۆڤسكی
خنكاو ...................................................... ئەنتۆن چیخۆف
شكان ....................................................... بای زیائو یی
مەدالیای سەربەرزی ........................................ گی دو مۆپاسان
مندالآنیش غەیرە نیزامین ................................. هاینرش بۆڵ
دایك و ڕۆڵە ................................................ ماكسیم گۆركی
بێگانەیەك لە ئەستانبول .................................. عەزیز نەسین
جوتیار و خەیار ............................................ لیۆن تۆلستۆی
ڤانكا ....................................................... ئەنتۆن چیخۆف
گێزەر ...................................................... پیتەر هێرتلینگ
جەژنی لەدایكبون ......................................... سلاڤ میر مرژۆك

# وتەیەك

بێگومـان چـیرۆك وەك  یـەكێك لـە ژانـرە ئەدەبیـەكان بەدرێـژایی تەمـەنی سـەرهەڵدان و گەشـەكردنی خـۆی ، توانیویـەتی خوێنـەرێكی زۆر بـۆ خـۆی ڕابكێـشێ و بـونی خـۆی بسەلمێنێ و تا ئەندازەیـەكی بـاش توانیویـەتی نیـشاندەری كێـشە و گیروگرفتـەكانی تـاك و كۆمەڵگا بێت. ئەوەی من لێـرەدا مەبەسـتمە ئەگـەر بـەكورتیش بێـت ئاماژەیـەكی پێبـدەم ئەوەیە زۆر جـار لەسـەر ڕوپـەڕی ڕۆژنامـە و گۆڤارەكـان بەرچـاوم دەكـەوێ كەسـانێك لـەم وڵاتەی خۆماندا تەپڵی مەرگ و نـەمانی چیرۆك دەكوتن  و شـایی و لۆغـانی سـەركەوتنی ڕۆمـان دەگێـڕن. وەك ئـەوەی ڕۆمـان و چـیرۆك دو ژانـری دژ بەیـەك  بـن و سـەنگەریان لەیەكتر گرتبێت. ئەویش لەحاڵێكدا زۆرێـك لـەم بەرێزانـە چـەند سـاڵێك لەمەوبـەر - كـە بەداخـەوە زۆربـەی تێڕوانینـەكانیان لـە نـاخی خۆیانـەوە سەرچـاوەی نـەگرتوە و لـەژێر كاریگەریی ئەدەبیاتی وڵاتـانی دراوسـێ ، یـان كەسـانی تـر دان -  باسـیان لەمـەرگی ڕۆمـان دەكرد و دەیانگوت ئێستا سەردەمی بەجیهانی بونە و مرۆڤی ئێـستا سـەرقاڵە و ناپەرژێتـە سەر خوێندنەوەی ڕۆمانە قەبارە ئەستورەكان.

مـن پێموایـە تـاوەكو مـرۆڤ بـەرەو پێـشتر بـڕوات چـیرۆك و ڕۆمانـەكانیش ئـاڵو گۆڕیـان بەسەردا دێت ، بەڵام لەبرەو ناكەون. تـاوەكو  یاسـا و ئاكـارە پـیس و چـەپەڵەكان لـەناخ و كار وكردەوەی ڕۆژانەی مرۆڤەكان و دەسەڵاتەكاندا بونیان هەبێت ، چیرۆكەكانی نەسین و مرژۆك و مۆپاسان و چیخۆف و ... لەبرەو ناكەون.

تاوەكو جیهانگیریی زیاتر درز و كەلێن بخاتـە نێـوان مرۆڤـەكان و زیـاتر لێكیـان هـەڵبڕێ ، بـاوكێكی گالیـسكەچی كەسـێكی دەسـنەكەوێ خـەم و خەفـەت و كوێرەوەریـەكانی مـەرگی كوڕەكەی لەلا هەڵڕێژێ و برێك ئاسودەبێت  ، چیرۆكێكی لەچەشنی "تازیـەباری" ئـەنتۆن چـیخۆف ، هـەرگیزاو هـەرگیز لـەبرەو ناكـەوێ و تاهەتایـە بەنـەمری دەمێنێتـەوە و دەخوێنرێتەوە...

دەبا ئـەم چیرۆكانە وەڵامێـك بـن بـۆ ئـەو هێرشـانەی ڕوویـان كردۆتـە چیرۆك و تـەپڵیی مەرگیی دەكوتن.  ناڵێم ئەم چیرۆكانەی لەم كتێبەدا هاتون ، بەڵام بەدڵنیاییـەوە چیرۆكی جوانن ، خۆتان بڕیار بدەن ئایا ئەم دەقانە! ئەم چیرۆكانە دەمرن؟

ئازاد نەجم 30/ 9/ 2011 ڕانیە

# پاشا و کراس

**ليۆن تۆلستۆی**

**جارێکیان پاشایەك نەخۆش کەوت و گوتی: نیوەی قەڵەمڕەویی پاشایەتیەکەم دەبەخشم بەو کەسەی بتوانێ چارەسەرم بکات و لەم نەخۆشیە ڕزگارم بکا.**
**تەواوی حەکیم و داناکان کۆبونەوە تا بزانن نەخۆشیەکەی پاشا چیە و چۆن بتوانن چارەسەری بکەن. بەلاّم هیچیان سەریان لێ دەرنەکرد. تەنیا یەکێکیان نەبێ کە گوتی: چارەسەری نەخۆشیەکەی دەکرێت ، دەبێ کراسی کەسێکی خۆشبەخت بێنن و پاشا لەبەری کات ئەوسا چاك دەبێتەوە.**
**پاشا ، دەسبەجێ پەیك و تەتەرەکانی خۆی بۆ هێنانی کراسی کەسێکی خۆشبەخت ، بەسەرانسەری وڵاتدا بلاّو کردنەوە.**
**پیاوەکانی پاشا ، سەرانسەری وڵات گەڕان ، بەلاّم نەیانتوانی کەسێکی خۆشبەخت بدۆزنەوە. تەنانەت کەسێکیان دەسنەکەوت لەژیانی خۆیشی ڕازی بێت. ئەوەی دەوڵەمەند بو ، نەخۆش بو. ئەوەی لەش ساغ بو ، هەژار بو. یان ئەگەر دەوڵەمەند و لەش ساغیش با ، ژنێکی خراپی هەبو. یان ئەگەر منداڵی هەبان منداڵەکانی خراپ بون. بەکورتی کەس نەبو گیر و گرفتێکی نەبێت.**
**سەرەنجام شەوێکیان لای بەرەبەیان کە کوڕی پاشا بەلای کوختەخانویەکی هەژارانەدا تێدەپەڕی ، گوێی لەکەسێك بو لەژورەوە دەیگوت: ( زۆر سوپاس خودایە! کاری خۆمم تەواو کردوە و تێر و پڕ نانم خواردوە ، ئیدی دەتوانم ڕاکشێم و بۆخۆم بەئاسودەیی بنوم. ئیدی لەمە زیاتر چیم دەوێت؟).**
**کوڕی پاشا ، بەبیستنی ئەم قسەیە زۆر دڵخۆش بو و دڵنیابو لەوەی کە کەسێکی خۆشبەختی دۆزیوەتەوە و دەتوانێ چارەسەری نەخۆشییەکەی باوکی بکات. دەسبەجێ فەرمانیدا بڕۆنە ژورەوە و کراسەکەی لەبەر داکەنن و بیهێنن بۆ پاشا تا لەبەری کات و چاك بێتەوە و کابراش چەندی ویست بیدەنێ.**
**دەسبەجێ بەرەولای کوختەی کابرای خۆشبەخت وەڕێ کەوتن. بەلاّم کاتێ چونە ژورەوە بینیان کابرا هێندە هەژارە کراسی لەبەردا نیە.**
**سەرچاوە /** http://www.dibache.com

# سۆئاپی و پاسەوانەکان

ئۆ هێنری

(سۆئاپی) ، لەنێوپارکی مەیدانی (مدیسۆن) ، لەسەر نیمکێتەکەی ، بەنیگەرانیەوە خۆی بزواند. ئەوکاتانەی کەشەوانە دەنگی باڵندە کۆچەرییەکان دەهاتە بەرگوێیان ، ئەو کاتانەی ژنانی بێبەش لە باڵتۆی لەچەرم دروستکراو ، میهرەبانتر دەبون لەگەڵ مێردەکانیان ، ئەودەمە ، سۆئاپی لەنێو پارکەکە و لەسەر نیمکێتە شڕەکە ، بەنیگەرانیەوە دەبزوا. لەمەوە هەستت دەکرد زستان بەڕێوەیە.
گەڵایەکی وشك بەربۆوە سەر لیباسەکانی سۆئاپی. ئەمە هێما و نیشانەی هاتنی وەرزی زستان بو. زستان هەمیشە لەگەڵ نیشتەجێیەکانی پارکی مدیسۆندا میهرەبان بو. بەڵام ئێستا ، بێبەزەییانە هاتنی خۆی ڕادەگەیاند. لەسەر چوارڕیانەکە ، پارچە مقەباکەی - کە تاکە سەرمایەی ژیانی بو - دایە دەم بای شەماڵەوە ، تا دانیشتوانی شوێنەکە لەهاتنی وەرزی زستان ئاگادار کاتەوە.
سۆئاپی ، دەیزانی کاتی ئەوە هاتوە لەگەڵ خۆیدا شورایەکی یەك نەفەری پێك بێنێ و ڕێگاکانی خۆپاراستن لەسەرما تاووتوێ بکا. هەر لە بەر ئەمەش زۆر بە بێتواناییی و نیگەرانیەوە لەسەر جێگاکەی خۆی وەردەگێڕا. ئارەزوە زستانەییەکانی سۆئاپی هێندە مەحاڵ نەبون کە بەدی نەیەن. لەنێویاندا نە شوێنەوارێك لە گەشت و گەڕان لە دەریای میدیترانە بەدی دەکرا! نە ئاسمانی خەونەکانی باشور! نە گەشتوگوزاری کەنداو! سێ مانگ ژیان لەزیندانی دورگەکە ، تاکە هیوایەتی بو. لەوێ خۆراك و جێگای خەوتن و قسە کردن و هاونشینی ، تا سێ مانگان ، دابین کرابو. لەلایەکی تریشەوە ڕزگار بون لەدەست ڕەشەبای سارد و چاکەت شینەکان (پاسەوانەکان ) ، بە بۆچونی سۆئاپی ، باشترین دەسکەوت بون.
چەندین ساڵ بوو گرتوخانەی میواندۆستی (بلك ڤۆل) ، مەنزڵگای زستانەی سۆئاپی بو. دروست لەو کاتوساتانەدا کە هاوشارییە خۆشبەختەکانی ، بۆ خۆپاراستن لە شەڕی سەرما و سۆڵەی وەرزی زستان ، بلیتی ناوچە گەرمەسێرەکانی وەك (پالم بیچ) یان

(ڕیڤێرا ) یان دەبرِی ، ئەویش دەبوایە مشوری كۆچی ساڵانەی خۆی ، بۆ دورگەكە بخوات. ئێستاش سەروەختی ئەوە بو.

ئـەو سـێ لاپـەڕە ڕۆژنامەیـەی كـە دوێنـێ شـەوێ لـە مەیدانـە كۆنەكـە و بەتەنیـشت فوارەكانەوە بۆ نوستن بەخۆی دادابون ، نەیانتوانیبو لە سەرمای بپـارێزن. بۆیـە بڕیـاری چونە دورگە ، باشترین چارەسەر بو بەلایەوە.

سۆئاپی كۆمـەك و یارمـەتی ڕێكخـراوە خێرخوازییەكانیـشی بـە سـوكایەتی دەزانـی و بـە بۆچونی ئەو باشتر بـو ببێتـە میـوانی یاسـایەك كـە ناچاری دەكـرد پابەنـدی ڕێوشـوێن و ڕێنماییەكان بێ ، چونكە هیچ نەبێ ئەمیان خـۆی هەڵنەدەقورتانـدە نـاو ژیـانی تایبـەتی ئەوەوە.

گەرچی كۆمەڵێك ڕیكخراوی خێرخواز و هەندێكی سەر بـە شـارەوانیی هـەبون كـە ئەگـەر بە مەرجەكانیان ڕازی با و بـچوایەتە لایـان ، نـان و شـوێنی نیـشتەجێبونیان بـۆ ژیـانێكی سادە و سەرەتایی بۆ دابین دەكرد. بەڵام ڕۆحـی سەركەشـی سـۆئاپی ، ئـەم جـۆرە سـواڵ و سەدەقەیەی پێ قبوڵ نەدەكرا. دەبوایا وەرگرتنی ئەم جۆرە سواڵ و سـە دەقەیـە بـەنرخی سوك و چروك بونی كەسێتی خۆی بدا.

ئـەویش وەك ( سـیزار ) ، ( بروتـوس) * ی خـۆی هـەبو. هـەر پارچـە نـانێكیش كـە دامەزراوەیـەكی خێرخـوازی بیدایەتـە هـەر كەسـێك ، هـاودەم بـو لەگـەڵ جۆرێـك لـە خۆهەڵقورتاندنـە نێـو ژیـانی تایبـەتی ئـەوەوە. بـەم شـێوەیە ناچـار دەكـرا ملكـەچ و گوێڕایەڵی یاساكانی ئەوان بێت.

بۆیـە باشـترین چارەسـەر خۆگەیاندنـە دورگەكەیـە. بڕیاریـدا بیرۆكەكـەی بـەكردەوە جێبـەجێ بكـات. بۆئـەم كـارەش زۆر ڕێگـای سـادە و ئاسـان هـەبون. لـەنێو ئـەم هـەموو ڕێگایانەشدا لەهەموان ئاسانتر و خۆشـتر ئـەوەیان بـو بـچی لەڕسـتۆرانتێكی ژمـارە یـەكی شـاردا دابنیـشیت و تێـر بـەزگی خـۆت خـواردنێكی شـاهانە بخۆیـت و دوای ئـەوەی كـە خاوەنەكەی دەزانێ گیرفانت بەتاڵە ، بێ دواكەوتن یەكسەر پۆلیـست لـێ ئاگـادار دەكاتـەوە. ئیدی پاشماوەی كارەكە سەرۆكە میهرەبانەكەی دادگا ، بۆ خۆی جێبەجێیان دەكا. سۆئاپی باوەڕ و متمانەیەكی تەواوی بە قۆپچەكانی چاكەتەكەی هەبو و دەیزانی شـكڵ و شێوەشـی دروستە. ڕیشیـشی چـاكراو و كراواتـە گرێدارەكەشـی - كـەڕۆژی سوپاسـگوزاری ، خـانمێكی میهرەبان دابویە - بەستبو. هەر ئەوەندەی توانیبای بەرلەوەی گارسۆنەكان شك و گومانی لـێ بكـەن ، خـۆی بگەێنێتـە سـەر یـەكێك لـە مێزەكـان ، ئیـدی كارەكـەی سـەری گرتبـو. بەشەكانی تری قەدوباڵای - كەلەوانەوە دیار بو - جێگای شك وگومـان نـەبو. مراویـەكی

برژاو ، ئەو شتە بو کە ئەم دەیویست ، لەگەڵ پیاڵەیەك چا و جگەرەیەك. یەك دۆلار بۆ جگەرە بەسە. هەموئەمانە بایی ئەوە نابن کابرای بەڕێوەبەری ریستوران بیر لە تۆڵە سەندنەوە بکاتەوە. لەلایەکی تریشەوە ئەو هەم خۆی لە برسێتی ڕزگار دەکرد هەم ڕێگای چونە پەناگا زستانیەکەشی بۆخۆی هەموار دەکرد. بەلاَم کاتێ پێی خستە نێو ڕستۆانتەکەوە ، یەکێك لەو گارسۆنانەی کەلەوێ کاری دەکرد ، هەرکە چاوی بەپانتۆڵی دارزاو و پێلاَوە کۆنەکانی کەوت ، بە دەستانی بەهێز و ئامادەی ، بە بێدەنگی ، بەلاَم خێرا ، بەرەو پیادە ڕۆیەکە پاڵی پێوەنا.

سۆئاپی لە شەقامی پرادۆی وەدەرکەوت.

ڕێگای چونە دورگەکە ، پێدەچو هێندە سانا نەبێ ، وەك ئەوەی کە ئەو بیری لێدەکردەوە. دەبو بیر لە شێوازێکی تر بکاتەوە .

بە سەرنج دانێك لە شەقامی شەشەم ، دەتبینی کە گڵۆپەکان تیشك و ڕوناکیان بلاَو دەکردەوە تا کالاَی نێو جامخانە فریو دەرەکان نمایش بکەن. سۆئاپی بێ دوودڵی کوچکە بەردێکی هەڵگرت و کێشای بەجامخانەکەدا.

چەند کەسێك ، کە لەوێ ، لەحاڵی پاسەوانیدا بون ، وردە وردە خۆیان گەیاندە ئەوێ. سۆئاپیش ، دەس لەنێو گیرفان ، چاوی لە قۆپچە ڕەنگ برنجیەکەی یونیفۆرمی کابرای پاسەوان دەکرد و پێدەکەنی.

پاسەوانەکە بە شڵەژاویەوە پرسی: ((کێ بو وای کرد))؟

سۆئاپیش ئاماژە ئامێز ، بەلاَم دۆستانە ، دروست وەك کەسێك کە ئارەزوی سەرکەوتن بۆ کەسێکی تر بخوازێت ، گوتی: (یانی نەتزانی من بوم؟ ).

قسەکەی سۆئاپی هیچ کاریگەریەکی لەسەر کابرای پاسەوان دانەنا ، چونکە ئەوانەی شوشان دەشکێنن ، بەدڵنیاییەوە نایەن خۆیان ڕادەستی پۆلیس بکەن ، بێگومان یەکسەر هەڵدێن. لەوکاتەشدا کەمێك لەولاتر کابرای پۆلیس چاوی بە پیاوێك کەوت ڕایدەکرد بۆ ئەوەی خۆی بگەێنێتە تاکسیەك ، ئەویش هەرکە ئەمەی بینی باتومەکەی بەدەستەوە گرت و بە ڕاکردن کەوتە دوای کابرا. سۆئاپیش بەدڵێکی پڕ لە خەم و بە نائومێدیەوە وەڕێکەوت ، ئەمجارەشیان بەختی نەیهێنا.

لەوسەری شەقامەکە ، ڕستۆرانتێك هەبو ، هێندە بەزەرق و بەرق نەبو ، زیاتر کەسانی زۆر خۆر و چینی ناوەند ڕویان تێدەکرد ، شۆرباکەی ڕون و کەش و هەوایەکی خۆمانە و نرخەکانیشی گران نەبون. سۆئاپی ، بەپێلاَوی دڕاوو جل و بەرگە ئابڕوبەرانەکەیەوە ،

بێ ئەزیەت و ناڕەحەتی ، خۆی بەژوریدا کرد. لەسەر کورسیەك لە بەردەم مێزێکدا دانیشت ، گۆشت و نانی شیرن و کێکی خوارد ، دواتر یەکێك لە گارسۆنەکانی تێگەیاند کە تەنانەت پارەی وردەشی لەگیرفاندا نیە. بۆیە گوتی : (ئێستا بیکەرە هات و هاوار و هەتا زووە پاسەوانێك ئاگادار بکەرەوە و لەمە زیاتر کەسێکی بەڕێز ماتڵ مەکە).

گارسۆنەکە - بە چاوانێکەوە کەدەتگوت هەلۆژەی سورن - تاوێك تێی ڕاما و پاشان بەئارامیەوە گووتی: (پۆلیس سودی نیە). دواتر بانگی کرد : هێی کال.

دوو گارسۆنی بێ ویژدان ، بەشێوەیەك فڕێیان دایە سەر زەویە ڕەقەکەی ڕستورانتەکە کە ڕێك بەسەر لای چەپدا تەختیی زەوی بو ، چەشنی شتێك کە دەقی خواردبێ ، وردە وردە هەستایەوە ، تۆز و خۆڵەکەی لەخۆی تەکاند ، ئێستا زیندان ، بۆی ببوە خەونێکی وەدی نەهاتو.

نێوان ئەو و دورگەکە ، زۆر دوور بوو.

پاسەوانێك - کە لە بەرامبەر دەرمانخانەیەکی بڕێك ئەولاتری ڕستورانتەکەوە بو - ڕاوەستا بوو ، بەدەم پێکەنینەوە بەرەو خواروی شەقامەکە وەڕی کەوت. تا سۆئاپی ویستی ئازایەتیەکی تر بنوێنێ ، ئەو پێنج ئاپارتمان دورکەوتبۆوە.

سۆئاپی ناچار ڕایکرد ، لەشوێنێکدا ڕاوەستا کەشەوانە ڕوناکترین شەقامی شار بو و مرۆڤ دەیتوانی تێیدا عیشق و ئوپێرای وەگیر کەوێ. ژنان بەباڵتۆی چەرم و پیاوان بە بارانیەوە ، چالاك و بەکەیف ، لەکەش وهەوای ساردی زستاندا لە هاتوچۆدا بون. لەم نێوەدا هەستی ترسێکی سەیر لەوەی وەك تەلیسمێك بوبێتە ڕیگر لەبەردەمییدا نەهێڵێ خۆی بگەیەنێتە زیندانەکە - کە تاکە هیوایەتی بو - باڵی بەسەردا کێشا. تا دەهات زیاتر و زیاتر ترس دایدەگرت. هەر بۆیە کاتێ گەیشتە پاسەوانێکی تر - کە بەخەیاڵێکی ئاسودەوە لەبەرامبەر هۆڵێکی شانۆی پڕ زەرق و بەرق پشتی دابۆوە - دەستی کرد بە جوڵە و ڕەفتاری نائاسایی و چەشنی سەرخۆشان قسەی پچڕپچڕ و هەڵیت و پەڵیتی دەکرد و هاتوهاواری وەڕێ خست. سەمای کرد ، قیژاندی ، بەکورتی کەش وهەوای ئاسایی تێك و پێکدا.

کابرای پاسەوان ، کە لەحاڵێکدا باتومەکەی دەستی ڕادەوەشاند ، پشتی لە سۆئاپی کرد و لەگەڵ یەکێك لەهاوشاریەکاندا کەوتە قسە: ئەمەش یەکێکی ترە لەو خوێندکارانەی زانکۆی (بێل) ، کە دیارە ئەمساڵ خوێندنی تەواو کردوە و بەم بۆنەیەوە جەژن و ئاهەنگ دەگێڕێ ، بەلام قەیناکا ئازار بەکەس ناگەیەنن ، فەرمانیان پێکردوین هەقمان

بەسەريانەوە نەبێ ، باجەژن بگێڕن و شادی خۆيان دەربڕن. سۆئاپيش بەبيستنی ئەم قسەيە وازی لەو شادی و خۆشييە بێ سودەی خۆی ، هێنا.

ئەمە واتای چيە هيچ پاسەوانێك نايگرێ؟ دورگەكەی لێببوە (ئاركاديا*) .

لەترسی سەرما دوگمەی چاكەتە تەنكەكەی داخست.

لە دوكانی جگەرە فرۆشێكدا ،پياوێكی ڕێكپۆشی بەرچاو كەوت كە لەژێر ڕوناكايی چراكاندا ، سەرگەرمی داگيرساندنی جگەرەكەی بو ، چەترە ئاوريشميەكەی لەپەنای دەرگاكە دانابو. سۆئاپيش گورج تاوی دايە چەترەكە و ڕۆيشت. كابرای ڕێكپۆش بەخێرايی كەوتە دوای و گرتی و بەتوڕەييەوە گوتی: (بابە بۆ كوێ ؟ ئەم چەترە هی منە!).

سۆئاپی وەك ئەوەی سوكايەتی بە دزێك بكات ، بەتەوسەوە وەلآمی دايەوە: ئەگەر ڕاست دەكەی چەتری تۆيە بۆ پاسەوانێك بانگ ناكەيت و پێی نالێيت كە چەترەكەم لێدزيوی؟ ها؟ بۆپاسەوانێك بانگ ناكەی؟ خۆ ئەوەتاپاسەوانێك لەوێ ڕاوەستاوە!.

خاوەن چەتر ، هەنگاوەكانی خاو كردنەوە.

سۆئاپيش هەروای كرد ، ئەو كەپێی وابوو جارێكی تر بەختی هەستاوەتەوە ، دەستی بەم كارە كرد. كابرای پاسەوانيش بەسەرسوڕمانەوە سەيری دەكردن.

خاوەنی چەترەكە ، گوتی: ڕاستە ، ئەڵبەتە ، جار جار لەم جۆرە بە هەڵە تێگەيشتنانە ڕودەدەن ، من ... باشە ، ئەگەر وايە... ئەم چەترە هی تۆيە ... ئومێدەوارم لێم ببوری ... من ئەمڕۆ بەيانی لەڕيستورانتێك هەڵمگرت ، ئێستاش تۆ ... كە تۆ بە هی خۆتی دەزانی ، من داوای لێبوردن دەكەم.

سۆئاپيش بەشەڕانگێزيەوە دەيگوت: (قسەی لە سەر نيە كە هی منە).

خاوەن چەترەكە ، وازی هێنا و كشايەوە. پاسەوانەكەش بەپەلە بۆ يارمەتيدانی ژنێك ڕۆيشت كە ليباسی ئۆپێرای لەبەردابو و بێئاگا لەوەی كە هێندەی نەمابو لەگەڵ تراموايەكدا - كە بە شەقامەكەدا تێدەپەڕی - خۆپێكدادەن.

سۆئاپی ، بەرەو شەقامێك كە بە مەبەستی چاكردنەوە هەڵيان كەندبو ، وەڕێكەوت. بەتوڕەييەوە چەترەكەی بۆ نێو چاڵێك فڕێدا و كەوتە جوێندان بەپاسەوانەكان كە دەتگوت بە فريشتەی دەزانن ، نەيدەزانی لەبەرچی هەرچيەك دەكات ، نايگرن؟!.

سۆئاپی ، ئارامیەکی زۆر زیاتری لەم شەقامەدا بەدی کرد. دواتر بەرەو خوارێ ، واتا بەرەو شەقامی مدیسۆن ، سەرەو خوار بۆوە ، بەرەو لای ماڵەکەی ، چون کەسێك کە ماڵی هەبێت دەتوانێ درێژە بەژیانی خۆی بدات ، تەنانەت ئەگەر ئەو ماڵە نیمکێتی پارکێکیش بێت .

سۆئاپی ، تەنیا و غەریب! بەکز و داماوی لەگۆشەیەك کە کلیسایەکی دێرینی لێبو ، ڕاوەستا. ئەم کلیسایە لەکلیساکانی تر جیاواز تر و ساپیتەکەی شێروانی بو. ڕوناکاییەکی لەبار لەپەنجەرەیەکی شوشە ڕەنگ بنەوشییەوە ، دەڕژایە دەرێ. ئەوشوێنەی کە ژەنیاری ئۆرگێك بەوپەڕی دڵنیاییەوە لەتوانا و لێهاتویی خۆی ، سەرگەرمی ژەنین بو. چون لەپەنجەرەکەوە دەنگی موزیکێکی دڵڕفێن دەهاتە بەرگوێی سۆئاپی. موزیکێك کە ئەوی بە پلیکانە کانزاییەکانی دەوروبەری باڵەخانەکەوە ، چەسپاند.

مانگ ، ڕون و تابان ، بەئاسمانەوە دەبینرا. ژمارەی ئاپۆرای خەڵك و ئۆتۆمبیلەکان کەم بون. باڵندەکان ، بەخەوالۆییەوە لەسەر لێواری گوێسەبانەکان ، دەیانجریواند. سۆئاپی ، بۆساتێك ئەوێی وەکو کلیسایەکی چواردەورە گیراوی وەك کلیسای لادێیەکی تەریك و دورە دەست ، هاتە بەرچاوان.

ئەو ئاوازەی کە دەژەنرا ، ئەویان بەپلیکانەکانەوە چەسپاند. ئەو ئاوازە ، وەبیر هێنەرەوەی ڕۆژانێك بو کە لێوانلێو بون لە گوڵ ، دایك! ئارەزو! هاوڕێ و دۆستان! بیرۆکە و یەخەی سپی. لەفکرڕاچونی سۆئاپی و کاریگەری کلیسا کۆنەکە ، گۆڕانکاریەکی پەرجو ئاسا و نائاساییان لەدەرونیدا بەرپاکرد. بەترسەوە بیری لەو زەلکاوە دەکردەوە کە تێی کەوتبو. ڕۆژە بە فیڕۆچوەکان! ئامانجە خراپ و ناپەسندەکان! ئاوات و ئارەزوە مردوەکان! هێز و توانا لەدەسچوەکان و هۆکارە نزم و بێ بایەخەکان! کەتەواوی بون و ژیانی ئەویان داگرتبو. دڵیشی بەشەوقەوە وەڵامی ئەم بارە دەرونیە سەیر و نوێیەی دایەوە - کەسەراپای داگرتبو. هێزێکی نادیار ، هانی دەدا کەئیدی دەبێ ڕوبەڕوی چارەنوسی خۆی ببێتەوە و خۆی لەم زەلکاوەی کە تێی کەوتوە ، دەربێنێ.

دوبارە خۆی دروست کردەوە ، توانی لەناخی خۆیدا بە سەر ئەو دێوەی کەچەندین ساڵ بو دەستی بە سەر هۆش و بیرکردنەوەیدا گرتبو ، سەرکەوێت.

کاتێکی زۆری لەبەردەمدا ماوە ، هێشتا لاوە ، دوبارە ئارەزوە دێرین و لەمێژینەکانی خۆی - کە دەمێك بو دەسبەرداریان ببو - لە مێشکی خۆیدا زیندو کردنەوە و هەوڵیدا وەدەستیان بێنێ ...

نۆتەکانی موزیکەکە ، قورس و سەنگین ، بەڵام شیرین و خۆش! شۆڕشێکیان لە دەرونیدا بەرپا کردبو. بڕیاریدا سبەینێ بچێتە یەکێك لەگەڕەکە بەئاپۆڕاکانی ناوەندی شار و کارێك بۆخۆی بدۆزێتەوە. جارێکیان یەکێك لەوانەی کە پێستە دێنن پێشنیاری کاری شۆفێری پێکردبو. سبەینێ دەبێ ئەو کابرایە بدۆزێتەوە بەڵکو کارێکی بۆ پەیدا بکات. ئیدی بۆخۆی دەبێتە کەسێکی تر و لەمەولا دەیەوێ ...

لەم کاتەدا لەناکاو دەستێکی لەسەر مەچەکی خۆی هەست پێکرد. خێرا وەرسوڕا. چاوی بە ڕوخساری ترش و تاڵی پاسەوانێك کەوت.

پاسەوانەکە پرسی: ئەوە چی دەکەی لێرە؟

سۆئاپی وەڵامی دایەوە: هیچ!

پاسەوانەکە گوتی: کەوایە دەبێ بەتاوانی بەرەڵایی دەسگیر بکرێی.

بۆسبەینێ دادوەر سزای سێ مانگ زیندانی بەسەر سۆئاپیدا بڕی.

سەرچاوە/ http://www.dibache.com

(بروتوس ⋆) یەکێك لەنزیکەکانی قەیسەری ڕۆم و یەکێکیش بو لە بکوژەکانی.

(ئارکادیا ⋆) یەکێك لە ناوچەکانی یۆنانی کۆن ، شوێنی ئاشتی و خۆشی.

# ئەو پیاوەی هیوایەتی شیعر بو

**عـــــەزیز**

**نەسین**

**لە تەمەنێکدا بوم هیوایەتم شیعرو شاعیری بو. وەك زۆربەی لاوەکان کە لە شتێکی وەك خەون و خەیاڵدا دەژین ، شیعرم دەنوسین. تاکە هیوایەتیشم ئەوە بو گوێگرێکی باش پەیدا بکەم و شیعرەکانمی بۆ بخوێنمەوە ... لەبەرئەوەی چەند ڕۆژێکی مابو بۆ سەری مانگ ، نەمدەویست ئەو دو لیرە و نیوەی لەگیرفانمدا مابو هەروا بەئاسانی بەفیڕوی بدەم ... هەرکە لە فەرمانگە هاتمە دەرێ ، یەکسەر بەرەومالێ ، بۆلای ژنە لاو و ماڵداریکارەکەم ، گەڕامەوە ... هەرکە بینیمی ، گووتی: حەسەن گیان زۆر کارێکی باشت کرد زوو گەڕایتەوە ماڵێ ... خواردنێکی زۆر خۆشم بۆ ساز کردوی ... وەڵامم دایەوە: زۆر سوپاس بۆ ئەوەی کەهەمیشە لە خەمی مندایت ... باشبوو بە ووردی سەرنجی ڕوخساری نەدام! ئەگینا هەر زوو هەستی دەکرد چەندە نیگەرانم و هەر زوو دەیزانی لە بەر بێپارەیی نەبا نەدەهاتمەوە ماڵێ و دەچومە لای هاوڕێکانم ...**

**ئەو سەردەمە کافێی "سیرشتەر" تایبەت بە هونەرمەندان و شاعیران بوو ... ئەوەی لە یەکێك لە بوارە هونەریەکاندا سەری دەرکردبا ، شەوانە حەتمەن دەبو سەرێکی لە کافێی "سیر شتەر" دابا! هەر لەئێوارێڕا هونەرمەندان و شاعیران لەوێ کۆدەبونەوە ... شیعریان دەخوێندەوە ... گفتوگۆیان دەکرد ... دەمەقاڵێیان دەکرد ...پێکیاندادەدا ... لەو نێوەدا زۆر شەڕ و ئاشتی دەهاتنە پێش ، کەدەبونە کەرەستەیەکی باش بۆ بابەتی ڕۆژنامەکان.**

بێگومان ئێستا دیار ترین و ناسراوترین هونەرمەندان و شاعیرانی ئەم سەردەمە یادگاری خۆشیان لەگەڵ کافێی "سیر شتەر" دا هەیە!

لە نێومالێدا هەروا لەخۆڕا و بێ مەبەست دەسوڕامەوە ، لەیەك شوێن ئۆقرەم نەدەگرت ... دەمویست هەرچۆنێك بوە شیعرە تازەکەم بۆکەسێك بخوێنمەوە ، خەریك بو شێت بم. لەدڵەوە گوتم: دەك بە نەفرەت بی بێپارەیی. دەتگوت ژنەکەم گوێی لەقسەکانم بوە ، گووتی: حەسەن گیان ئەگەر حەزت لێیە بڕۆ سەرێك لە هاوڕێکانت بدە بەڵکوو بڕێك سەر و دڵت ئاسودە بێت! لە دڵەوە گوتم: ئەگەر پارەم دەبوو!.

بەلاّم هەرچۆنێك بو دانم بە خۆمدا گرت و بەنیگەرانیەوە گوتم: ئەوەندە دێمەوە ماڵێ لێم بێزاری؟ ژنەکەم بەسەرخۆی نەهێنا و لەحاڵێکدا کە لەبەرخۆیەوە گۆرانی دەگوت ، چەشنی باڵندەیەکی سوکباڵ بەنێو ماڵێدا دەهات و دەچوو. سفرەکەی ڕاخست ... لەناخی دڵەوە لە خوام دەویست لەوکاتەدا یەکێك لە هاوڕێکانم پەیدا بێت و لە گەڵ خۆیدا بمبات بۆ کافێکە ... بەلاّم دەزانم هاوڕێکانم ناکەسبەچەن ، هەتا گیرفانم گەرمە بەردەوام بە دوامەوەن ، هەرکە زانیان بێپارەم و لاتم ، ئیدی بەلامدا نایەن. ژنەکەم ئەو خواردنە باشەی کە دروستی کردبوو ، هێنایە سەر سفرەکە ، بۆنی خواردنەکە شێوازی بیرکردنەوەی گۆڕیم و شیعرو شاعیری و کافێ و هاوڕێکانم هەمو لەبیر چونەوە و قاپەکەم ڕاکێشایە بەردەمم ... هێشتا دو سێ پارووم نەخواردبوو لەدەرگایاندا ... بە خۆشیەوە بانگم کرد : کێیە؟ ... ژنەکەم - کە چوبو دەرگا بکاتەوە - گوتی: کاك حەیدەرە ...

ئەی گیان! کاك حەیدەر!... کەمال حەیدەر باشترین هاوڕێی من و گەورە ترین شاعیری هاوچەرخە. دەزانم حەتمەن کە منی لەکافێکە بەرچاو نەکەوتوە نیگەران بوە و هاتووە هەواڵم بپرسێ! ...

دو سێ پلیکان بۆ پێشوازی کردنی چومە خوارێ و چەشنی کەسانێك کەچەندین ساڵ یەکتریان نەدیبێ ، یەکترمان ماچ کرد ...

گوتم: حەیدەر گیان فەرموو ... پێشکەوە ...

لەوەلاّمدا شانێکی هەڵتەکاند و گوتی: ئەم کاتانە چ دەکەی لە ماڵێ بابە! هەستە بڕۆین سەرێك لە کافێکە بدەین ... لەسەرخۆ گوتم: هاوڕێ گیان بڕێك لەسەرخۆ قسان بکە! با ژنەکەم گوێی لێنەبێ! پارەم پێنەبو بۆیە ناچار بوم لەماڵێ نان بخۆم . ئێستاکەش ڕونە کە خوا تۆی بۆناردوم .

: بابە ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ بێپارەیی منی گەیاندۆتە لای تۆ!.

: ڕونە ئیدی! ئەگەر پارەت هەبا منت وەبیر نەدەهاتەوە!

کەمال حەیدەر - کەنیشانەکەی نەپێکابو - گوتی: ئیستا کەوایە ، تۆ لەگەڵ خێزانەکەتدا نانی خۆت بخۆ ، منیش دەچمە ئەوێ و یەکێك هەر پەیدا دەکەم ! ... وەرێکەوت بڕوا ... دەستیم گرت و گوتم: پەلە مەکە ... مەگەر تۆ بەشەر نیت؟ خەجاڵەتی ناکێشی! من لێرە جێدێڵی و بۆ خۆت دەڕۆی؟

: ئەدی چیت لێ بکەم ؟! دو کەسی بێپارە دەکرێ بچنە کافێ؟

ئەو سەردەمە ، دوو لیرە پارەیەکی کەم نەبو ... پەنجا قرۆشم لەپارەکە بۆ نانی بەیانی لادایە لاوە و بە کەمالم گووت: من دوو لیرەم پێیە ، بەسە؟ کەمال بەخۆشحاڵیەوە وەلامی دایەوە: بەڵێ ... بەسە.

: بەلام چۆن لەماڵێ بێینە دەرێ؟ تۆ بەژنەکەم بڵێ یەکێك لەهاورێکانمان زۆر نەخۆشە. کەمال ، کە لە دروستکردنی ئەم جۆرە سیناریۆیانەدا پسپۆڕ بو ، گووتی: تۆ حەقت نەبێ ، ئەوە لێگەڕێ بۆ من. لەپلیکانەکان وەسەرکەوتین ژنەکەم گوتی: کاك حەیدەر سفرە ڕاخراوە ... فەرموو.

کەمال حەیدەر ، بەنیگەرانیەوە چەشنی کەسانێك کە خەم و خەفەتێکی زۆریان هەبێ ، گوتی: ئەو نیازیە بەدبەختە زۆر تەندروستی خراپە!... بەدەم وڕێنەوە بەردەوام باسی تۆ دەکا ... هاتوم بەڵکوو پێکەوە سەرێکی لێبدەین.

: باشە ... با نانەکەمان بخۆین ،پاشان دەڕۆین.

: بابە ئەو برادەرە خەریکە دەمرێ! تۆش تەنیا لە بیری ورگی خۆتدایت!

: باشە هێندە حاڵی خراپە؟

:پێم وانیە تا سبەی بژی! ئەگەر تۆ نایەی بۆخۆم بە تەنیا دەڕۆم. نیگایەکی ژنەکەمم کرد ... گووتی: چ بکەین ... بڕۆ ئیدی ، بەلام هەوڵ بدە زوو بگەڕێیەوە ... چاوەڕوانت دەکەم.

: نا خۆشەویستەکەم! چاوەڕوانی من مەکە! تۆ نانەکەت بخۆ ، لەوانەیە ... لەوانەیە من وەدرەنگ کەوم ، مەگەر گوێت لێ نیە دەڵێ حاڵی زۆر شڕە.

چاکەتەکەمم لە بەرکردوو خێرا لە ماڵێ وەدەرکەوتین ...

* * *

کاتێك گەیشتینە کافیێی "سیر شتەر " هێندە ی خەڵك لێ بوو دەرزیت هەلاویشتبا وەعەرزێ نەدەکەوت ... هونەرمەندان ... نیمچە هونەرمەندان ... ئەوانەی هەر

بەهونەرمەندی لەدایك ببون! هەموویان دانیشتبون و شیعریان دەخوێندەوە و گفتوگۆیان دەکرد!... ئەوەندەی گەڕاین و سوڕاین ، کورسیەکمان نەدۆزیەوە لەسەری دانیشین و شیعرەکانمان بخوێنینەوە. بۆیە ناچار بوم شیعرەکانم بۆکەمال بخوێنمەوە ... هەستمکرد ئەویش زۆر نیگەرانە لەوەی کەناتوانێ جگە لەمن ، شیعرەکانی بۆکەسێکی تربخوێنێتەوە. لەگۆشەیەکدا جێگایەکی بچوکمان دۆزیەوە و بەزۆر جێگای خۆمان کردەوە. بەو دوو لیرەیەی لە گیرفانمدا بوو ، دوو پەرداخ شەراب و کەمێك مەزەم کڕی و گووتم: کەمال بڕێك لەسەرخۆ بیخۆوە با زوو تەواو نەبێت.

کەمال ، ئاماژەی بۆکەسێك - کە لەپشت ئێمەوە دانیشتبوو – کرد و گوتی: ئەو کابرایە دەناسی؟

ئەوکەسەی کە کەمال باسی دەکرد پێدەچو مشتەری ئەم کافێیە نەبێ ، بەکابرایەکی دەوڵەمەند دەچو. وەڵامم دایەوە: نایناسم ... مەبەستت چیە؟

: سێ شەوە دێتە ئێرە و بەتەنیا لە گۆشەیەك دادەنیشێ و نان دەخوا و دەخواتەوە.

: جا باشە ئەمە هیچی تێدایە؟

: هیچی تێدا نیە ، بەڵام سەیرێکی سەر مێزەکەی بکە! ...

سەیرێکی سەر مێزەکەیم کرد ... ئەوەی دڵ حەز کات لە سەری بوو.

کەمال حەیدەر گووتی : پێموابێ پۆلیسی نهێنیە!

: بۆچی پێتوایە؟

: بۆچی ناوێ ... پێموانیە کەسێکی ئاسایی هێندە دەسبڵاو بێ.

: هەرچیەکە کەیفی خۆیەتی ، چ پەیوەندیەکی بەئێمەوە هەیە؟ ...

هەردوکمان بێدەنگ بووین ، بە دوای هەلێکدا دەگەڕاین تا شیعرەکانمان بخوێنینەوە.

کەمال ، لەمن زرینگتر بو ، بە وێنەی جاران ، زوتر لە من دەستی کرد بەخوێندنەوەی شیعرەکانی ... کەتەواویشی کرد ، پرسی: شیعرەکەم چۆن بوو؟

لەبەر ئەوەی چەند دەقیقەیەکی تر دەبوایا منیش شیعرەکانی خۆمی بۆ بخوێنمەوە ، گوتم: ناوازەیە !

:جا چت بیستوە با شیعری دوەمت بۆ بخوێنمەوە ، دواتر بێ ئەوەی بوارم بداتێ بڵێم نۆرەی منە ، دەستی کرد بەخوێندنەوەی شیعری دوەمی.

ناچار هەرچۆنێك بوو دانم بەخۆمدا گرت ... خواردن و خواردنەوەمان تەواو ببون. کەچی کەمال هەروا بەردەوام بوو. کاتێ شیعرەکەی تەواو خوێندەوە ، گوتم: دەبینی بەدەست بێپارەییەوە چۆن گیرمان خواردووە؟ باشە پێم نالێی لەم مەملەکەتەی ئێمەدا

شاعیران و نوسەران بۆ هێندە لەخۆشگوزەرانیەکانی ژیان بێبەشن؟ تەنانەت ناتوانین تێر بەزگی خۆمان لە ڕیستۆرانت و کافێیەك بخۆین و بخۆینەوە ؟!.

: تۆشیعرەکەت بخوێنەوە ... برسیەتیمان لەبیر دەچێتەوە!

دەمزانی بەبێ خواردن و خواردنەوە ، نەدەکرا شیعر بخوێنمەوە ، بۆیە گووتم: گوێبگرە کەمال! لەماڵێ پەنجا قرۆشم بۆ نانی بەیانی هەڵگرتبوو ، بۆئەوەی بیر و هزرت بەجوانی کۆبکەیتەوە و بەجوانی گوێ لە شیعرەکەم ڕابگری ، ئامادەم دوو پەرداخ خواردنەوە بکرم.

کەمال ، زەردەیەکی کرد و گووتی: باشە ، جوان گوێ ڕادەگرم. یەکێك لە گارسۆنەکان ، دو پەرداخ خواردنەوەی بۆهێناین ، من دەستم کرد بە شیعر خوێندنەوە .

کەمال ، هیچ ستایشی شیعرەکەمی نەکرد. دەمزانی هەموو بیرو هۆشی لای خواردنەوەکەیە، پرسیم : چۆن بوو؟

: ها؟ ...ئێه ... خراپ نیە ... هێندێکی تر کاری لە سەر بکە! زۆر باش دەبێ.

لەم قسانەی زۆر تورە بوم ، ئەم کەمال حەیدەرە چەند کەسێکی سەیرە؟ هەمیشە ئەم قسە هەڵێت و پەڵێتانە دەکا. تاوانی خۆمە کە بەشیعرەکەی ئەوم گوت ناوازەیە. چەند خولەکی تر بەنیگەرانیەوە سەبارەت بەملا ولا قسەمان کرد و کاتیش تا دەهات درەنگتر دەبو ، دەبوایا بەناچاریش هەتا ماڵێ بەپێیان بیکوتینەوە ، گووتم: کەمال درەنگە هەستە بڕۆین! تا دەگەینەوە ماڵێ دەبێتە نیوە شەو!

کەمال ، بەنیگەرانیەوە تفێکی ڕۆکردە سەر زەوی و گوتی: تۆ ئەو خودایە سەیرکە لەم ولاّتەدا شاعیران و هونەرمەندان چەندە بێ نرخن؟ دەمانەوێ بچینەوە ماڵێ ، کەچی یەك قرۆشمان پێنیە سواری پاس بین ... لە جێگای خۆمان هەستاین و بەرەو دەرگای دەرێ وەرێکەوتین ... ئەو پیاوەی کە لەپشتمانەوە سەر مێزەکەی بە خواردن و خواردنەوەی جۆراوجۆر ڕازابۆوە ، پێشی لێگرتین و گوتی: کاکینە تکا دەکەم دەکرێ ئەو شانازیەم بدەنێ؟

وەلاّمم دایەوە: بەڵێ فەرموو قوربان ... من لەخوایەکم دەویست ، سەیرێکی کەمالم کرد تا بزانم ئەو ڕای چیە؟

کەمال ، لەسەرخۆ چرپاندیە بناگوێم: کاکە ئەمە پۆلیسی نهێنیە ، دەیەوێ شتمان لێ دەربێنێ!...

کابرا ، جارێکی تر داواکەی دوپات کردەوە: تکاتان لێدەکەم گەورەمکەن میوانم بن.

گارسۆنەکان ، خێرا دو دانە کورسییان هێنا ... دانیشتین ...

کەمال ، هێشتا لەسەر قسەی خۆی بوو ، بە ناباوەڕیەوە دەیڕوانیە کابرای خانەخوێ!
کابرا تەنیا خۆی ناساند: بەندە موحەرەمی ئاسکۆریی بەڵێندەری کاری ڕێگاوبانم. کەمال بە هەمان ڕوخساری گرژ و مۆن و نامۆوە گوتی: تۆ ئێمە دەناسی؟

: نەخێر هێشتا شانازی ناسینتانم پێنەبڕاوە ...

کەمال ، نارەحەتتر بوو : چۆن ئێمە ناناسی ؟! من کەمال حەیدەرم ، شاعیری بەناوبانگ ...

: خۆشحاڵم بەناسینتان ، ببورە کتێبەکەتانم نەدیوە ...

: هێشتا چاپ نەکراوە ، بەم نزیکانە کتێبم چاپ دەبێ. بەلاّم شیعرەکانم لە گۆڤارەکاندا بلاّو دەبنەوە.

ئیدی کەمال دڵنیا بو لەوەی کە کابرا پۆلیس نیە ... بۆیە پرسی: باشە ئەدی کاکی بەڕێز ئەگەر نامانناسیت بۆچی بانگێشتی سەر مێزەکەی خۆتمان دەکەیت؟
کابرا ، بەپێکەنینەوە وەلاّمی دایەوە: بۆ ئەنجامدانی کارەکانم چەند ڕۆژێکە هاتومە ئەنکەرە ... لەبەرئەوەی زۆرم کەیف بە شیعردێت ... پرسیارم کرد و زانیم ئێرە تایبەتە بە توێژی ڕۆشنبیران ... هەر بۆیە شەوانە دێمە ئێرە ... منیش لە تەمەنی لاویەتیدا شیعرم دەنوسین ... دواتر کە هاتمە ناو کۆمەڵگاوە و گرفتاری کاروبارەکانی ژیان بوم ، ناچار لە ئەدەبیات دوور کەوتمەوە ... ئەمشەو کەگوێم دایە قسەکانی ئێوە ، سەردەمی لاویەتی خۆمم بیرکەوتەوە ، یادی بەخێر! سەردەمی لاویەتی زۆر خۆشە.
کابرا ، دەتگوت ئەوکاتەی کە سکالآمان لە بەختی خۆمان دەکرد ، گوێی لەقسەکانمان بوە و بەزەیی پێماندا هاتۆتەوە بۆیە بانگێشتی کردوین.
کابرای بەڵێندەر ، هەروا قسەی دەکرد: ویستم لە نزیکەوە لەگەڵ دوو شاعیری لاودا ببمە ئاشنا و چێژ لە قسەکانیان وەربگرم.

کەمال حەیدەر بەتەوسەوە گووتی: دەکەوایە باش سەیرکە تا باشتر بمانناسیت.

کابرای بەڵێندەر ، بەسەر خۆیدا نەهێنا و زۆر پێکەنی.

بەلاّم کەمال حەیدەر دەسبەردار نەبو و بەڕقەوە گووتی: ئێوەی دەوڵەمەند کە دوو دێڕە شیعرتان لەبەر کردوە بە چ مافێکەوە دەتانەوێ خۆتان لە ڕیزی شاعیران بێننە ئەژمار ؟!
کابرای بەڵێندەر ، بەخەندەیەکی گاڵتە ئامێزەوە وەلاّمی دایەوە: "حەق بە ئێوەیە" .
ئەگەر هاتبا و کەمال لە تەنیشتمەوە با ، سیخوڕمەیەکم تێدەکوتا بۆوەی چیتر لەم قسە حەلەق و مەلەقانە نەکا ، بەلاّم حەیف لێم دوور بوو.

کابرا پرسی: حەزتان لەچیە؟

کەمال حەیدەر وەڵامی دایەوە: ئێمە خواردنەوەی کەسێك ناخۆینەوە سوکایەتی بـە شـیعر بکات.

کابرا بەسەرسوڕمانەوە پرسی: کوا بەڕێزان! کوا من قسەی لەو چەشنەم کـردووە؟ مـن لـە ناخی دڵەوە ڕێزێکی زۆرم هەیە بۆ شاعیران و ڕوناکبیران.

: کاتێك کەسانی لەوێنەی تۆ بانگەشەی شـیعر نوسـین بکـەن ، ئەمـە بۆخـۆی گـەورەترین سوکایەتی و بێ ڕێزیە بە شیعر و ئەدەبیات.

دیاربوو کابرا هێشتا شتەکەی بە گاڵتـە وەرگرتبـو هەربۆیـە بەپێکەنینـەوە گووتی: ڕاسـت دەکەی حەق بە تۆیە!.

کورسیەکەی خۆم گۆڕی و لە تەنیشت کەمال دانیشتم.

کابرا بانگی گارسۆنەکەی کرد و لەئێمەی پرسی: حەزتان لە چیە؟ خۆتان فـەرمان بـدەن با بۆتانی بێنن ...

مـن ، بـەئاوازێکی دۆسـتانەوە وەڵامـم دایـەوە: سـوپاس قوربـان ... سـەر مێزەکـە هـەموو شتێکی لێیە ، پێویست ناکا.

بەڵام کەمال بەئاوازێکی توندەوە گوتی: جێگایەك قرژاڵی دەریا ، بڕێك گۆشتی سوێسکە ، وەهێندێك قەرقاوڵ ، بڕێکیش هێلکەی نێریە کێوی.

کابرای میواندارمان گوتی: کوا نێری هێلکە دەکات؟

کەمال وەڵامی داوە: بۆ ئێوەی دەوڵەمەند هەموو شتێك دەشێ و دەبێ.

چرپاندمە بن گوێی: کوڕە بەسە ، ئەم هەموو بێڕێزیە چیە؟

وەڵامی داوە: تۆ نازانی! مرۆڤ لەگـەڵ ئـەم جۆرە کەسـانەدا کەپێیانوایـە دەتـوانن شـیعر و ئەدەبیاتیش بەپارە بکڕن دەبێ بەم شێوەیە ڕەفتار بکات.

کابرا دەتگوت گوێی لە قـسەکانمان بـووە ، تۆزێـك خـۆی کـۆکردەوە و ڕەش داگـەڕا ، بـەڵام قسەی نەکرد.

لەو ماوەیەدا گارسۆنەکان ، ئەو شتانەی کە داوامان کردبوون ، هێنابویان و لەسەر مێزەکە دایاننابوون. کاکی بەڵێندەر ، سەبارەت بە حەز و ئارەزوی خۆی دەربارەی ئەدەبیات و ئەو کێشانەی کە ببونە بەربەست لە بەردەم خوێندنـەوەیدا ، زۆری قسە کرد.

لـەناکاو کـەمال قـسەکانی پێـبڕی و گـوتی: دەتوخـوا بیـبڕەوە بەسـە کاکـە! ئێمـە بـۆ ئـەوە نەهاتوینە ئێرە تا گوێ لەم قسە پوچانەی تۆ ڕاگرین. دواتر ڕوی لە من کـرد و درێـژەی دایە : شیعرێك بخوێنەوە ... با کاکم لە شیعری باش تێبگات.

من لەو شێوازە قسەکردنەی کەمال زۆر تورە و لەهەمان کاتیشدا خەجاڵەت ببوم ، شارەزای ئاکار و رەفتاری ببووم ... کاتێ دو سێ پێکی دەخواردەوە ئیدی کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دەدا و قسەی هەڵیت و پەڵیتی دەکردن. بەتایبەت ئەمشەو لەسنووری خۆی زۆر زیاتری تێپەڕاند ...

ویستم هەرچۆنێك بوە برێك بارودۆخەکە ئاسایی بکەمەوە ، گووتم: کاکە ئەم هاورێیەم زۆر حەزی لە گاڵتەیە ... تکا دەکەم بەرێزت نیگەران نەبیت.

کابرای بەڵێندەر بەرێزەوە وەڵامی داوە و گوتی: نا ... ئاساییە ... تکا دەکەم شیعرەکەت بخوێنەوە ... من زۆر حەز دەکەم گوێم لێبێ.

منیش یەکێك لەباشترین شیعرەکانی خۆم خوێندەوە ...

دواتر کەمالیش شیعرێکی خوێندەوە.

کابرای بەڵێندەریش بەردەوام لێکدا لێکدا دەیگووت: بەه! بەه! بەه! و ئێمەی زیاتر هان دەدا.

ئێمەش ، بێ ئەوەی گوێ بەقسەکانی بدەین و ئاگامان لێبێ ئاخۆ چ دەڵێ؟ دەمانخوارد و دەمانخواردەوە.

هەر کە بێدەنگ بوو ، کەمال بێ پێشەکی لێی پرسی: تۆ ئەراگۆن دەناسی؟

: کێتان فەرمو؟

: ئەراگۆن!.

: ئەراگۆن؟ چ کارەیە؟

کەمال حەیدەر سەری بە نیشانەی گاڵتە پێکردن راوەشاند و دیسان پرسی: ئەدی رامبۆ؟

: نا ... نەخێر ...

: ئەدی ڤێرلین؟

: کێ؟

: ئەدی داستایڤسکی؟ کتێبەکانیت خوێندۆتەوە؟

: هێشتا نەمدیوە ...

: ئەدی کتێبەکانی راسیل ؟

: نەخێر.

کەمال ، ئەو پارەوەی لەدەستیدا بوو ، داینایە سەرمێزەکە و گوتی: کوری باش ... کەسێك (ئەراگۆن) نەناسێ و ناوی (ڤێرلین) ی نەبیستبێ و کتێبەکانی (داستایڤسکی)

نەخوێندبێتـەوە و ئاشـنای بۆچونەکانی( ڕاسـیل) نـەبوبێ و شـیعرەکانی (لیرمـەنتۆف) ی بەرگوێ نەکەوتبێ! بەچ هەقێکەوە دێتە ئێرە و بانگێشتی سەر مێزەکەی خۆیمان دەکات؟
ڕوخساری کابرا ڕق و تورەییەکی زۆری تێدا بەدی دەکرا و کەمالیش هەروا قسەی دەکردن : کاکە! تۆ کە کتێبەکانی (جۆن شتاین بەك) ت نەخوێندۆتەوە و (والت وایتمـان) ناناسـی و (تۆماس مان ) ت چاو پێنەکەوتوە! بە چ هەقێکەوە دەم لە شـیعر و ئـەدەبیات دەکوتی؟ ئێوەی گەمژە وادەزانن کەپارەتان هەبو ئیدی هەموو شتێك دەزانن؟
ئیـدی کـابرای بەلێنـدەر چیتر توانـای دان بـەخۆداگرتنی نـەما و هەسـتا و تونـد یەخـەی کەمالی گرت ، لە سەر کورسیەکەی بەرزی کرد و دو سێ مەتر فڕێی دایە ئەولاتر.
کافێکە ئالۆزا.
کـابرا ، وەك شـێتان هـاواری دەکـرد و دەیویـست پـەلاماری کـەمال بـدا. چـەند کـەس لـە گارسۆنەکان گرتبویان و چەند کەسیش لە شاعیرەکان دەیانویست کەمال لەوێ دورخەنەوە و بیبەنـە دەرێ ... بـازاڕی جنێـو و قـسەی سـوك ، گـەرم ببـوو. هـەردوکیان تـا پێیـانکرا بەیەکیانکرد.
کابرا هاواری دەکرد: " بڕۆ ونبە نەخوێندەواری لەخۆ ڕازی ، یەك فرۆشـتان لـە گیرفانـدا نیە ئەم قسە زلانەش دەکەن ! مـن بـەزەیم پێتانـدا هاتـەوە ... بـەمرۆڤتان تێگەیـشتم ... تکام لێکردن گـەورەم کـەن ، تـا چـەند دەقیقەیـەك گولێ بلێین و گـولێ ببیـستین! کـارێکی خراپم کرد؟ ئەی لە سەر مێز دانەنیشتوانە" ....
کەمالیش لەولاوە وەلامی دەداوە : " بێدەنگبە مفتەخۆری نەخوێندەوار! تـۆ کـە تەنانـەت ناوی یەکێك لە شاعیرو نوسەرە مەزنەکان نازانی! بە چ هەقێك دێیتە ئێرە و خۆت لەگەلێ ئێمەدا تێکەلێ دەکەی ، بڕۆ دەرێ هەی گەمژە ... ئێرە جێگای تۆ نیە" .
کابرا کە وردە وردە خەریك بو ئارام دەبۆوە ، بەلام بـە بیـستنی ئـەم قـسانە بـەدەم هـات و هاوارو جنێوەوە شالاوی بۆ کەمال برد: هـەی سـەگباب چـەند دانـە شـیعرت گوتـون پێـت وایە (ئەندەلوس) ت فەتح کردوە؟ ... زۆر سوپاس بۆ تـۆ خوایـە کـە زوو وازم لـە شـیعر هێنا ئەگینا منیش وەك تۆ ئێستا لە برسان دەمردم.
ئەگـەر کـەمال بێـدەنگ بوبـا ، کـابرا قـسەی نـەدەکرد. بـەلام کـەمال وازی نـەدەهێنا زۆر جنێـوی دا. کـابرا ئـەمجارەیان ڕق ئەسـتورتر لەپێـشو چوە سـەر مێزەکـە و لـەوێڕا خـۆی هەلدایە سەر کەمال و دایە بەر مستان.
مشتەری و گارسۆنەکانی کافێکە هەرچەندیان دەکرد کەمالی لە بن دەسـتان بێننـە دەرێ ، سودی نـەبو. کـەمالیش هـەر مـستێکی کـە پێیـی دەکـەوت ، جنێـوێکی دەدا. کـابراش هـەر

مستێك كە دەیوەشاند دەیگوت : ئەمە بۆ ئەراگۆن ... ئەمە بۆ ڤێرلین ... ئەمەبۆ داستایۆڤسکی ... ئەمە بۆ ...

سەرەنجام هەرچۆنێك بو توانیان کابرا بگرن و کەمال ڕزگار بکەن.

کەمالیش لە گەڵ ئەوەی کەهەموو سەروچاوی خوێن بو ، بەلاّم هەر بێدەنگ نەدەبو: بێ شەرەفینە ئاخر کەسێك پۆشکین نەناسێ! بە چ ئاوەزێك دێت و دەم لە شیعر دەکوتێ؟

ئیدی هەرچۆنیك بو کەمالم هێنایە دەرێ و گەیاندمەوە ماڵێ ...

* * *

چەند ساڵێك بەسەر ئەم ڕوداوەدا تێپەڕ ببوو. بەلاّم سەرنج بدەنە سەرەنجامی کارەکە ، شەوێك بەرێکەوت لەگەڵ هاوڕێیان لەیەکێك لەکافێکان نانمان دەخوارد ، یەکێك هات بۆلام و گووتی: دەمناسی؟ هەندێك لێی وردبومەوە و لە قەد و بالاّو ڕوخساریم ڕوانی. بەلاّم هەرچەندی کردم نەمناسیەوە و ناچار گوتم: " ببورە ... نەخێر ناتناسم ..."

بەلاّم کاتێك باسی ڕوداوەکەی ئەوشەوەی بۆکردم ، زانیم هەمان کابرای بەڵێندەرە ، بەخەجاڵەتیەوە گوتم

: سەردەمی لاوی بوو ئیدی ...

: ببورە ناوتم لەبیر نەماوە! ناوت چی بوو؟

: حسن.

: ئەدی برادەرەکەت ناوی چی بو؟ ئەوەی ئەو شەوە ئەو هەرایەی نایەوە؟

: کەمال حەیدەر.

کابرا ، بەزەردەخەنەیەکی تایبەتەوە گوتی : " دەزانی ئەو شەوە هاوڕێیەکەت لەسەر هەق بوو" ...

نەمدەزانی مەبەستی چیە و دەیەوێ چ بسەلمێنێ ، بێدەنگ بوم ، چاوەڕوان بوم بۆخۆی قسە بکات ...

سەرەنجام دوای ئەوەی ئاهێکی قوڵی هەڵکێشا ، گوتی: بەڵێ هەقی خۆی بو ... من ئەمڕۆ پیاوێکی دەوڵەمەندم ، هەموو شتێکم هەیە ، لەهیچیشم کەم نیە ... سەرباری ئەمەش ئامادەم هەرچیەکم هەیە بیدەم و جێگاکەم لەگەڵ هاوڕێکەی تۆدا بگۆڕمەوە ... بەلاّم ئایا ئەمە دەکرێ؟

دوای ماوەیەك بێدەنگی ، دواتر پرسی: ئەدی ئێستا کەمال حەیدەر چ دەکا؟

**: کارمەندە لە وەزارەتی ڕێگاوبان.**

**: کتێبەکانی چاپ کردون؟**

**: ئەوسا نامیلکەیەکی چاپ کرا ... ماوەیەکیش دەبێ ئاگام لێی نیە.**

**: ئەدی تۆ چ دەکەی؟**

**: من دەڵێی؟ زۆر کاری جیاوازم کرد ، بەڵام هیچیان سودێکی ئەوتۆیان نەبوو ، ماوەیەك دەبێ نوسەری کابرایەکی بەڵێندەرم.**

**: سەیرە!...**

**پێکەنینێکی تاڵ ، بەسەر لێوانیەوە دەرکەوت ، بە نیگەرانیەوە گووتی: منیش لە تەمەنی لاویدا ماوەیەك شاعیر بوم.**

**سەرچاوە / خاترات یك مردە / انتشارات توسن /**1365

## دواپین فیشەکی تفەنگەکەم

ئەلفۆنس دو لامارتین

ڕۆژێکیان ، وەرگێڕدراوی ئنگلیزی کتێبێکی سانسکریتی زمانی پیرۆزی هندیەکانم لەگەڵ خۆمدا بردە ڕاو. لەناکاو ئاسکێکی خەت و خاڵ جوانم لەنێو دار ژاڵەکاندا بینی کە بەو بەیانیە خەریکی هەڵبەز و دابەز بو.

من هەر بەسروشت کەسێکی هەست ناسك بوم و ڕقم لەکوشتنی گیانلەبەران دەبۆوە. بەلاّم لەناکاو فیشەکێکم لەدەست دەرچو و بەشانی ئاسکەکە کەوت و شانی شکاند و کەوتە سەر زەوی.

ڕەنگم پەڕی و هەرچۆنێك بو بەرەولای ڕۆیشتم. ئەو ئاژەڵە بێچارە و بەستەزمانە هێشتا نەمردبو و سەیری دەکردم. بەسەر سەوزە گیایەکەوە سەری بەلایەکدا شۆڕکردبۆوە و بەچاوانی فرمێسك تێزاوەوە سەیری دەکردم. ئەو نیگا قوڵە پڕ لە حەسرەت و ئازارەیم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە کە بارتەقای چەندین وتە و قسە ، کاریگەرییان لەسەر ناخی مرۆڤدا دادەنا. چونکە چاویش زمانی هەیە. بەتایبەتی ئەو چاوانەی کە بۆ دوایین جار

لێك دەنـرێن. بەچـاوە فرمێسك تێزاوەكـانی ، سەرزەنـشتێكی نـاخ هـەژێنی ئـەو كـردەوە بێبـەزەیی و بـێ هۆكـارەی مـنی دەكـرد و بەئاشـكرا لەچـاوەكانیدا دەخوێنرایـەوە و پێـی دەگوتم: ( تۆ كێی؟ من تۆ ناناسم! من هیچ ئازارێكم پێنەگەیاندوی! لەوانەیـە ئەگـەر تـۆم دیتبا خۆشم ویستبای! بۆچی بریندارت كردم؟ لەبەرچی لە كەش و هەوای ئازاد!  تیـشكی خۆر!  سەردەمی لاوێتی!  بێ بەشت كردم؟ ئاخۆ دوای من چی بەسەر دایكم ، جوتەكـەم ، برا و بەچكەكانمدا دێت؟ كە لەنێو دارستانەكەدا چاوەڕوانی گەڕانەوەی منن و كـاتێ جگـە لە مشتێك خوری و چەند دڵۆپە خوێنێك كە بەسەر سـەوزە گیایەكـەدا ڕژاوە ، هیـچی تـر لەپاشماوەی جەستەم نادۆزنەوە؟  ئایا لەئاسماندا تۆڵەسێنێك بۆ مافی من و  دادوەرێـك بـۆ سزادانی تۆ نیە؟ بەلاَم من دەتبەخشم. لەچاوانی مندا هـیچ ڕق و قینێـك بـەدی ناكـەیت. سروشتێكی ئەوەندە فراوان و پاك و بێ ئازارم هەیە ،  تەنانەت بكوژی خۆشم دەبەخـشم. جگە لە سەرسوڕمان و ئازار و دەرد و ژان ، هیچ شتێكی تر لەچاوانی مندا بەدی ناكەیت). ئەمـە ئـەو شـتە بـو كـە ئاسـكەبریندارەكە بـەنیگای چـاوەكانی پێـی دەگـوتم. منــیش تێدەگەیشتم و داوای لێبوردنم دەكرد.

لەسـكالاَی چـاوە خـەماوی و جەسـتە لەرزۆكەكەیـەوە دیـار بـو كـە دەپاڕایـەوە: (خێراكـە بمكوژە و تەواوم كە).

 ویستم هەرچۆنێك بێت چارەسەری بكەم. بۆیە دوبـارە تفەنگەكـەم هـەڵگرت و ڕوم كـردە ئەولاوە و فیشەكێكی ترم پێوەنا. پاشان بەبێزاریەوە ، تفەنگەكەم فڕێدا.

نایشارمەوە ، زۆر كاری تێكردم و گریام.

سەگەكەشـم خـەمناك بـو! بـۆنی بەخوێنەكـەوە نـەكرد و لەئاسـكەكە نزیـك نـەبۆوە. بەدڵتەنگییەوە لەتەنیشتمەوە هەڵتوتا و تا ماوەیەك هەرسێكمان لەنێو بێدەنگیەكی قوڵدا ماینەوە.

لـەوڕۆژە بـەدواوە ، ئیـدی هـەرگیز نەچـومەوە ڕاو. ئیـدی بـۆ هەمیـشە وازم لـەو چـێژە دڕندانەی كوشتن ، ئەو زوڵم و ستەم و خوێنڕێژیەی ڕاوچییان هێنا. كە بێ هیچ هـەقێك ، بێ بەزەییانە مافی ژیان لە بونەوەرەكان دەستێننەوە. سوێندیشم خوارد هـیچ كاتێـك بـۆ هەوا و ئارەزو و كەیفی خۆم ، وەدوی  (دانیشتوانی جەنگەڵ)  ، یـان باڵنـدەكانی ئاسمـان ، نەكەوم.

كە وەك ئێمە تەمەنی كورتی خۆیان لا شیرن و خۆشەویستە.

سەرچاوە/ http://www.dibache.com

# فیل

سلاڤ میر مرژۆك

بەڕێوەبەری باخچەی ئاژەڵان ، سەلماندی کە کەسێکی تازە پیاکەوتو و دەستپێوەگرە ، دەیویست لەڕێگای ئاژەڵەکانەوە پلە و پایەی خۆی بەرزکاتەوە. بەلاَم سەبارەت بە گرینگیدان بە ئاژەڵەکان ، جیاوازی لەنێواندا نەدەکردن. لەباخچەکەدا زەڕافەیەکی مل کورت و گۆڕهەڵکەنەیەکی بێ لۆزی هەبو. توتیە زیقنەکان ، هەمو هەست و نەستێکیان لەدەستدابو و بێ دەنگ و ئارام بون. ئەگەر هاتبا و بەدەگمەن زیقە زیقێکیشیان کردبا ، ئەوا زۆر بەبێ مەیلیەوە دەیانکرد.

ئەم کەموکوڕیانە بۆ باخچەکە باش نەبون ، بەتایبەتیش لەو سەروبەندەدا کە بڕیاربو چەند دەستەیەك لە منداڵە قوتابیەکانی شار ، بۆ بینینی گیانلەبەرەکان ، بێن بۆ باخچەکە.

ئەم باخچەیە ، کەوتبوە یەکێك لەشارۆچکەکانەوە.

جێگای هەندێك لەگیانلەبەرە گرینگەکان – بۆ نمونە فیل - لەم باخچەیەدا خاڵی بو. کە نەدەکرا جێگاکەی بە سێ هەزار کەروێشکیش پڕ بکرێتەوە. وڵات ،پێشقەچونێکی بەرچاوی بەخۆوە دیبو ، نەدەکرا چاوپۆشی لە هەندێك کەموکوڕی لەو شێوەیە بکرێت. دەکرا ئەو کەموکوڕیانە بەپلانی باش و گونجاو چارەسەر بکرێن و کاریان بۆبکرێت. هەواڵ بلاو بۆوە کە گوایا باخچەی ئاژەڵان بەبۆنەی 22 ی ژوئیەی ساڵوەگەڕی ئازادی وڵات ، فیلێك دەهێننە باخچەکە. هەمو کارمەندانی باخچەکە خۆبەخشانە خۆیان بۆ کارەکان تەرخان کردبو. زۆر خۆشحاڵ بون ، کاتێ بیستیان کە بەڕێوەبەری باخچەکەیان هەواڵنامەیەکی ڕەوانەی وارشۆ کردوە و تیایدا داوای پارە و بودجەی نەکردوە ، بەڵکو بەپێچەوانەوە پێشنیاری کردوە کە دەتوانێ بەساناترین و سادەترین ڕێگا فیلەکە پەیدا بکات ، خۆشحاڵتر بون.

لەنامەکەی بەڕێوەبەردا هاتبو: (( من و هاوکارانم باش لەوە تێدەگەین کە کڕینی فیلێك چ بارێکی قوس دەخاتە سەر شانی کانزاکاران و کرێکارانی تواندنەوەی ئاسنی پۆڵەندای وڵاتمانەوە ، بەهۆی کەمی ئاستی داهاتەوە ... من پێشنیار دەکەم : لەجیاتی کڕینی ئەو فیلەی کە ئێوە لەنوسراوەکەتاندا ئاماژەتان پێدابو ، دەکرێ سود لە توانا و بەرهەمە خۆماڵیەکانی خۆمان وەرگرین و دەتوانین فیلێکی لاستیکی دروست بکەین و بەئەندازەی فیلێکی ڕاستەقینە هەوای تێبکەین و لە پشت پەرژینە ئاسنەکەوە دایبنێین و بەشێوەیەکی وا ڕەنگی بکەین لە فیلێکی ڕاستەقینە جیا نەکرێتەوە. لەبەرئەوەی فیل هەر بە سروشتی خۆی ئاژەڵێکی تەوەزەلە و بزێو نیە ، دەکرێ یاداشتێك بەپەرژینەکەوە بلکێنین و لێی بنوسین: " ئەم فیلە زۆر تەوەزەلە و نابزوێ ". ئەو بڕە پارەیەش کە لە کڕینی فیلێکی ڕاستەقینە دەمێنێتەوە ، دەکرێ لە کڕینی فڕۆکەی (جێت) و پاراستنی باڵەخانەی کلیسا و شوێنەوارە دێرینەکاندا ، سودی لێ وەربگرین. هەروەك بۆ خۆشتان ئاگادارن ئەمە بیرۆکەی خۆمە و لەپێناو شۆڕش و ئامانجی هاوبەش و هتد....)).

دەبوایا ئەم نامەیە بگاتە دەستی بەرپرسێك کەتەنیا کەمبونی هەزێنە و پارەی تەرخانکراو لەلای ئەو گرینگ بوایا و لەدید و ڕوانگەیەکی دیوان سالاری ڕوتەوە سەیری شتەکانی کردبا.

سەرەنجام بیرۆکە و پێشنیارەکەی بەڕێوەبەری باخچەی ئاژەڵانیان پەسند کرد و دوابەدوای دەرچونی بڕیاری وەزارەت ، بەڕێوەبەر فەرمانی دروست کردنی فیلە لاستیکیەکەی دەرکرد.

بڕیاربو دو کەس ، لە دولاوە فوی تێبکەن. بۆ ئەوەی کارەکەیان بە ڕێکوپێکی و بەجوانی و بەنهێنی بێت ، تەنیا شەوانە کاریان تێدا دەکرد.

خەڵکی شارۆچکەکەش ، کە بیستبویان بڕیارە فیلێك بێننە باخچەی شارەکەیان ، زۆر بەتاسەوە چاوەڕوانی گەیشتنیان دەکرد.

کاکی بەڕێوەبەریش زۆر بەپەلە بو لە زوو ڕاییکردنی کارەکە و دەیویست هەرچی زوە کارەکە تێپەڕێنێ. چونکە هەم پاداشتی تێدابو هەم دەبوە هۆکاری بەرزبونەوەی پلەکەی.

دو پاسەوان ، لەباخچەکەدا کەوتنە فو تێکردنی فیلەکە ... دوای تێپەڕبونی نزیکەی دو کاژێر سەیریان کرد هەروا بەئاستەم لەزەوی جیا بۆتەوە و هیچ شێوەشی لە فیل ناچێت.

شەو درێژ بو ، لەدەرەوەش وردە وردە دەنگەکان خامۆش دەبون و تەنیا جار جار دەنگی ئاژەڵەکانی باخچەکە دەهات و بێدەنگی شەوی دەشڵەقاند.

دوای ئەوەی کە هەردو پاسەوانەکە دڵنیا بون لەوەی کە ئەو هەوایەی لە فیلەکەیان کردوە بەتاڵ نابێتەوە ، هەردوکیان ماندوو و شەکەت ، وازیان هێنا. ئیدی هەردوکیان پیر ببون و تەمەنی لاویەتیان تێپەڕاندبو و ئەو گوڕوتینەی جارانیان نەمابو. جگە لەوەش ئەوە کاری ئەوان نەبو.

یەکێکیان گوتی: گەر بەم شێوەیە کاربکەین دەبێ ئەمشەو تا بەیانی هەر خەریکی فو تێکردن بین ... ئەی دوایی چی بەژنەکەم بڵێم؟ ئەگەر بڵێم ئەمشەو تابەیانی خەریکبوم فیلم فو داوە! پێتوایە بڕوام پێبکات ؟

پاسەوانی دوەم گوتی: قسەکەت ڕاستە ، ئەمە کاری ئێمە نیە! هەمو ئەمانە تاوانی ئەو بەڕێوەبەرە چەپڕەوەیە.

یەکەمیان گوتی: تا دێت ناشیرنتر دەبێ.

دوەمیان وەڵامی دایەوە: بەڵێ کارێکی سەختە ، وەرە با دانیشین و پشویەك بدەین.

لەکاتی پشودا ، یەکەمیان چاوی بە سۆندەی غازەکە کەوت. ڕوی کردە هاوکارەکەی و گوتی: باشە ناکرێ بەغاز هەوای تێبکەین؟

بیریان کردەوە و بڕیاریاندا تاقی بکەنەوە. سۆندەی غازەکەیان لە فیلەکە بەست و قفڵەکەیان کردەوە. لەماوەی چەند خولەکێکدا گیانلەبەرێکی زل و زەبەلاح لەبەردەمیاندا قوت بوەوە.

زۆر کـەیفخۆش بـون. دەتگـوت فیلـی ڕاسـتەقینەیە ، گوێـچکەکانی زل! قاچـەکانی ئەسـتور دەتگوت کاریتەی خانون.

بەدڵنیاییەوە دەکرا بڵێی بەڕێوەبەر فیلێکی هێناوەتە باخچەکە.

ئەوپاسەوانەی کە بیرۆکەی سۆندەی غازەکەی بەمێشکدا هاتبو ، گوتی: پێویـست بـە قـسە ناکات ، هەستە وەرێکەوە بابڕۆینەوە ماڵێ.

ڕۆژی دواتر ، فیلەکەیان بردە نێو قەفەسە تایبەتیەکەی خۆی و لە ناوەڕاستی باخچەکە و لە نزیـك مەیمونـەکان و بەتەنیـشت سـەگێکی زل و کەتـەوە دایاننـا. زۆر بەشـکۆ و گـەورە دەهاتە بەرچاوان. یاداشتێکی گەورەش بە قەفەسەکەیەوە لکێنرابو و لێـی نوسـرابو: (ئـەم فیلە زۆر تەوەزەلە و ناجوڵێتەوە).

یەکەمین دەستەی میوان و دیدەنکاران ، بریتی بون لە منداڵە قوتابیەکانی ناوچەکە. مامۆسـتاکەیان ، دەیەویـست وانەیـەکی ڕاسـتەوخۆ و زینـدو لـەبارەی فیلـەوە بداتـە قوتابیەکانی. یەك یەك قوتابیەکانی لەبەردەم قەفەسی فیلەکە ڕیز کرد و ڕوی تێکـردن و گوتی: ( فیل ، یەکێکە لە گیانلەبەرە شیردەرە گیاخۆرەکان. ئـەم گیانلەبـەرە ، بەیارمـەتی خەرتومە درێژەکەی ، دەتوانێ درەخت و لقی دارەکان بشکێنێ و گەڵاکانیان بخوات).

منداڵەکان ، بەسەرسوڕمانەوە سەیری ئەو ئاژەڵە زلەیان دەکرد و چاوەڕوان بون درەختێك لەڕەگەوە هەڵکێشێ و گەڵاکانی بخوات.

بەڵام فیلەکە لەنێو قەفەسەکەیدا جمە و حوڵەی نەبو!.

: ( فیل ، لە تیرەی ماموتـە لەنێوچوەکانە. هـیچ جێگـای سەسـوڕمان نیـە کـە لـە ئێـستادا بەگەورەترین ئاژەڵی وشکانی دێتە ئەژمار).

قوتابیە زرینگ و زیرەکەکان ، یەکسەر وتەکانی مامۆستایان لای خۆیان دەنوسی.

: (تەنیا (ڤاڵ) لە فیل قورسترە. بەڵام ڤاڵ لە دەریـادا دەژی. دەکـرێ بەدڵنیاییـەوە بڵێـیین فیل سوڵتانی بێ ڕکابەری وشکانیە).

شنەبایەکی ئارام ، گەڵای دارەکانی بەجوڵەخست.

: (کێشی فیلێکی کامڵ ، لەنێوان چوار تا شەش تەن دایە).

لـەناکاو فیلەکـە جوڵەیـەکی کـرد و لـەزەوی جیـابۆوە. چـەند سـاتێك دواتـر بـا لەسـەر درەختەکان دەیهێنا و دەیبرد. سەرەنجام ڕەشەبایەکی توند هەڵیکرد و بەرەو تـاقی ئاسمـان هـەڵیگرت. تـەنیا سـێبەرەکەی بـەدی دەکـرا. تـا ماوەیـەك خـەڵکی لـەخوارێڕا تـەنیا نـاو لەپەکانی و ورگی و قاچەکانیان دەبینی.

دواى ماوەیەکی کەم ، بایەکی تر هەڵیکرد و ئیدی بەیەکجاری لەچاوان ونی کرد.

مەیمونەکان ، حەپەساو و سەراسیمە ، تاماوەیەك دواتریش هەر سەیری ئاسمانیان دەکرد. دواتر ، فیلەکەیان لە باخچەی فەرمانگەی گیاناسی ، بەسەر درەختێکی کالیپتۆسەوە دۆزیەوە. پێستە لاستیکیەکەی کون ببو.

منداڵە قوتابیەکانیش ، کە ئەو ڕوداوەیان لە باخچەی ئاژەڵاندا بەچاوی خۆیان دیتبو ، ئیدی وازیان لە خوێندن و قوتابخانە هێنا و دواتریش دەیانگوت گوایا کەوتونەتە هار وهاجی و شوشەی پەنجەرەی ماڵان دەشکێنن.

ئیدی لەوەبەدوا هیچ بڕوا و متمانەیەکیان بە فیل نەمابو.

سەرچاوە/ داستان ناگهان/ مجموعە داستانهای کوتاه جهان/ ترجمە اسدللە امرایی/ نشر سالی 1381

# ڕفێنراو

**ئەلبێرتۆ مۆرافیا**

**لەناکاو لەخەو ڕادەپەڕم ، واهەست دەکەم ئەو تاریکیەی دەوروبەرم لەلام نامۆ و نائاشـنایە و جیـاوازی هەیـە لەگـەڵ ئـەو تاریکیـەی ڕۆژانـی تـر کـە دوای لەخـەو هەسـتان لەگەڵیـدا بەرەوڕو دەبومەوە. نازانم جیاوازیەکە لەچیدایە؟ بەڵام دڵنیام کەجیاوازیی هەیە.**
**یەکسەر دڵم دەکەوێتە کوتە کوت ، لەخۆم دەپرسم: ( بۆچی هاتومەتە ئێرە؟).**

بۆ وەدەستهێنانی وەڵامی ئەم پرسیارانە ، دەست بە جێخەوەکەمدا دێنم و خێرا دەستم دەکێشمە دواوە ، دەستم بەر گنج و لۆچی بیجامە و ماسولکە و ستونی بڕبڕەی چەماوەی پشتی کەسێك دەکەوێت. گومانم نیە کە یەکێك لەتەنیشتمەوە خەوتوە. بەڵام نازانم کێیە. وردە وردە خەریکم دەگەمە ئەو باوەڕەی کە منیان بەهۆیەکی نادیار و بەپێچەوانەی مەیلی خۆم و بەزۆر هێناوەتە ئێرە. یان بەواتایەکی تر ڕفاندویانم.

بیرکردنەوە لەوەی کە لەوانەیە ئەمشەوم بەهەرجۆرێك بوبێ لەگەڵ ئەم پیاوەدا بەسەربربردبێ ، گومانی خراپتر بەمێشکمدا دێنی: ( بەڵێ ، کاتێ بە شەقامە چۆڵەکەدا تێدەپەڕیم ، دو سێ کەس بەزۆر گرتمیان و سواری ئۆتۆمبیلیان کردم و دەست و قاچ و دەمیان بەستم و شەوێ هێنامیانە ئەم خانوەوە. حەبی خەویان دامێ و دواتر جل و بەرگەکانیان لەبەر دارنیم و خستمیانە سەر چارپاکە و دەسدرێژیان کردە سەرم).

بەم شێوەیە بەمێشکمدا هات ئەوەی بەسەرم هاتوە جارێکی تر بیهێنمەوە بیری خۆم. لەڕاستیشدا شتێکی زۆر ئاساییە کە ژنێکی گەنج و جوان بەم شێوەیە پەلامار بدرێ. تەنانەت ئەگەر لەمەش بەدەر بێت جێگای سەرسوڕمانە.

بەڵام ئێستا ، کاتی ئەم قسە فەلسەفیانە نیە. بەڵکو دەبێ هەرچۆنێك بوە خۆم لێرە دەربازکەم و هەڵێم ، بەر لەهەڵاتنیش ، ماڵەکە بەوردی دەسنیشان بکەم و دواتر یەکسەر هەواڵیان لێبدەم.

منیان بەزۆر لە ژیانی ڕۆژانەی ئاسایی خۆم و خۆشەویستانم و ئەو کارانەی کە حەزیان پێدەکەم ، دابڕی. دەبێ باجی ئەم تاوان و خراپەکاریانەی خۆیان بدەنەوە. سوپاس بۆ خودا کە یاسا و پۆلیس و کەلانتەری هەن.

دەسدرێژی کردنە سەر خەڵکی - ئەویش بەشێوەیەکی ئاوا دڕندانە و نامرۆڤانە - نابێ بێ سزا تێپەڕێ. بەڵکو دەبێ سزایەکی هێندە توند بدرێن ببنەپەند بۆ کەسانی تر.

ئەم بیرۆکەیە ، لەنێو مێشکمدا خول دەخوا. ئێستا هێواش هێواش قاچی چەپم لەژێر لێفەکە دێنمە دەرێ و هەوڵ دەدەم بەوپەڕی وریاییەوە ئەم کارە بکەم ، نەکا قاچم بەو پیاوە بکەوێ کە لەتەنیشتمەوە ڕاکشاوە. بەرکەوتنی قاچم بە مافوری خوار چارپاکە ، چەشنی ئەو تاریکیەی کە ببوە هۆکاری نەبینین ، لەلام نائاشنایە.

دواتر قاچی ڕاستم دەخەمە سەر زەویەکە. بۆ ساتێك لەسەر لێواری چارپاکە دەمێنمەوە ، دواتر بە یەك جوڵە ڕاست دەبمەوە ، هەست دەکەم لەکراسێك زیاتر ، هیچی ترم لەبەردا نیە. بەڵام ئەمە کراسی من نیە. تەنانەت زۆر نامۆشە لەلام. ئەوەندە نامۆ و نائاشنایە کە

کاتێ دەمەوێ بەڕقەوە دایکەنم لەبەرمدا ، هەڵدەجڕێ. پاشان روت و قوت ، بەکوێرە کوێر دەمەوێ دەرگاکە بدۆزمەوە.

دەرگاکە دەکەمەوە ، لەژورەکە دێمە دەرێ ، ئێستا لە نێو هاڵێکی تەواو ئاساییدام ، بەلاَم نامۆیە لام. چوار دەرگای هەیە ، دەرگای چونەدەرەوە لەکۆتاییەکەیدایە. چەند تابلۆیەکی بچوك بەدیوارەکەوەن ، جێگایەکی ڕەنگ برنجی هەڵواسینی چەتر و چوار دانە چرای کز - کە بەشێوەیەکی نیگەرانی هێنەر ، هەستی دڵنیابونی (ئاشنایی) و (نائاشنایی) لەلای مرۆڤ بەهێزتر دەکات – بەدیوارەکەوە هەڵواسراون.

بەلاَم ئایا دەکرێ جگە لەمە شتێکی تر هەبێ؟! کاتێ تاوانبارەکان بۆ جێبەجێ کردنی مەرامە چەپەڵەکانیان ئاپارتمانێك بەکرێ دەگرن ، خۆ ناچن بەشێوەیەکی جوان بیڕازێننەوە! چونکە لە ڕاستیدا ئەوان نیازی ئەوەیان نیە تێیدا بژین. نایانەوێ بناغەی خێزانێکی دروستی تێدا بنیات بنێن. تەنیا مەبەستیانە بەمێشکێکی ئاسودەوە تاوانەکانیانی تێدا ئەنجام بدەن. لەبەر ئەوە جوانی و ڕازاوەیی ماڵ ، هیچ بایەخێکی نیە لەلایان. تەنیا هێندە بەسە بگەنە یەکەمین فرۆشگای سەر ڕێگایان تا هەندێك کەلوپەلی ئاسایی بکڕن و تەواو!.

بەدرێژایی مێژو ، کردەوەی دەسدرێژی کردنە سەر خەڵکی ، هەمیشە بێ پەردە و بێ شەرمانە بوە. تەنانەت لەژیانی نێو ئەشکەوتەکانی سەردەمی کۆنەوە بگرە تا ئەم ئاپارتمانە کاتی و نامۆیەی کە ئێستا منی تێدام.

هێشتا کات زوە ، سەروەختی بەرەبەیانە. ئەو ساڵۆنە بچوکەی کە ئێستا خەریکم وردە وردە دەچمە نێوی ، ڕوناکیەکەی چەشنی سەروەختی بومەلێڵە. لەنێو دەرگاکەدا ڕادەوەستم و سەیر دەکەم ، قەنەفەیەك ، دو دانە مۆبێڵ ، مێزێك ، چوار کورسی و سندوقێکی هەلگرتنی کەل و پەل دەکەوێتە بەرچاوم.

هەمو شتەکان لەبەرچاومدا نامۆن و لەهەمان کاتیشدا ئاشنان. هەست دەکەم کەپێشتر ئەمانەم دیتون و لەگەڵیاندا ژیاوم. حەتمەن هۆکاری ئەمەش ، ئەوەیە کە: نەشیاوترین و تاوانکارانەترین قۆناغی ڕفاندنەکەم لەم ژورەدا بوە.

چەند دانە پیاڵەیەك و بتڵێك شەراب و چەند دانە فنجانێك و تەپڵەکێکی پڕ لەقونچکەجگەرە ، لەژورەکەدا هەن و پاکەتە جگەرەیەکی بەتاڵیش لەسەر زەوی ژورەکە فڕێ دراوە.

هەمو ئەمانە لەلام ئاشنان ، بەلاَم لەهەمان کاتیشدا گومانم هەیە کە پێشتر کەش و هەوای ژورێکی لەو شێوەیەم بەرچاو کەوتبێ! دەچمە بەردەم پەنجەرەکە ، زگ و سینگم بە

شوشەکەوە دەنوسێنم و دەڕوانمە دەرێ. دەتوانم سوێند بخۆم کەهاوشێوەی ئەم ئاپارتمانە ، لە سەد شوێن ، تەنانەت لەهەزار شوێنی تریش هەیە. تێکچڕژانی ئۆتۆمبیلەکانم لێ دیارە و دەبینم یەك بەدوای یەکدا ڕیزیان بەستوە. دواتر لەولای شەقامەکەوە شۆستەیەکم بەرچاو دەکەوێ. فرۆشگاکانی باڵەخانەکەی بەرامبەرم ، هێشتا داخراون. ڤیترینەکەی بەردەمیان کوژاوەتەوە.

گۆشت فرۆش ، بۆن فرۆش ، فرۆشگای جل و بەرگ ، باشە! ئەمەش باڵکۆنەکان! بەلاّم ئاسمانم لێوە دیار نیە! پێدەچێ لە نهۆمی دوەم بم! گڵۆپەکانی شەقامەکە لە کەش و هەوای بومەلێڵی بەربەیاندا هێشتا داگیرساون. ڤیرەکەی ناوەڕاستی شەقامەکەش تێکچوە و چاڵێکی گەورەی تێدا دروست بوە.

لەسەرمان هەڵدەلەرزم ، لەپەنجەرەکە دوردەکەومەوە ، بێ مەبەست دەچمە سەر قەنەفەکە و قونج دەدەمەوە ، ئەژنۆکانم بەسینگمەوە دەنوسێنم ، چەناگەم لەسەر ئەژنۆکانم دادەنێم ، ئێستا خەریکە بۆم ڕون دەبێتەوە کەناتوانم بڕۆم و ڕفێنەرەکانم بەگرت بدەم. چونکە ئەمانە بەڕفاندنی من و هێنانم بۆ ئەم ماڵە نامۆیە و دورخستنەوەم لە هەمو ئەو شتانەی کە ژیانی منیان پێك دەهێنا ، بەشێوەیەك بێئیرادەیان کردوم کە خۆم ون کردوە و نازانم کێم؟

هیچ نازانم؟ دەمەوێ خۆم بم ، هەروەك چۆن دەشێ کەسێکی تر بم. ئێستا ڕونە کە ئەگەر هێشتا خۆم بم ، دیارە دەبێ وێڵ و سەرگەردان بم.

بەلاّم بەپێچەوانەوە ئەگەر بەهەمان شێوە کە خەریکم تێدەگەم کە کەسێکی تر بم ، بەچی دیارە کە ئەو هەل و مەرجەی کە ئێستا تێیدام ، هەل و مەرجێکی ئاسایی ژیانم نەبێ؟

بەچی دیارە کە ڕفێنەرەکانم کەسێکی تریان دروست نەکردبێ کە بۆ پیلان و مەبەستەکەیان گونجاوتر بێت؟ بەلاّم مەبەستیان چیە؟

تادێ زیاتر خۆم لەسەر قەنەفەکە بچوکتر دەکەمەوە. بەچاوانێکی زەق و حەپەساوەوە دەڕوانمە سەر ئەو مێزەی کەپیاڵە و فنجان و تەپڵەکەکەی لەسەرە ، لەناکاو دێتەوە بیرم کە دەبێ هەرچی زوە لەسەر قەنەفەکە هەستم و بچمە چێشتخانەکە و سینیەك بهێنم و پیاڵە و فنجان و تەپڵەکەکەی تێکەم و بینبەم بیانشۆم. دواتریش بچم دەرگای بەفرگرەکە بکەمەوە و هەندێك شیر بخەمە نێو قابلەمەیەك و بیخەمە سەر تەباخەکە. هەروەها قاوەجۆشەکە پڕ ئاو بکەم و بیخەمە سەر ئاگرەکە تا دەکوڵێ هتد ...

ئێستا چۆن دەکرێ ئەم گیانی کابانێتیە لەگەڵ دەسدرێژی تاوانکارانەی دوێنێ شەوێدا بسازێنی؟

باشە خۆ ڕونە ئەو ڕفێنەرانە مەبەستیانە بەشێوەیەك لە شێوەکان بمگۆڕن بۆ شتێك کە سودی بۆ خۆیان هەبێ ، نەك تەنیا سودێکی سێکسی.

من بۆ خۆم لەماڵ و حاڵی خۆمدا کەسێك بومە! خاوەنی ناو و کەسێتی خۆم! خاوەنی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و کاروباری خۆم. بەڵام لێرە ئیدی هیچ شتێك نیم. یان باشترە بڵێم ئەوەم کە ئێستا هەم. بەڵام چیم؟ ئەها شتێك بەمێشکمدا هات: بۆ پەی بردن بەمە ، دەبێ سەرەتا بزانم ئاخۆ لەڕوانگەی ڕفێنەرەکانمەوە چیم؟

بۆ گەیشتن بەم وەڵامە دەبێ چ کارێکیان بوێت بۆیان بکەم. دەبێ وردە وردە لەڕێگای ئەو کارانەوە کە لەمنیان دەوێ ، تێبگەم کە من کێم.

لەناکاو دەنگێکی پیاوانەی گڕ و تورە ، لە ژورەوە بانگی ژنێك دەکات. بە (لویزا) بانگی دەکات. ئەمە لەحاڵێکدایە کە لەو خانوەدا تەنیا من ئەو پیاوەی تێداین. واتا تەنیا من و ئەوپیاوەی کە لەتەنیشتیەوە خەوتبوم.

لەمەوە دەکرا مرۆڤ بگاتە ئەو باوەڕەی کە ئەو پیاوە بانگی من دەکات. کەواتە من (لویزا) م.

بەر لەهەمو شتێك گەیشتمە ئەو ئاکامەی کە لای رفێنەرەکانم ، ناوم (لویزا) یە. دیاربو دەیویست لەم (لویزا) یە بپرسێ کە کاتژمێر چەندە و بار و دۆخ لەچیدایە؟ پەردەی پەنجەرەکە لادات و بڵێت کە ڕۆژێکی خۆشە یان نا؟ دواتر بچێتە چێشتخانەکە و نانی بەیانی ئامادە بکات. دروست هەروەك چۆن پێشبینیم کردبو ، شتەکان بەو شێوەیە بون. بەم شێوەیە هێدی هێدی ، بون و ناسنامەی تازەم دەق دەگرێ. بون و ناسنامەی پێشوی خۆمم لێ ون بوە و پێناچێ هەرگیز بیدۆزمەوە.

سەرچاوە / یك زندگی دیگر / البرتو موراویا / ترجمە هالە نازمی / انتشارات هرمس 1381

# لیۆنکا لەدەریاچەی مالویە

ک.پاوستۆڤسکی

ئێمە ، بەهۆی نەخشەیەکەوە – کە لەساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردودا کێشرابو – بەڕێدا دەڕۆیشتین. لەگۆشەیەکی نەخشەکەدا نوسرابو: ( ئەم نەخشەیە ، لەسەر بنەمای پرس و ڕاوێژ کردن بە خەڵکی ناوچەکە دروست کراوە). ئەم ڕاستگۆییە شتێکی دڵخۆشکەر نەبو بۆمان. ئێمەش پرسیارمان لەخەڵکی ناوچەکە دەکرد. بەڵام زۆربەی جاران ڕێنماییەکانیان نادروست بون.

(خەڵکی ناوچەکە) ، ماوەیەکی زۆر ، بەگەرمی دەیانکردە هات و هاوار ، قسەی نەشیاویان بەیەکتر دەگوت و ناوی زۆر شوێنیان دەبرد.

ڕێنماییەکانیان هەمیشە بەم شێوەیە بو: ( هەرکە گەیشتنە جۆگاکە ، بەرەو لای جەنگەڵەکە بسوڕێنەوە و لەوێ لەتەنیشت جادەکە ، لەسەرەتای بنارە سوتاوەکەی جەنگەڵەکە ، تا کەندەلانەکە بچنەپێش ، دوای ئەوەی لەکەندەلانەکە تێپەڕین ، دەبێ ڕاستەوخۆ بچنە سەر گردەکە ، گردەکە لەوێوە دیارە ، دواتر ڕێگایەکی سادەیە ، لەوێڕا بڕۆن تا دەگەنە دەریاچەکە).

ئێمەش بەدروستی بەپێی ئەو ڕێنوێنییەی ئەوان ، دەڕۆیشتین. کەچی هێشتا دەریاچەکەمان لێوە دیار نەبو.

ئێستا ئیدی بەپێی نەخشەکە دەڕۆیشتین ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ، لەنێو قوڕی وشکەوەبوی زەلکاوەکەدا – کە ئیدی بۆ خۆی ببوە جەنگەڵێکی پڕ لەداری گچکە و بێهێز – ڕێگامان هەڵە کرد و ون بوین.

ڕۆژێکی وەرزی پایز بو. دەنگی خشە خشی گەلاْ وشك و وەریوەکان ، دەهات. دواتریش بارانێکی بەخوڕ باری ، کەش و هەوایەکی ساردی هەبو.

دەوروبەری کاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆ ، لەنێو زەلگاوەکەوە بەسەر گردۆڵکەیەکی بەرداویدا ، کە گیا سورخسێکی زۆری لێ ڕوابو ، سەرکەوتین. ڕۆژیش بەخێرایی خەریکبو ئاوا دەبو و تا دەهات دنیای تاریکتر دەکرد. لەژێر ئەو ئاسمانە گرژ و توڕەیەدا ، وردە وردە تادەهات دنیا تاریکتر دەبو. شەو نزیك بۆوە ، شەوێکی تاریکی نێو زەلکاوی پڕ لە خشەخشی گەڵای وەریوی درەختەکان و چکە چکی دڵۆپە باران و هەستی تەنیایی و کەشێکی لەتوانای دان بەخۆداگرتن بەدەر .

هاوارمان دەکرد و پاشان گوێمان ڕادەگرت. لەوەڵامدا: ڕەشەبا ، لەشوێنێکی دورە دەستی نێو جەنگەڵەکەوە ، گڤەگڤی دەکرد و قیڕقیڕی قەلەڕەشەکانی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا.

دواتر ، لەوەڵامی ئێمەدا لەشوێنێکی ئەوسەری کۆتایی زەوی و زەلگاوەکان ، هاوارێکی درێژ و لاوازمان کەوتەبەر گوێ.

تادەهـات دەنگەكـە نــزیكتر دەبـۆوە ، خشەخـشێكی زۆریـش دەبیــسترا ، دواتــر لــەنزیكی خۆمانەوە هەستمان بەدەنگەكە كرد.

كوڕیژگەیەك ، لەنێو دارستانە چڕەكەوە هاتەدەرێ. تەمەنی ، هەر نزیكەی دوانزە سالّێك دەبو. پـێلاّوە كۆنـەكانی بەدەسـتەوە گرتبـون و بەپێخواسـی و بەوریاییـەوە بەسـەر لـق و گـەلاّ وشـكەكاندا هـەنگاوی دەنـان. لێمـان نزیـك بـۆوە و بەشـەرمەوە سـلاّوی لـێ كـردین. پێكەنی و گوتی: گـوێم لێبـو یـەكێك بـەردەوام هـاواری دەكـرد ، زۆر ترسـام ، چونكە لـەم كاتانەدا هیچ كەسێك ڕێی ناكەوێتە ئێرە ، تەنیا وەرزی هاوین نەبێ كـە ژنـان بـۆ چـنینی میوەی جەنگەلّ دێنەئێرە. بەلاّم ئێستا لەم كاتانەدا هیچ میوەیەكی لێنیە ، چیە؟ ڕێگاتان هەلّە كردوە؟

ئێمەش وەلاّممان دایەوە: بەلّێ ون بوین.

كوڕیژگە گوتی: بـەلّێ ئەگـەر مـرۆڤ لێـرە زۆر وریـا نـەبێت بزربـون شـتێكی ئاساییە. پـار هاوین ، ژنێك بۆ كۆكردنەوەی میوە هاتبوە نێو ئەم جەنگەلّە و بزر بو ، ئیدی ئەوەنـدەی بەدوایدا گەڕان نەیاندۆزیەوە ، ئیدی ئەوەبو بـەهارێ ئـەمجار دیتیانـەوە ، تـەنیا ئێـسك و پروسكەكانی مابونەوە.

: ئەی تۆ لێرە چ دەكەی؟

كوڕیژگە ، وەلاّمی دایەوە: لێرە دەژین ، لەدەریاچەی مالویە. بەدوای گۆلكێكدا دەگەڕێم.

كوڕیژگە ئێمەی گەیاندە دەریاچەی مالویە. كاتێ بەنێو زەلكاوەكاندا تێپەڕین و گەیشتینە زەویـەكی سـفت و پتـەو ، بـەترێكی شـەو تێپـەڕیبو ، بـەنێو ڕێگایـەكی پـڕ لەگـژوگیادا دەچوینە پێش.

بـا ، هــەورەكانی بــەرەو باشــور ڕادەمــالّی. ئەســتێرەكان ، لەســەروی لــق و پــۆپی دار سنەوبەرەكانەوە تروسكە تروسكیان بـو. بـەلاّم وێنەیـەكی ئاشـنای ئاسمـان ، لەپـشت لقـە سیس بوەكانەوە ، نامۆ دەهاتە بەرچاوان. تەنانەت بینینی ( ورچـی گـەورە*) ش كـارێكی ئەستەم بو.

كوڕیژگە ، دوای بێدەنگیەكی درێژ ، گوتی: ڕاستیەكەی من بەدوای گۆلكدا نەدەگەڕام ، ئەم قسەیەم هەر لەخۆمەوە هەلّبەست.

: ئەدی لەنێو ئەو جەنگەلّ و زەلكاوەدا بەدوای چیدا دەگەڕای؟

كوڕیژگە ، وەلاّمی دایەوە: ئەستێرەیەك داڕژا ، پێرێ شـەوێ لێـرە ، لەپـشت تەپۆلّكەكـەوە ئەستێرەیەك كەوتە خوارەوە ، شەوێ لەناكاو لەخەو هەستام ، دیـتم مانگاكـەمان — مانـكا — خۆی ڕادەپسكێنی و هار بوە و دەبۆڕێنێ و قۆچ دەوەشێنێ ، دەتگوت گورگ چۆتە نێـو

هۆڵەکە. منیش خێرا چومە نێو حەوشە و ویستم بزانم چی ڕویداوە؟ لەناکاو بینیم شتێك لەئاسمانەوە بڵێسەی دا ، سەیرمکرد بینیم نەیزەکە ، بەنزمی بەسەر ئاسمانی جەنگەڵەکەدا دەکشا ، لەولای جەنگەڵەکەوە کەوتە خوارێ ، وەك فڕۆکە دەنگی دەهات.

: ئەگەر دۆزیباتەوە چیت لەو نەیزەکە دەکرد؟

کوڕیژگە ، وەڵامی دایەوە: دەمبردە قوتابخانە ، دەبێ تاوتوێ بکرێ ، ئەرێ ئێوە نازانن ئەستێرە لەچی دروست بوە؟

ئیدی بەڕێگاوە گفتوگۆیەکی باشمان لەبارەی ئەستێرەکان و کەرت بون و دابەش بونی ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەوە ، کرد.

لای نیوەشەوێ ، گەیشتینە سەر دەریاچەکە. ئەستێرەکانی ئاسمانی ئەو شەوە پایزیە ، خۆیان لەنێو ئاوی دەریاچەکەدا نمایش دەکرد و ورینجەیان دەدایەوە. چەند کوختێکی چکۆلە ، لەکەناری دەریاچەکە بون. جگە لەیەکێکیان - کە ئاگری چرایەکی کزی تێدا دایسا - ئەوانی تر هەمویان تاریك بون.

کوڕیژگە لەدەرگایدا.

ژنێك ، بەتوڕەییەوە لەژورێڕا گوتی: هەی شەیتان ، تا ئێستا لەکوێ دەگەڕای؟ تەنیا لەهیچ و خۆڕایی پێڵاوەکانی خۆت دەدڕێنی.

کوڕیژگە ، وەڵامی دایەوە: نا دایە گیان پێڵاوەکانم دانابون.

دەنگی ترقە ترقێك ، لەکلۆمی دەرگاکەوە هات و دەرگاکە کرایەوە ، ئێمەش بەکوێرە کوێر خۆمان بەژورێدا کرد.

بۆنی پوش و پەڵاش و شیری تازە لەژورێ دەهات.

ئیدی ئەوشەوە لەماڵی کوڕیژگەدا — کەناوی لیۆنکا زۆێف بو —ماینەوە و لەگەڵ باوکیدا ، کە پیرەمێردێکی کەم قسە بو و چاویلکەیەکی لەچاودا بو ، جگەرەمان کێشا و بەتەنیشت سۆبەکەوە لەسەر پوش و پەڵاشەکە ڕاکشاین.

دەنگی سیسرکە و لەنێو حەوشەکەش دەنگی قرخە قرخی خەوتنی مریشکەکان دەهات.

لای نیوەشەوێ لەخەو هەستام گوێم لە دەنگێکی ژنانەی بەهێز و توند و لەهەمان کاتیشدا غەمگین بو کە کۆپڵەیەکی ئاشنای ئۆپێرای ( بی بی پیك) ی دەچڕی ، نەوای سەدان تاری ئۆرکێسترا ، دەنگی دەدایەوە.

ئەستێرەکان ، لەودیو شوشەی تەم گرتوی پەنجەرەکەوە ، دەلەرزین. سیسرکەکەش بەبیستنی ئەم ئاوازە ، وازی لە سیڕە سیڕ هێنا و بێدەنگ بو.

دایکی لیۆنکا ، لەسەر سەکۆی نێو ژورەکەوە ، گوتی: دەنگی ئـەم ڕادێویـە هەراسانت ناکـا؟ ئەمە لیۆنکا خۆی دروستی کردوە ، پێموایە ناهێڵێ بنـوی؟ مـن نـازانم چـۆن دەکوژێتـەوە! ناچارم لیۆنکا هەستێنم.

: نا پێویست ناکا ، لێی گەڕێ بابنوێ.

ژنە گوتی: بەڵام ئێمە بۆخۆمان حەزمان لێیە — لێرەدا بڕێك دەنگـی ئـارامتر بـۆوە — زۆر حەزمان لێیە بزانین ئاخۆ گۆرانیەکانی مۆسکۆ چۆنن؟ هەم لێڵ و ناڕۆشنن هەم غـەمگین و شادی بەخشیشن ، هەرچەندە بەدرێـژایی ڕۆژێ حـەجمینم نیـە ، بـەڵام جـاری وایـە تـا کەڵەبابی بەیانی دەقوقێنێ ، چاو لێك نانێم.

ئیدی بێدەنگ بو.

پێدەچو کە لەو کاتەدا زەردەخەنەیەك هاتبێتە سـەر لێـوی — گـوتی: هـەمو ئەمانـە کـاری لیۆنکان ، هێند  بزێوە دەیەوێ هەمو شتێك بزانێ ، چۆتەوە سەر باوکی.

لەژنەکەم پرسی بۆ باوکی چۆنە؟

ژنـە پرسـیارەکەمی دوبـارە کـردەوە: سـیمۆن چـۆنە؟ سـیمۆن لەسـاڵی 1918 وە ئەنـدامی حیزبە. هەمو شتێکی هەر بۆ خەڵکە ... ئامادەیە پاروی دەمی خۆی بکاتە دەمی خەڵکەوە و بۆخۆیشی خۆی بەکتێبان تێر بکا.

لای بەربەیان لە سەربردەی ژیـانی سـیمۆن زۆیێـف ، ئاگـادار بـوین. لەسـەردەمی لاویەتیـدا لەکارخانــەی ڕســتن و چــنینی (لیــسۆف) ، لەشــاری (ڕیــازان) ، کــاری کــردوە و کــە لــەو سەردەمەدا بەباشترین کارخانەی شار ئەژمار دەکرا. جل و بەرگی بۆ پارێزگار و ئەفسەران و نوێنەران و پارێزەران دەدوری. پارێزەرەکان جل و بەرگی تایبەت بە خۆیـان دەویـست و زۆیێفیش شریتێکی ئاوریشمی بەپانتۆڵەکانیانـەوە دەدوری. سـەرەنجام بـەهۆی ئـەو کـارەوە چاوەکانی توشی گرفت بون ، ئەو کارە حەوسەلە و توانا و وردبینیەکی زۆری دەویست.

لیـسۆف ، پیرەمێردێکـی خوانـاس بـو ، ڕوخـسارێکی مەیلـەو سـەوزی — کـەدەتگوت ڕۆنـی چرایە — هەبو. ڕۆژ تا ئێوارێ سەرگەرمی خوێندنەوەی کتێبی ئاینی یان کتێبی ( مێـژوی وڵاتی ڕوسیا) ی (کارامزین)  بو. هەزار ڕۆبڵی بـۆ نوسـین لەسـەر چـەندین پارچـە تـابلۆی چەدەنی تەرخان کرد ، کورتەیەك لە (مێژوو) ە کەی کارامزینی لەسـەر تابلۆیـان دەنوسـی و پاشان بەدیواری ماڵەکانی نێو گەڕەکە پڕ لە تۆز و خۆڵەکانی شاردا هەڵێدەواسی. لـەژێر هەموشیاندا نوسـرابو: بڕوانـە کتـێبی (مێـژوو) ی کـارامزین ، بـەرگی ئەوەنـدە ، لاپـەڕەی ئەوەندە.

سـیمۆن گـوتی: مـن لـە کتێـەکانی کارامزینـەوە دەسـتم پێکـرد و لەکۆتاییـشدا کەوتمـە خوێندنەوەی وتارەکانی (لینین). دەکرێ بڵێی کە بانگەوازی لینین ، تەنانەت لەدورەدەست ترین شوێنی تەریك کەوتو ولاچەپەکدا بەهێز و کاریگەیەکی گەورەوە خۆی دەچەسـپێنێ. ئەگەر مرۆڤ شەوێ بەرهەمێکی بخوێنێتەوە ، ئەوا بەیانی بێ دودڵی ، ناڕازیە و دێتە سەر شەقام. تۆز و خۆڵ ، قازەکان بەرەو لای جۆگە ئاوەکان دەچن ، دیواری دوکـانی مەشـروب فرۆشیەکە بە (لاك*) سور بوە ، دەنگی ناقوس لەکلیساکەوە دێتـە بـەرگوێ ، سـواڵکەرەکان بەوپـەڕی خـۆ بەهـەق زانینـەوە لەسـەر کۆبیکێـك دەیکەنـە هـەرا و یـەکتر دەدەنـە بـەر گۆچان. بەکورتی ئیدی ئەمە ڕوسیای سەردەمی دەقنـانوس بـو ، بـەلاّم وتەگـەلێکی تـازە ، بەوێنەی بڵێسەیەکی نور ، لەبارەی ئایندەیەکی هاوشێوەی خۆی لە مێشك دایە.

سمیۆن ، دوای سەرکەوتنی شـۆڕش ، هـاتبوە ئـەم گونـدە کەناریـە و لەکـەناری دەریاچـەکە کوختێکی بۆخۆی دروست کردبـو. کـەوتبوە ئـاوەدان کردنـەوە و پـاك کردنـەوەی بەشـێکی زەویە جەنگەڵیەکە ، ئیدی ئێستا پێنـج خێزان لەکەناری ئەم دەریاچەیەدا دەژین.

سبەی بەیانی ، لیۆنکا تا سەر جادەیەکی گەورە ڕێنمایی کردین.

خۆری سپی بەسەر جەنگەڵەوە – کە سەرتاپا ڕوت ببۆوە و گەڵای دارەکانی هەڵوەریبون – دەدرەوشایەوە. بەهۆی ڕوناکیە ساردەکەیەوە ، گەڵا هەڵوەریوەکان و سـپیدارە کـەوتوەکان ، دەبینـران. هـەرکاتێ بایـەکیش هـەڵیکردبا ، گـەڵای دارەکـان چەشـنی بـارانێکی بـەخوڕ بەسەرماندا دەبارین.

دوای چەند ڕۆژێك ، لیۆنکا بە هانکە هانك و بەپەلە خۆی گەیاندەوە ئاواییـە چـکۆلانەکە و پارچەیەکی بچوکی تیژ و سـوتاو و دوکـەلاّوی (ئەسـتێرە کەوتوەکـە) ی بەدەسـتەوە بـو. ئەو پارچەیەی لەوسەری تەپۆڵکەکەوە هێنابو.

ئیدی لەوکاتەوە لەگەڵ لیۆنکادا بومە ئاشنا ، حەزمـدەکرد لەگەڵیـدا بـەنێو جەنگەڵەکـەدا بگەڕێم. ئەو ، تەواوی کون و قوژبن و کوێرەڕێگاکانی نێو ئەو جەنگەڵە چـۆڵە ، شـارەزابو و هەمو جۆرە گیایەك و بنەبنچك و ئاشنە و خارچك و گوڵەکان و دەنگی هـەمو باڵنـدە و دڕندەکانی دەناسی.

لیۆنکا ، یەکەمین کەس بو – لەنێو ئـەو سـەدان کەسـەی کـە دەمناسـین – کـەپێی گـوتم : ماسـی چـۆن و لـەکوێ دەخـەوێ؟ دار کـاژە کۆنەسـاڵەکان چـۆن گـوڵ دەکـەن و جاڵجاڵۆکـە بچوکەکان چۆن هاوکات لەگەڵ باڵندە کۆچـەریەکاندا لـەوەرزی پـایزدا کـۆچ دەکـەن؟. ئـەو پێـی گـوتم کـە جاڵجاڵۆکـەکان خۆیـان لـە تـەونی خۆیانـەوە دەپێـچن و کـاتێکیش بایـەکی بەهێز بەرەو باشور هەڵدەکا ، خۆیان دەدەنە دەم ئەو بایە و سەدان کیلۆ مەتر دەیانبات.

لیۆنکا ، دو بەرگی لە کتێبێکی ( کایگۆردۆف) ی نوسەر هەبو ، لەئەنجامی خوێندنەوەدا پەڕپوت ببون ، بێهودە هەوڵی دەدا لەنێویاندا لە نهێنی کۆچی ساڵانەی جاڵجاڵۆکەکان تێبگا.

لیۆنکا دەیگوت: (تەنیا لەشتێك تێناگەم ، جاڵجاڵۆکە خۆی بچوکە ، بەلاّم ئەگەر ئەو تەونەی کە دروستی دەکات ، کۆبکرێتەوە چل بەقەد قەبارەی خۆی دەبێت.

لیۆنکا ، بۆئەوەی هەمو ڕۆژێ بگاتە قوتابخانە ، دەبوایە دە کیلۆمەتر ڕێگا ببڕێ. لەتەواوەی ئەو زستانەشدا تەنیا دو ڕۆژ نەیتوانیبو بچێتە قوتابخانە ، ئەویش لەئەنجامی ئەو بەفر و زریانەدا بو کەهەتا ئاستی سوانەی خانوەکە باری. بۆخۆی هیچ کات حەزی نەدەکرد ئەمەی وەبیرکەوێتەوە ، شەرمی دەکرد.

لە وەرزی زستاندا کاتێ لیۆنکا لەماڵێ وەدەر دەکەوت ، دنیا تاریك بو ، ئەستێرەکان لەسەرمان دەلەرزین. گەلاّی دارکاژەکان خشەخشیان دەهات. بەفر لەژێر پێیدا کرتەکرتی دەکرد و دڵی توند دەبو: نەکا گورگەکان گوێیان لێ بێت. گورگەکان لەگەڵ هاتنی وەرزی زستاندا دەهاتنە کەناری دەریاچەکە و لەژێر کۆمای گژ و گیاکاندا دەژیان.

لەهەموشی ناخۆشتر کۆتاییەکانی وەرزی پایز بو ، ئەوکاتانەی بەفر لەئەنجامی بارینی بارانێکی زۆردا نەرم و شل دەبۆوە و سەرجادەکانی دادەپۆشی و بایەکی بەهێز هەڵیدەکرد و سەرما جەستەی مرۆڤی دەبەست.

لیۆنکا ، هاوینانیش لەگەڵ دایکیدا زەوی دەکێلاّ و بێستانی دەکرد و گیای دەدورییەوە.

سمیۆن کاری پێنەدەکرا ، لێدانی دڵی ساڵ بە ساڵ زیاتر دەبو ، ڕەنگی دەگۆڕا و کۆخەیەکی وشك و درێژخایەن ، پرزەی لێ بڕیبو. ناولەپی دەستی بەسینگی خۆیدا دێنا و دەیگوت: (نەژیانم هەیە ، نەئەوەشە بمرم ، ئەم ژیانە جاڵجاڵۆکەییە کوشتمی. دەرکەوت کە درەنگ شۆڕش کرا ، هەرچیەك بێت گرینگ نیە ، لیۆنکا هەر کارێك بێت لەبری من دەیانکات).

★ ★ ★

لەگەڵ لیۆنکادا پەیمانی دۆستایەتیمان بەست ، زۆر کتێبم لەمۆسکۆوە بۆ دەنارد. هەمو ساڵێکیش لەوەرزی پایزدا گەشتێکم بۆ ئەو لادێ بچوکە کەناریە ، دەکرد ، ئیدی خوم بەم گەشتە ساڵانەیەوە گرتبو.

هەمیشە بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو خۆم بەماڵیانـدا دەکـرد ، لـەنێو ئـەو بێدەنگیـەی جەنگەڵدا دەڕۆیشتم ، جگە لەباڵندەی نێو جەنگەڵ ، لەگەڵ هـیچ شـتێکی تـردا بـەرەو ڕو نەدەبومـەوە ، مێرگـوزارە دڵگیرەکـان و پـێچ و بادانـەوەکانی جادە پـڕ لـە گـژ و گیاکـە ، بەتەواوی شارەزا ببوم. هەمو دار کاژەکانی قەراغ جەنگەڵەکەم دەناسـیەوە ، لیۆنکا فێـری کردبوم ئەو شتانەم خۆش بوێت.

هەمیشە سەروەختی تاریـك و ڕونـی ئێـوارێ ، ئـەو کاتانـەی ئەسـتێرە ڕەنـگ پـەڕیوەکان ، پێشبینی شەوێکی ساردیان دەکرد و پێدەچو بـۆنی دوکـەڵ خۆشـترین بـۆنی دونیـا بێـت ، خۆم بەماڵیاندا دەکرد.

بۆنی دوکەڵ ، لەنزیك دەریاچەکە و لەنێو کوختێکی گەرم و پڕ لەباس و خواسـی گـەرم و شـادی بـەخش و گلەییـە شـیرنەکانی دایکـی لیۆنکـا و جێگـا خـەوێکی لـە پـوش و پـەلاش سازکراو و دەنگی جیرجیرە و شەوانی بێ کۆتایی ، کە من لەو شەوانەدا لەغەوغای تارەکان ، لە موزیکە دڵگیرەکانی (بتهۆڤن و ( ڤێردی) - کە لورەی لەرزۆکی گورە برسـیەکانی کـپ دەکرد - لەخەو هەڵدەستام.

هـەرجارێ لیۆنکـا لەکوختەکـە دەهاتـە دەرێ وپێـشوازی لـە مـن دەکـرد ، شـەرمی دەکـرد خۆشحاڵی خۆی دەربڕێ ، تەنیا بەتوندی دەستی دەگوشیم.

دواتریش پێکەوە ماوەیەکی باش لەبارەی ئـەو کتێبانـەی کـە خوێندبومانـەوە و لـەبارەی بەرهەم و داهاتی ساڵانە و ئەو کەسانەی کە زستان لەجەمسەری باکور گیریان خواردبـو و لەبارەی خۆرگیران و ڕاوی مارماسیەوە ، دەکەوتینە گفتوگۆ. ئێمە بابەتی زۆرمـان هـەبو بۆ قسە کردن.

سمیۆن ، دوبارە لەبارەی گەنجێتی خۆی و ئەو خوێندکارانەی کە بلاو کراوە نهێنیـەکانیان دەبردە ڕیازان ، دەکەوتە قسە کردن.

بـەم شـێوەیە دۆسـتایەتی ئێمـە پتـەو تـر دەبـو. مـن لەهـەر شـوێنێك بوایـەم ، دەمزانـی سەرەتای پایز دەبێ بەرەو ئەو سەرزەمینە جەنگەڵیە بگەڕێمەوە. دەگەڕێمەوە و لیۆنکـا و سمیۆن دەبینم و بەم شێوەیە و بەژیان کردن لەگەڵ ئەم خەڵکانەدا زیاتر و زیـاتر هەسـت دەکەم کە ژیان ساڵ بە ساڵ باشتر دەبێ.

هەرچـی زیـاتر هەسـت دەکـەم کـەڕۆژانێك بـەرێگاوەن کـە تیایـدا نائاگـا دەبیـستم چـۆن جەنگەڵ لەژێر گڤەی ڕەشەبادا دەنگی هاشە هاشی دێتە بەرگوێ ، چۆن کانیـاوە ساردەکان لـەژێر چـڵە ئاشـنەکان دەیکەنـە زەمزەمـە ، لـە نـرخ و بایـەخی ڕاسـتەقینەی کتێبـەکان و

بیرکردنــەوە و هاوڕێیــەتی کوڕیژگەیــەکی دێهـاتی - کـە سـێ سـاڵە ئـارەزوی لەوەیـە بێتـە مۆسکۆ و میترۆ و کرملین و فیلی زیندوی نێو باخچەی گیانلەبەران ببینێ - تێدەگەم.

هـەمو سـاڵێك ، کـاتی گەڕانــەوە ، لیۆنکـا بەڕێمـدەکا. ئەمـساڵیش هـەر بـەو شـێوەیە بـو. ترێنێکی باریك ، کەخەڵکی ناوچەکە ناویان لێنـاوە ( پـیرە بـارگیر) ، بـەنێو جەنگەڵەکـەدا دەخشێ.

باریکەرێیــەکان و دیمەنــە ڕازاوە و ئەرخەوانیــەکانی جەنگەڵــە چــڕەکە ، لەبەردەممانــدا دەکاتەوە. لەیـەکێك لـەم باریکـە ڕێیانـەدا ، دروسـت بەتەنیـشت ڕێگـا ئاسـنەکەوە ، لیۆنکـا ڕاوەستاوە و کڵاوە لێواردارەکەی باوکی بەدەستەوەیە و ڕایدەوەشێنێ.

لۆکۆمۆتیف ، هاوارێکی توڕەی لێ بەرزبۆوە. بەڵام لیۆنکا پێکـەنی و هـاوارێکی بـۆ کـردم و گـوتی: چـاوەڕوانت دەبم ، مـن لـەبارەی هەموشـتێکە نامـەت بـۆ دەنوسـم و تـۆش لـەبیرت نەچێ کتێبەکەی (براهام) م بۆ بنێرە.

تاماوەیـەکی زۆر هـەر لێمـەوە دیـاربو ، بەڕوخـسارێکی جوانـەوە ، بـەنێو جەنگەڵـە چـڕ و شـێدار و (گـەس) ە پایزیەکانـدا ، بـەدوای شـەمەندەفەرەکەدا ڕایـدەکرد. ئـەو ڕایـدەکرد و جانتا پڕ لەکتێبەکەی ڕادەوەشـاند و زەردەخەنەیـەکی بێگـەرد و شـەرمنانەی دەدا بـەڕوی من و خۆر جەنگەڵەکان و تەواوی دونیادا.

(ورچی گەورە*) یەکێك لەوێنە فەلەکیەکانی باکور.

(لاك*) شلەیەکی ڕەنگ سورە ، لە هیندستان لە هەندێك دارەوە دەستیان دەکەوێ.

سەرچاوە / نامە / نولهای معاسر شوروی / ترجمە / گامایون / بنگاه نشریات پروگرس / موسکو.

**خنكاو**

## ئەنتۆن چیخۆف

لەیەکێك لەشەقامە کەناریـەکانی بەنـدەری دەریاچـەیەکدا ، ژاوەژاوێکـی زۆر دەبیـسترێ — لەو جۆرە ژاوەژاوانەی کە زۆر جاران لەکاتی قرچەی گەرمای نیوەڕۆیاندا ، دەبیسترێن. دەنگە دەنگ و ژاوەژاوی داگرتن و بـارکردنی بـاری بەلـەم و کەشـتیە بـچوکەکان و دەنگـی فیـشك و هـۆڕی کەشـتیە هەڵمیـەکان و نـرکـە و هـاڕەی چرەسـەقیل و جۆرەهـا جـوێن و پرتەوبۆڵە و هاتوهاوار ، دێتە بەرگوێ.

هەوا ، سیخناخ بوە لەبۆنی ماسی وشك و ڕۆنی قەتران ...

کەسـێکی کورتـەبالا ، بەرۆخـسارێکی ژاکـاو و هەڵمـساوەوە ، چـاکەتێکی شـڕ و پـەڕپوت و پـانتۆڵێکی پـەراوێزداری خـەت خـەتی لەبەردایـە ، وردە وردە لـە کـارگوزاری کۆمپانیـای کەشتیرانی (شچلۆکۆپەر) ، - کە لەکەناری ئاوەکە دانیشتوە و چاوەڕوانی خاوەن بارەکەیە - نزیك دەبێتەوە.

کـابرا ، کلاوێکـی کـۆنی پـەڕپوتی — کـەلێوارەکانی شـۆڕ بونەتـەوە — و بەشـوێنی نیشانەهەڵکەندراوەکەی پێشەوەی کلاوەکـەوە دیـارە کـەڕۆژێك لـەڕۆژان هـی کارمەنـدێکی دەوڵەت بـوە ، لەسـەردایە. بۆیمباخەکـەی لەیەخەیـەوە هاتۆتـە دەرێ و بەسـەر سـینگیەوە دێت و دەچێ ... چەشنی سەربازان ، بەدەنگێکی پڕ لە ڕێز و هاوکات نوساوەوە ، ڕودەکاتە کارگوزارەکـە و دەڵـێ: سـلاو لـە بازرگانباشـی! گـەورەی پایەبڵنـدم حـەز ناکـەیت کەسـێك لەحاڵی خنکاندا ببینی؟ مەبەستم خنکاوێکە!.

کارگوزارەکە لەوەلامدا دەپرسی: کام خنکاو؟

: لەڕاسـتیدا کـەس نـەخنکاوە ، بـەلام مـن دەتـوانم ڕۆڵـی کەسـێکی خنکـاو بگێـڕم ، خـۆم هەڵدەدەمە نێـو ئاوەکـە و بەڕێزیـشت لـەبینینی دیمـەنی کەسـێك کەخەریکـە دەخنکێـت ، بەهرەمەنـد دەبیـت. ئـەم نمایـشە بەرلـەوەی خـەم و خەفـەت بداتـە مـرۆڤ ، بـەهۆی تایبەتمەندی و لایەنە کۆمیدیەکەیەوە ، زیاتر جێگـای گاڵتـەجاڕی و پێکەنینـە ... بـەڕێز بازرگانباشی ، ئێستا بۆم هەیە دەست بە نمایشەکەم بکەم؟

: من بازرگانباشی نیم.

: ببوره ... لەم سەردەمەدا بازرگانەکانیش جل و بەرگی ڕۆشنبیرەکان لەبەر دەکەن ، تەنانەت وای لێ هاتوە حەزرەتی نوحیش نەتوانێ پاك و پیس لەیەکتر جیاکاتەوە. ئێستاش کە بەڕێزت ڕۆشنبیری ، باشتر! ... دەتوانین باشتر لەزمانی یەکتر تێبگەین ... من نەجیبزادەیەکم ... باوکم ئەفسەری سوپا بو ، خۆشم دیاری کرابوم بۆ کارمەندی دەوڵەت ... وەئێستاش ... پایەبڵندی بەڕێز! ئەم خزمەتکارەی دونیای هونەر لەخزمەت تۆدایە ... زەرگەیەك بۆ ناو ئاوەکە و بینینی دیمەنی ڕاستەقینە و زیندوی کەسێك کەخەریکە دەخنکێت ...

: نا ، سوپاس ...

: ئەگەر لەبەر زۆری پارەکەتە! پێمخۆشە لەئێستاوە خەیاڵت ئاسودە بکەم! ... زۆرت لێ وەرناگرم ... بەپێڵاوەوە دو ڕۆبڵ و بێ پێڵاو یەك ڕۆبڵت لێ وەردەگرم! ...

: ئەم جیاوازیە زۆرە لەبەر چیە؟

: لەبەر ئەوەی پێڵاو گرانبەهاترین بەشی پۆشاکی مرۆڤە و ئەگەر تەڕیش بێت ، وشك کردنەوەی کارێکی دژوارە و کاتێکی زۆری دەوێ ، دەڵێی چی! دەست پێبکەم؟

: نا گیانەکەم ، من بازرگان نیم و ئارەزوی بینینی ئەو جۆرە دیمەنە ترسناکانەشم نیە.

: هم ... پێدەچێ بەڕێزت باش لە شتەکە حاڵی نەبوبیت ... تۆ پێتوایە من دەمەوێ دیمەنی نمایشێکی ترسناك وکارەساتبارت نیشان بدەم؟ بەپێچەوانەوە دیمەنێکی ئەوپەڕی جێگای پێکەنین و شادی بەڕێزت دەبێ! دیمەنی مرۆڤێك ، کە بەجل و بەرگەکانی بەریەوە مەلە دەکات و هەوڵ دەدات بەسەر شەپۆلەکاندا زاڵ بێت و خۆی لە خنکان ڕزگار بکات ، بەڕاستی دیمەنێکی جێگای پێکەنینە. منیش لەو نێوەدا شتێکم دەسدەکەوێ.

: لەبری ئەنجامدانی ئەم نمایشانە ، باشتر نیە بەدوای کار و کاسبیەکی ڕاستەقینەدا بگەڕێی؟

: کار و کاسبی دەفەرموی ؟ کام کار و کاسبی؟ بەهۆی زۆر خواردنەوەوە کارێکم وەگیر ناکەوێ کە لە شانوشکۆی نەجیبزادەیەکی وەك من بوەشێتەوە و باوەڕیشم نیە لەم ڕۆژگارەدا پشت و پەنایەکت نەبێ کارت بدەنێ. جگە لەوەش بەهۆی پێگەی بەرزی بنەماڵەییمەوە ناتوانم هەندێك کاری ئاسایی لەچەشنی کرێکاری و ئەمانە بکەم.

: چارەی دەردی تۆ ئەوەیە واز لە (پێگەی بەرزی بنەماڵەیی) بهێنیت و لەبیر خۆتی بەریتەوە.

کابرا ، بەشانازیەوە سەری بەرز ڕادەگرێ و زەردەخەنەیەك دەدا بەڕوی کارگوزارەکەدا و دەپرسێ: گوتت واز لەپێگەی بنەماڵەیی خۆم بێنم و لەبیر خۆمی بەرمەوە؟ ئەویش لەکاتێکدا باڵندەیەك ناتوانێ واز لە ئەسڵ و نەسەبی خۆی بێنی و لەبیر خۆی بەرێتەوە! نەجیبزادەیەکی وەك من چۆن دەتوانێ ڕەگ و ڕەچەڵەکی خۆی فەرامۆش بکات؟ ڕاستە هەژار و جل و بەرگ دڕاو و شڕم ، بەلاّم غروووورم هەیە غروووور! ... شانازی بەخوێنی ڕەسەنی خۆمەوە دەکەم.

: پێم سەیرە کە غرورت نابێتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی کە ئەم نمایشانە وەڕێ نەخەی؟

: ئیدی لەمەیاندا شەرمەندەم! ئەم وەبیر هێنانەوەیەی بەڕێزت ، نیشاندەری ڕاستیەکی تاڵە. نیشانەی ئەوەشە کە بەڕێزت کەسێکی زرینگ و خوێندەواری ، بەلاّم تاوانبارێکیش بەرلەوەی سزای لەسێدارەدانی بەسەردا بچەسپێنن ، گوێ لەقسەکانی دەگرن ... بەڵێ ڕاستە کە زۆر کەس هەن عیزەتی نەفسیان خستۆتە ژێر پێیانەوە و بۆ بەخێرهێنانی هەندێك بازرگان ئامادەن گژوگیا لە سەر و کەللەیان هەڵسون. یان ڕوخساری خۆیان بەتەنوی حەمام ڕەش بکەن تا وەك شەیتان بنوێنن. یان دەچن جل و بەرگی ژنان لەبەردەکەن و هەزار و یەك کردەوەی بێ تام دەکەن و خۆیان سوك و چروك دەکەن . بەلاّم من ... لەم کار و کردەوە سوکانە بێزارم! بەهیچ نرخێك ئامادە نیم بۆ بەخێرهێنان و دڵخۆش کردنی بازرگان و کەسانی لەم بابەتە ، بچم گژوگیا ، یان تەنانەت شتێکی لە گژوگیا باشتریش ، لەسەر و کەللەی خۆم هەڵسوم! من ئەنجامدانی نمایشی کەسێکی خنکاو بەکارێکی ناپەسند و نەشیاو نازانم ... ئاو ، مادەیەکی پاك و خاوێنە ... کاتێ مرۆڤ خۆی لەنێو ئاودا نقوم دەکات ، جەستەی پاك دەبێتەوە. زانستی پزیشکیش ڕاستی ئەم تێڕوانینەی من دەسەلمێنی ... بەهەرحاڵ ، زۆرت لێ وەرناگرم ... بەپێلاّوەوە دو ڕۆبڵ و بێ پێلاّو یەك ڕۆبڵ ...

: نا گیانەکەم ، پێویست ناکا ...

: ئاخر لەبەرچی پێویست ناکا؟

: پێمگوتی پێویست ناکا و تەواو ...

: ئەی خۆزگە دەتبینی چۆن خۆم دەخەمە ئاوەکەوە و چۆن ئاو قوت دەدەم و نقوم دەبم! ... لەمسەر بۆ ئەوسەری ئەم دەریاچەیە بگەڕێی ، کەسێکی ترت دەسناکەوێ وەك من خۆی نقوم بکات ... ئەو کاتەی کە خۆم دەمرێنم ، تەنانەت دکتۆرەکانیش دەکەونە شك و گومانەوە ئاخۆ ماوم یان نا! ... باشە کاکە بێنە شەست کۆبیکم بدەرێ ، ئەویش لەبەر ئەوەی کە ئەمڕۆ هیچم دەسنەکەوتوە گەرنا لەسێ ڕۆبڵ کەمتر لە هیچ کەسێك وەرناگرم.

بەلاَم تۆ لەقەد و قیافەتەوە دیارە کـە کەسـێکی باشـیت ... لەبەرئـەوە کـەمتر لـە بـەرێزت وەردەگرم ...

: تکایە لێم گەڕێ با بۆخۆم بڕێك ئاسودەبم!.

: کەیفی خۆتە! ... خۆت بەرژەوەندی خۆت باشتر دەزانی ... بەلاَم دەترسێم دواتـر بـە دە ڕۆبلێش نەتوانی دیمەنی نقوم بون و خنکانی کەسێك لەنێو ئاودا ببینی.

دوای ئەم قسانە ، بڕێك لە کارگوزارەکـە دور دەکەوێتـەوە و دادەنیـشێ و بەشـپرزەییيەوە دەکەوێتە گەڕان بەنێو گیرفانەکانیدا ...

: هم ... شەیتان بەنەفرەت بیت ... باشە توتنەکەم چی بەسـەرهات؟ دەڵێـی لـەبیرم چـوە! ... لەگەڵ ئەفسەرێکدا کەوتمە مشتومڕی سیاسیەوە و لەتوڕەییان قوتوی جگەرەکەم لـەبیر چو ... نازانم تۆ ئاگاداری باردۆخی ئینگلتەرایت یـان نـا! خـەریکن قـسە لـەبارەی گـۆڕینی کابینـەی حکومەتـەوە دەکـەن ... خـەڵکیش قـسەی سـەیر سـەیر دەکـەن! ئـەرێ بـەڕێزم جگەرەت پێنیە؟

کارگوزار ، جگەرەیەك دەداتە کابرا.

لەم کاتەدا بازرگانی خاوەن بار – ئەو کەسەی کە کارگوزارەکە چاوەڕوانی دەکرد – بـەرەو لای ئەمان دێت.

کـابرای ڕۆلگێـری خنکـان ، بەپەلـە لـەجێگای خـۆی بلّنـد دەبـێ و جگەرەکـەی لـەقۆڵی چاکەتەکەیدا دەشـارێتەوە و سـلاَوێکی سـەربازی دەکـات و بـەدەنگێکی کـەرخ و نوسـاوەوە دەڵێ: سلاَو لە گەورەی بەڕێزم.

کارگوزارەکــەش ڕو دەکاتــە بازرگانەکــە و دەڵــێ: ســەرەنجام هــاتی؟ ماوەیــەکی زۆرە چاوەڕوانتم! تا تۆ هاتی ئەم کابرایە گۆڕی ئەژدادی دەرهێنام! بـەو نمایـشانەیەوە دەس لـە سەرە کەچـەڵەکەم هـەڵناگرێ! دەڵـێ شەسـت کۆبیکم بـدەنێ دەچـمە نێـو ئاوەکـە و ڕۆڵـی کەسێکتان بۆ دەگێڕم کە خەریکە دەخنکێت ...

: شەست کۆبیك؟ دەترسێم زیاد بکات برا! پێموایە هـەقی ئـەم جـۆرە کارانـە هـەر بیـست وپێنـج کۆبیکە! ... دوێنێ سی کەس بەشێوەیەکی بەکۆمەڵ ڕۆڵـی نقـوم بـونی گەشـتیارانی نێوکەشتیەکیان گێڕا و تەنیا پەنجا کۆبیکیشیان وەرگـرت ... تەماشـا! ... شەسـت کۆبیـك! بەخوا برا من لەسی کۆبیك زیاترم پێنادرێ.

کابرا ، هەردو گوپی خۆی پڕ لەهەوا دەکات و زەردەخەنەیەك دەکات و دەڵێ: سی کۆبیـك؟ ... بەنرخی تۆپە کەلەمێك نمایشی خنکانتان بۆ بکەم؟ ... واز بێنە کاکە! ...

: دەکەوایە لێی گەڕێ ... حەوسەلەی ئەو جۆرە شتانەم نیە ...

: باشە قەیناکا ... ئەمڕۆ هیچم نەکردوە گەرنا ... بەس توخوا لای کەس باسی مەکەن و مەڵێن سی کۆبیکم وەرگرتوە!

دوای ئەم قسانە ، پێڵاوەکانی دادەنێ و خۆی هەندێك گرژ دەکات و سەری خۆی بەرز دەکا و بەرەو دەریاچەکە دەچێ و زەرگەیەکی نەزانانە بۆ نێو ئاوەکە لێدەدا ... شڵپەیەکی گەورە لەئاوەکەوە هەڵدەستێ ... ساتێك دواتر دێتەوە سەر ڕوی ئاوەکە و نەزانانە دەست و پێ دەکوتێ و دەیەوێ لاسایی کەسێك بکاتەوە کە خەریکە دەخنکێ و خۆی وەك مرۆڤە ترساوەکان نیشان دەدا ... بەلاّم لەجێگای نیشاندانی ترس و تۆقین ، لەسەرمان هەڵدەلەرزێ ...

کابرای بازرگانیش هاوار دەکا: خۆت نقومکە! خۆت نقومکە! دەی خۆت نقومکە! ...

کابراش ، سەیرێکی دەکات و قۆڵەکانی لێك بلاّو دەکاتەوە و خۆی لەئاوەکەدا نقوم دەکا.

ئەمە هەمو نمایشەکەیەتی!

دواتر ، دوای نقوم بون ، لەئاوەکە دێتە دەرێ و سی کۆبیك وەردەگرێ و بەلەرزە لەرز لەوێ دور دەکەوێتەوە.

سەرچاوە / مجموعە اسار چخوف / داستانهای کوتا / ترجمە سروژ استپانیان / انتشارات توس.

# شكان

**بای زیائۆ یی**

**کابرای خانەخوێ ، چای لە فنجانان کردن و لەسەر مێزە نزمەکەی بەردەم میوانەکانی دانان کە باوك و کچێك بون و بۆخۆشی وەك ئەوەی کە لەناکاو شتێکی وەبیر هاتبێتەوە ، ترمۆزە چایەکەی هەر بەو شێوەیە لەسەر مێزەکە جێهێشت و بەخێرایی بەرەو ژوری گەنجینەکە – کە کەوتبوە تەنیشت ژوری میوانان - وەرێکەوت.**

**دەنگی خشەخشی ڕاکێشانی جەکمجە و شتی لەو جۆرە دەهاتە بەرگوێی میوانەکان.**

**میوانەکان لە ژوری میوانان دانیشتبون.**

**کچە تەمەن دە ساڵەکە ، لەپەنجەرەکەوە دەیڕوانیە ئەو گوڵانەی کە لە دیوی دەرەوە و لەسەر پەنجەرەکە دانرابون.**

**باوکەکە ، دەستی درێژ کرد تا فنجانە چایەکەی هەڵگرێ ، لەو ساتەدا زرمەیەك هات و ترمۆزە چایەکەی سەر مێزەکە بەربۆوە و شکا.**

**کچۆڵەکە ، بەحەپەساویەوە ڕوانی.**

**هیچ کامیان دەستیان بۆ نەبردبو ، تەنانەت جەستەشیان بەری نەکەوتبو . پێدەچو خاوەنماڵ بەباشی لەسەر مێزەکەی دانەنابێ.**

**دەنگی شکانی ترمۆزەکە ، بوە هۆی ئەوەی کە کابرای خاوەنماڵ بەهەڵەداوان و حەپەساویەوە بە قوتوە شەکرێکەوە ، بگەڕێتەوە ژوری میوانان.**

**ڕوانیە سەرزەویەکە ، هەڵمی لێهەڵدەستا ، خێرا خێرا دەیگوت : گرینگ نیە! گرینگ نیە! هیچ گرینگ نیە.**

باوكەكە ، ویستی قسە بكات ، بەمنگە منگێكەوە گوتی : ببورە نەمزانی ، دەستم بەری كەوت ، بۆیە بەربۆوە و شكا.
خاوەنماڵیش لەوەلآمدا گوتی : گرینگ نیە.

★ ★ ★

كاتێ میوانەكان گەڕانەوە ماڵێ ، كچەكە ، بەباوكی گوت: بابە ئەرێ هەر بەڕاستی دەستت بەر ترمۆزەكە كەوت؟
: نەخێر ، بەلآم لەنزیكمەوە بو.
: ڕاستە لێت نزیك بو ، بەلآم دەستت بەری نەكەوت ، چونكە من وێنەی تۆم لە شوشەی پەنجەرەكەوە دەبینی ، بێدەنگ و بێجوڵە دانیشتبویت.
باوكە ، بەپێكەنینەوە گوتی : ئەدی كەوایە بۆچی بەربۆوە؟
: بۆخۆی بەربۆوە ، بەڕێز (لی) بەجوانی لە سەر مێزەكەی دانەنابو .، تۆ لەبەرچی گوتـــــــــــــــت مــــــــــــــــن بەرمداوەتـــــــــــــــــــــەوە؟

: كچی خۆم سودی نەبو ، بۆیە گوتم من بەرمداوەتەوە چونكە ئاوا زیاتر جێگەی باوەڕە ، ئەم قسەیەت باشتر لێوەردەگرن ، چونكە هێندێك جار كاتێ بەڵگە بۆ شتێك دێنیتەوە ، یان نكولی لە شتێك دەكەی ، هەرچەندە ڕاستیش بێت ، بەلآم كەمتر وایە باوەڕت پێبكەن.

كچەكە بێدەنگ بو و دوای ماوەیەك گوتی : تەنیا ئەم ڕێگایە هەیە؟
: بەڵێ كچم تەنیا ئەم ڕێگایە هەیە.

سەرچاوە / كومەڵە چیرۆكی / داستان ناگهان / ترجمە اسدالله امرایی/ نشر سالی 1381

## مەدالیای سەربەرزی

### گی دو مۆپاسان

( ساکیرمان) ، هەر لە تەمەنی منداڵیەوە ، جگە لەخەیاڵی وەرگرتنی (مەدالیای سەربەرزی) ، هیچ ئارەزویەکی تری لەسەردا نەبو. کاتێ منداڵ بو ، چەشنی منداڵانی تر کە کلاوێکی لێواردار دەکەنە سەریان ، خاچێکی مەیلەو سپی لەشێوەی مەدالیای سەربەرزی (لژیۆن دونۆر) ی دەکرد بەملیەوە و سینگە بچوکەکەی - کە بەشریتێکی سور و ئەستێرەیەکی کانزایی ڕازابۆوە – ڕەپێش دەکرد و بەغرور و لەخۆباییبونەوە ، دەستی دەدایە دەستی دایکی و بەکۆڵانەکاندا دەڕۆیشت.

لەکۆتایی خوێندندا ، لەتاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ ، ئەنجامەکانی زۆر خراپ بون ، دواتر هەرچۆنیك بو قۆناغی ناوەندی بەسەرکەوتویی بڕی و دواتر نەیدەزانی چی بکات ، لەبەرئەوەی هەلومەرجی ژیانی باش بو ، لەگەڵ کچێکی جواندا زەماوەندی کرد.

هەردوکیان لەپاریس ، بە بێئەوەی لەگەڵ خەڵکانی تردا تێکەڵ بن ، وەك بەگزادان دەژیان. جگە لەچەند کەسانێك نەبێ کە بەپێڕی خۆیان دەزانین ، لەگەڵ کەسیی تردا تێکەڵ نەدەبون. بۆنمونە لەو کەسانە ، یەکێکیان نوێنەری مەجلیس بو و لەوانەبو دواتر ببێتە وەزیر و هەروەها لەگەڵ دو کەسی تر کە لە فەرماندە گەورەکانی سوپا بون.

ئـەو هیـوا و ئاواتـەی کـە لەسـەردەمی منداڵیـەوە مێـشکی بـەڕێز سـاکیرمانی بەخۆیـەوە سەرقاڵ کردبو و بەردەوام خەفـەتی پێوە دەخـوارد ئـەوەبو کـە نـاتوانێ شـریتێکی سـوری باریك ، بکات بەیەخەی چاکەتەکەیەوە ، تا خەڵك ببینن و پێی سەرسام بن.

هەرکاتێ لە شەقام و بازاڕدا ، کەسێکی بینبـا مـەدالیای نیـشانەی سـەربەرزی بـە یەخـەی چاکەتەکەیەوە کردوە ، وەك ئەوەبو دونیای بەسەردا ڕوخابێ. بەداماوی و ئێرەییـەکی پـڕ لەخەمەوە بەتیلەی چاو ، سەیری دەکرد.

زۆر جاران ، لەکاتی بێکاری پاش نیوەڕۆیاندا ، دەکەوتە ژماردنی ئەو کەسانەی کە خاوەنی مەدالیای سەربەرزی بون و بەخۆی دەگوت: ( بـابزانم لەشـەقامی (مـادلین) وە تـا کـۆڵانی (درۆئۆ) ، دەگەمە چەند کەس کە خاوەنی مەدالیای سەربەرزین).

ئەوسا ، هێواش هێواش دەکەوتەڕێ و چاوی دەبڕیە جل و بـەرگی ڕێبوارەکـان و تەنانـەت هێنـدە چـاوی تامـەزرۆ بـو ، هـەر لـەدورەوە خـاڵی سـوری بەدیـدەکرد. سـەرەنجام کـاتێ دەگەیـشتە شـوێنی مەبەسـت ، سـەری لـەو ژمـارە زۆرەی خـاوەن مـەدالیاکان سـوڕ دەمـا و بەخۆی دەگوت: ( ئەی بابە! هەشت ئەفسەر و حەڤدە ڕەسەنزادە! یـەجگار زۆرە! بەڕاسـتی بەخـشینی مـەدالیای سـەربەرزی بـەم شـێوە هەڕەمـەکی و بەربڵاویـە کـارێکی گەمژانەیـە! ئێستا بابزانم لەگەڕانەوەدا توشی چەند کەس دەبم؟).

ئەمجار هێـواش هێـواش ، بەهـەمان ڕێگـادا دەگەڕایـەوە ، کـاتێ وردە وردە ئـاپۆرای خـەڵك زیادی دەکرد و دەبونە بەربەست لەبەردەمیدا و ژمارەی خاوەن مەدالیاکانی لێ تێك دەچو ، خەمێکی قورس دایدەگرت.

چەند گەڕەکێك کە ژمارەیەکی زۆر خاوەن مەدالیای لێبون ، شارەزابو. خـاوەن مـەدالیاکان زیاتـر لە (پالێ ڕویاڵ) ، دەبینـران.

شـەقامی (ئـۆپێرا) ش ، هیـچی لـە کـۆڵانی ( ئاشـتی) کـەمتر نـەبو. هاتوچۆشـیان لـەلای شـەقامەکەوە زیـاتر لـەلای چـەپەوە بـو. پێدەچـو خـاوەن مـەدالیاکان چـونە کـاڤێ و شـانۆ تایبەتیەکانیان بەلاوە باشتر بێ.

هەرکاتێ ساکیرمان کۆمەڵێك لەو پیرەمێردە سەر و ڕیش سپیانەی دیتبـا کـە لەناوەڕاسـتی شۆستەکە ڕادەوەستان و ڕێگای هاتوچۆیان لەخـەڵکی دەگـرت ، بـەخۆی دەگـوت: ( ئەمانـە ئەفسەرانی خاوەن مەدالیای لژیۆن دونۆرن) و حەزی دەکرد سڵاویان لێبکات.

هەستی بـەوە کردبـو ئەفسەرە خـاوەن مـەدالیاکان ڕەفتاریـان جیـاوازە لـە ڕەسـەنزادەکان. شێوازی هێمنی و توڕەیشیان لەوان ناچێ. زۆر بەڕونی دەبینـرا کـە خـەڵکی زیـاتر ڕێـز لـە ئەفسەرەکان دەگرن و زیاتـر بایەخیان پێدەدەن.

جاری واهەبو ڕقێکی سەیر ساکیرمانی دادەگرت ، ڕقێکی توند لەهەمو ئەو کەسانەی خاوەنی مەدالیای سەربەرزی بون. هەستیدەکرد ڕق و نەفرەتێکی لەشێوەی سۆسیالیستەکانی سەبارەت بەوان لەدڵدایە.

ئەمجار لەکاتی گەڕانەوەدا ، تورە و نیگەران ، لەداخی بینینی ئەو هەمو مەدالیای سەربەرزیە بە بەرۆکی خەڵکیەوە ، چەشنی هەژارێکی برسی ، لەدوای تێپەڕین بە بەردەم دوکانییێکی خۆراکدا ، دەخرۆشا: ( ئاخر دەبێ کەی لەم بارودۆخە نالەبارە ڕزگارمان بێت؟).

ژنەکەشی مات و سەرسام لێی دەپرسی: ها! چیە! چیتە ئەمڕۆ؟

ئەویش لەوەڵامدا دەیگوت: (جا دەتەوێ چ بێ؟ لەداخی ئەو هەمو نابەرابەریەی لەهەمو شوێنێ بەرچاوم دەکەوێ ، وەتەنگ هاتوم. بۆم دەرکەوتوە کە کۆمۆنارەکان لەسەر هەق بون).

دواتر دوای خواردنی نانی ئێواریێ ، دەڕۆیشتە بەردەم یەکێك لەو دوکانانەی مەدالیایان دەفرۆشت و لەبەردەمیدا ڕادەوەستا ، بەوردی سەیری مەدالیا جۆراو جۆرەکانی دەکرد. حەزی دەکرد هەمویان ئی وی بان و لەجەژنێکی گشتی و لە هۆڵێکی پڕ لە حەشیمەتی حەپەساودا ، بەسینگی خۆیانەوە بکات و بەبەردەمیاندا بێت و بچێ و سینگی بە جۆرەها مەدالیا ، کە بەجوانی ، بەپێی شکڵ و ڕەنگ ، ڕیز کرابن ، بدرەوشێتەوە و لەحاڵێکدا کە کلاوێکی درێژی بەکەلەکەیەوە گرتوە ، چەشنی ئەستێرەیەکی درەوشاوە ، بەنێو ئەو خەڵکەی کە بەسرتە ، ستایشی گەورەیی و لێوەشاوەیی ئەو دەکەن ، بێت و بچێ.

بەداخەوە ساکیرمان هیچ پلە و پایەکی ئەوتۆی نەبو تا بتوانێ مەدالیایی پێ وەدەست بخا.

بەخۆی دەگوت: ( وەدەستهێنانی مەدالیای لژیۆن دونۆر ، بۆ ئەو خەڵکانەی کە هیچ جۆرە پلە و پایەیەکی دەوڵەتیان نیە ، کارێکی دژوارە. چۆنە خۆم وابەستەی فەرهەنگستان بکەم؟).

بەڵام نەیدەزانی بە چ شێوەیەك خۆی بگەیەنێتە ئەو پلەیە؟

ئەم بابەتەی لەگەڵ ژنەکەیدا هێنایە گۆڕێ و ئەویش بەسەرسوڕمانەوە پرسی: (وابەستەی فەرهەنگستان؟ بۆ تۆ چ کارێکت کردوە تا ببیە خاوەنی ئەو پلە و پایەیە؟).

ئەویش تورە بو و گوتی: ( ئاخر تۆ بۆ لەقسەکانم تێناگەی؟ من لەتۆم پرسی چی بکەم بۆ گەیشتن بەو پلەیە؟ بەڕاستی تۆ هەندێك جار زۆر گەمژە دەبیت!).

ژنەکەشی زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: ( هەق بەتۆیە! بەلام من هیچ ڕێگا چارەیەکم بەمێشکدا نایەت).

بیرێك بەمێشکی بەڕێز ساکیرماندا هات و بەژنەکەی گوت: ( چۆنە تۆ لەوبارەیەوە قسە لەگەڵ بەڕێز (ڕۆسلین) ی نوێنەری مەجلیس بکەیت؟ ئەو دەتوانێ ڕێنماییمان بکات. تۆ بۆخۆت دەزانی من ئەو بوێریەم تێدا نیە بتوانم لەو بارەیەوە قسەی لەگەڵدا بکەم. کارێکی زۆر هەستیار و دژوارە ، بەلام ئەگەر تۆ ئەم باسەی لەگەڵدا بێنیتە گۆڕێ باشترە ، داواکاریەکی زۆر سادە و ئاسانە).

هاوسەرەکەی ساکیرمان ، بەقسەی مێردەکەی کرد.

ڕۆسلین ، بەڵێنی دایە کە لەو بارەیەوە لەگەڵ وەزیردا قسە بکات. ئەمجار بەڕێز ساکیرمان ڕۆسلینی وەتەنگ هێنا.

سەرەنجام ڕۆسلینی نوێنەری مەجلیس ، وەلامی دایەوە و پێی ڕاگەیاند کە دەبێ داواکاریەك بەرز کاتەوە و تیایدا پلەوپایەی خۆی تێدا بنوسێ.

پلە و پایە؟ چ پلە و پایەیەك؟ خۆ ئەو بڕوانامەی شەشی ناوەندیشی نیە!

بەم شێوەیە دەستیکرد بەنوسینی نامەیەك لەژێر ناوی ( ماف خەڵك لە پەروەردە دا) ، بەلام بەهۆی نزمی ئاستی زانستیی بابەتەکەیەوە ، سەرکەوتو نەبو.

دواتر ، کەوتە دوای چەند بابەتی ئاسانتر و لێکدا لێکدا بابەتی تری دەنوسین. سەرەتا بابەتێکی لەبارەی (بارهێنان و پەروەردەی منداڵان لەڕێگای بینینەوە) ، نوسی و تیایدا هاتبو: (دەبێ جۆرێك لە شانۆی خۆڕایی ، لەگەڕەکە هەژارنشینەکاندا ، بۆ منداڵان نمایش بکرێ و باوکان و دایکان هەر لەتەمەنێکی کەمەوە منداڵەکانیان بەرنە ئەوێ و بەهۆی کامیراوە فێری کۆمەڵێك زانیاری بکرێن). هەروەها تیایدا هاتبو: (ئەمە فێرکردنێکی واقیعیە. مێشك لەڕێگەی چاوەوە زانیاری کۆدەکاتەوە و وێنەو دیمەنەکان لەمێشکدا جێگیر دەبن. ئیدی بەم شێوەیە فێربون بۆ منداڵان ، دەبێتە خواستێکی هەست و دیتن.

دواتر ئەم بابەتەی چاپ کرد و سەرو یەك دانەی بۆ نوێنەرانی مەجلیس و دە دانەی بۆ هەر یەك لەوەزیرەکان و پەنجا دانەی بۆ سەرۆك کۆمار و دە دانەی بۆ هەریەك لەڕۆژنامەکانی پاریس و پێنج دانەشی بۆ ڕۆژنامەکانی دەرەوەی پاریس ، نارد.

دواتریش نامەیەکی سەبارەت بە دروست کردنی کتێبخانە گەڕۆکەکان نوسی و تێیدا هاتبو: ( دەبێ دەوڵەت چەندین عەرەبانەی چوار تایەی پڕ لەکتێب - وەك ئەو گاریە دەستیانەی کە سێو و پرتەقاڵی لەسەر دەفرۆشن – بەشەقام و کۆلانەکاندا بگێڕێ و هەمو

کەسێك ماڤی ئەوەی هەبێ مانگانە بە دانی بڕی ( 1 سو ) دە دانە کتێب ، بەکرێ وەربگرێت و بیخوێنێتەوە).

لەبەشێکیشیدا وەکو دەربڕینی بیروباوەڕی خۆی ، هاتبو: ( جەماوەر ، جگە لە سەرگەردانی گەشت و گەڕان ، هیچ زەحمەتیەکی تر نادەنە بەرخۆیان ، لەبەر ئەوەی ئەوان هیچ هەنگاوێك بەئاراستەی زانست و فێربون ، ناهاوێژن ، باشتر وایە زانست و فێربون بچێتە لای ئەوان ... و...

ئەم نامەیە ، هیچ دەنگدانەوەیەکی لێ نەکەوتەوە. بەم حاڵەوە بەڕێز ساکیرمان بەدوای داواکاریەکەی خۆی دەکەوت.

پێیان ڕاگەیاندبو کە بایەخ بەپێشنیارەکانی دەدەن و هەنگاوی پێویستی بۆ هەڵدەگرن. بەڕێز ساکیرمانیش ، پشت ئەستور بەخوا ، چاوەڕوان مایەوە. بەلاَم هیچ شتێك دیار نەبو. ئەمجارەیان بڕیاریدا بۆخۆی بەدوای بکەوێ ، داوای بینینی وەزیری پەروەردەی کرد ، یەکێك لەوکارمەندانەی کە لەنوسینگەی وەزارەتدا کاری دەکرد و پیاوێکی گەنجی بەڕێز بو و هەمیشە بۆ بانگ کردنی سکرتێر و دەرگەوانەکان و ئەندامانی تر ، وەك کەسێك کە پیانۆ لێبدا بەردەوام یاری بەقۆپچە سپیەکانی دەکرد. داواکاریەکەی قبوڵ کرد و لەگەڵ بەڕێز ساکیرماندا دانیشت.

ئەم بەڕێزە ، سوپاسی بەڕێز ساکیرمانی کرد و هانیدا و دەسخۆشی لێکرد کەهەنگاوێکی مەزنی ناوە و ئامۆژگاریشی کرد لەسەر هەمان ڕێچکەی کارکردن ، بەردەوام بێت.

بەڕێز ساکیرمانیش دوبارە دەسبەکار بۆوە.

ئێستا ، پێدەچو بەڕێز ڕۆسلینی نوێنەری مەجلیس لەکارەکانی ساکیرمان ڕازی بێت و هەربۆیە کۆمەڵێك ڕێنمایی و ئامۆژگاری باشی دایە.

ڕۆسلین بۆخۆشی خاوەنی مەدالیای سەربەرزی بو ، بەلاَم ڕون نەبو بەچ هۆکارێکەوە ببوە خاوەن مەدالیا.

ڕۆسلین ، داوای لە ساکیرمان کرد دەست بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی تازە بکات. هەروەها ئەوی بە چەندین ئەنجومەن ناساند ، کە پێکهاتبون لە زانایانێك کە بۆگەیشتن بەشانازی زانستی لەچەند بوارێکدا لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیان دەکرد. تەنانەت لە وەزارەتیش پاڵپشتی لێکرد.

جارێکیان کە بەڕێز ڕۆسلین بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ ، هاتبوە ماڵی دۆستەکەی ( چەند مانگێك بو بەردەوام لەماڵی ساکیرماندا نانی دەخوارد) ، بەگەرمیەوە دەستی گوشی و چرپاندی بەگوێیدا: (سەرەنجام توانیم خزمەتێکی گەورە بەبەڕێزت بکەم ، ئەنجومەنی

کاروباره مێژوییەکان پێشنیاری پێ کردوی لێکۆڵینەوەیەك لەسەر کتێبخانە جیاوازەکانی فەرەنسا بکەیت).

ساکیرمان ئەوەندە خۆشحاڵ بو ، نە نانی دەخوارد نە ئاو ، هەشت ڕۆژ دوای ئەوە ، بە مەبەستی دەسبەکار بون وەرێکەوت.

شار بە شار دەگەڕا و کارەکانی خۆی لەسەر کتێبخانەکان دەبردە پێش. لەنێو عەمبارە پڕ لەکتێبە تۆزاویەکاندا دەکەوتە گەڕان. شەوێکیان کە ئیدی زۆر ماندو ببو و وەگیان هاتبو ، ویستی بگەڕێتەوە شارەکەی خۆی و بچێتەوە لای ژنەکەی - کە نزیکەی هەفتەیەك دەبو بەجێیی هێشتبو – حەزی دەکرد بگەڕێتەوە بۆ لای و بیگرێتە باوەش .

کاتژمێر نۆ سواری شەمەندەفەرێك بو. دەبوایا لای نیوە شەوێ بگاتەوە ماڵ. بۆخۆی کلیلی ماڵێی پێبون. بێ دەنگ وەژور کەوت ، کاتێ لەمێشکی خۆیدا ئەوەی هاتە بەرچاو کە ژنەکەی چەندە بەم دیدارە چاوەڕوان نەکراوە شاگەشکە دەبێ ، مچوڕکی پێدا دەهات.

ژنەکەی دەرگاکەکەی لە ژورێڕا داخستبو ... سەیرە! ... ناچار بانگی کرد: ژان! بیکەرەوە منم ...

دیاربو ژنەکەی زۆر ترسابو ، دەنگی هاتنەخوارەوەی لە سەر چارپاکە کەوتە بەرگوێ و چەشنی ئەو کەسانەی کە خەون دەبینن ، لەبەرخۆیەوە قسەی دەکرد. دواتر گوێی لە دەنگی قاچی ژنەکەی بو کە بەرەو ژوری ئارایشت کردنەکەی کەوتەڕێ ، دەرگاکەی کردەوە و پاشان دایخستەوە و چەند جارێك بەپێخواسی ئەمسەر و ئەوسەری کرد و مۆبڵەکانی کە دەنگێك لەبەشە شوشەییەکانیەوە دەهات ڕێکخست و پاشان پرسی: ئەها ئەلیکساندەر ئەوە تۆی؟

بەڕێز ساکیرمان وەڵامی دایەوە: بەڵێ گیانەکەم خۆمم ، دەرگاکەم لێ بکەرەوە!

دەرگاکە کرایەوە ، خانم بە ڤیژەیەکی شادەوە ، پەلاماری ساکیرمانیدا و بەسینگی خۆیەوە نوساند و گوتی: بەڕاستی منت ترساند! چ دیاریەك! چ شادیەك!

ئەمجار بەڕێز ساکیرمان ، بەو شێوازەی کە لەسەری ڕاهاتبو ، دەستیکرد بەدانانی جل و بەرگەکانی خۆی و لەو ساتەدا لەسەر یەکێك لەکورسیەکان چاوی بە باڵتۆیەك - کە دەبوایا لە ساڵۆنەکەدا هەڵواسرابا – کەوت. هەڵیگرت و لێی ورد بۆوە ، لەناکاو ڕوخساری تێك چو و پەشۆکا.

لەسەر شوێنی قۆپچەکان ، چاوی بە شریتێکی سور کەوت.

ساکیرمان زمانی گیرا و بەپڵتەپڵت گوتی: ئەها ... مەدالیایان ... بەم باڵتۆیەوە ... دوریوە!

لەوكاتەدا ژنەكەی بەتەكانێك گەیشتە سەری و پەلاماری باڵتۆكەیدا و بەهەردو دەستی گرتی و گوتی: نا ... نا ... لەهەڵەدای! كوا بێنە بیدەرە من!

لەحاڵێكدا كە ساكیرمان حەپەسابو و قۆڵێكی باڵتۆیەكەی بەدەستەوە بو و بەری نەدەدا ، گوتی: ها! چۆن؟ چۆن؟ بۆم ڕون كەرەوە! خۆ ئەمە باڵتۆی من نیە! ئەی ئەم مەدالیای لژیۆن دونۆرە چیە پێیەوە؟

خانم - كە دەستەپاچە و پەشۆكاو بو - لێكدا لێكدا دەیگوت: گوێ بگرە ، گوێ بگرە!... بێنە ئەمەم بدەرێ ... ناتوانم ئێستا پێتی بڵێم! ... ئەمە ڕازێكی تێدایە ... گوێ بگرە ...

بەلاّم ساكرمان وردە وردە خەریكبو تورە دەبو و ڕەنگی بەڕوخسارەوە نەدەما ، گوتی: من دەمەوێ بزانم ئەم باڵتۆیە لێرە چ دەكا؟ خۆ ئەم باڵتۆیە هی من نیە! ...

ئەمجارەیان ژنە بەسەریدا قیژاند و گوتی: بۆچی ! بێدەنگبە و گوێ بگرە ... شانازی وەرگرتنی مەدالیات پێبڕا!

ساكیرمان ، لەخۆشی بیستنی ئەو هەواڵە خۆشە نەیدەزانی چی بكات ، تەكانێكی دا و كەوتە نێو كورسیەكەوە و گوتی: من ... من ... مەدالیییام ... وەرگرت!.

: بەلێ ... بەلاّم ئەمە جارێ نهێنیە و كەس نازانێ ...

لەو ماوەیەدا ، خانم باڵتۆیەكەی هەڵگرتەوە و بەلەرزە لەرز و ڕەنگێكی پەڕیوەوە ، گەڕایەوە لای مێردەكەی و دوبارە گوتی: بەڵێ ئەو باڵتۆیە تازەیە و خۆم بۆتم كڕی و ناردم مەدالیاكەیان بۆ پێوە دوریت ... بەلاّم سوێندم خواردبو لەو بارەیەوە هیچت پێنەڵێم تا مانگێك یان ئەوپەڕی مانگ و نیوێكی تر بەفەرمی وەرگرتنی مەدالیاكەت ڕانەگەیەنرێ. دەبێ ئەو كارەی كەپێیانسپاردوی بەئەنجامی بگەیەنیت ، بڕیاربو لە گەڕانەوەدا ئاگادار بكرێیتەوە ... بەڕێز ڕۆسلین ئەم نیشانەیەی بۆ وەرگرتوی.

ساكیرمان - كە لەخۆشیان دەست و قاچی خۆی لەیەكتر جیا نەدەكردەوە - گوتی: بەڕێز ڕۆسلین ... خۆشی مەدالیای هەیە ... مەدالیای ... بۆمنیش وەرگرت ... ئاه ...

ناچاربو پەرداخێك ئاو بخواتەوە.

پارچە كاغەزێكی بچوك ، لەگیرفانی باڵتۆكەوە كەوتبوە خوارێ. ساكیرمان چاوی پێكەوت و هەڵیگرتەوە و سەیری كرد ،كارتی ناو بو ، لەسەری نوسرابو: (ڕۆسلین — نوێنەری مەجلیس).

ژنەكەشی گوتی: ئەها! ... نەمگوت ...!

ساكیرمانیش لەخۆشیان لەپرمەی گریانیدا.

دوای هەشـت ڕۆژ ، لەڕۆژنامەیـەکی فەرمیـەوە ڕاگەیـەنرا: بـەڕێز سـاکیرمان لەئـەنجامی خزمەتە دڵسۆزانەکانیدا بوە خاوەنی مەدالیای ( لژیۆن دونۆری ڕەسەنزادان).

سەرچاوە / تپلی و چند داستان دیگر / ترجمە محمد قازی / نشر امیر کبیر

# منداڵانیش غەیرە نیزامین

**هاینرش بۆڵ**

**پاسەوانەکە ، بەنیگەرانیەوە گوتی: ناکرێ.**

**پرسیم: لەبەرچی ناکرێ؟**

**: لەبەرئەوەی قەدەغەیە.**

**: لەبەرچی قەدەغەیە؟**

**: قەدەغەیە لەبەرئەوەی قەدەغەیە! چونەدەرەوە بۆ نەخۆشەکان قەدەغەیە!.**

**: بەڵام خۆ من ... لەبریندارەکانم.**

**: دیارە یەکەم جارتە بریندار دەبی! ئەگینا دەتزانی بریندارەکانیش بەشێکن لە نەخۆشەکان! دەبڕۆ وازبێنە دەی.**

**بەڵام من نەمدەتوانی دەسبەردار بم.**

گوتم: تکات لێ دەکەم لێم تێبگە! تەنیا دەمەوێ هەندێك شیرنیی لەو کچۆڵەیەی کە لەوێ ڕاوەستاوە ، بکڕم. بەدەستیش ئاماژەم بۆ کچە بچکۆلە ڕوسەکە کرد کە لەدەرێ و لەبەر ئەو بەفر و کڕێوەیەدا ، ڕاوەستابو و شیرنیی دەفرۆشت.
پاسەوانەکە گوتی: گوتم بڕۆ وازم لێ بێنە.

بەفر ، هێدی هێدی ، لەنێو حەوشەی خوێندنگاکەدا بارستایی دەکرد. کچۆڵەکەش بەدەنگێکی کز و لەسەرخۆ ، بۆ فرۆشتنی شیرنیەکانی ، بانگی دەکرد: (شیرنیی ... شیرنیی ..). بەپاسەوانەکەم گوت: دەمم ئاوی کرد! ئەگەر ناشهێڵی من بچم ، لەو کچە گەڕێ با ئەو بێتە ئێرە!.
: ڕێگا بە غەیرە نیزامیەکان نادرێ بێنە ژورێ.
گوتم: ئەی هاوار! خۆ ئەو تەنیا منداڵێکی بەستەزمانە! غەیرە نیزامی چی!.
دوبارە نیگایەکی پڕ لە تەوسی گرتە من و پرسی: منداڵان غەیرە نیزامیین ، شتێکی تر هەیە؟
دیمەنێکی سەرسامکەر و خەماوی بو ، لەشەقامە تاریك و چۆڵەکەدا ، تویژاڵێك بەفر زەویەکەی داپۆشیبو. کچۆڵەکە ، بەتاقی تەنیا ، هەروا لەوێ ڕاوەستابو و لەگەڵ ئەوەی کە هیچ کەسێك بەوێدا نەدەهات ، کەچی لێکدا لێکدا بانگی دەکرد: ( شیرنیی ... شیرنیی ...).
ویستم بچمە دەرێ ، بەڵام پاسەوانەکە توند مەچەکی گرتم و تورە بو و نەڕاندی: بڕۆ خێرا گۆڕت گومکە! گەرنا ئێستا دەچم ئەفسەرەکە دێنم.
بەتوڕەییەوە پێمگوت: تۆ تەنیا گۆلکێکی.
پاسەوانەکە بەتوڕەییەوە وەڵامی دایەوە: ، هەرکەسێك بەباشی ئەرکەکانی خۆی ڕاپەڕێنێ ، ئێوە بەگۆلکی دەزانن.
نیو خولەکێك لەبەر بەفرەکەدا ڕاوەستام و سەیری کلوە بەفرە سپیەکانم دەکرد. چۆن کاتێ دەکەوتنە سەر زەوی و دەتوانەوە. سەرتاسەری حەوشەی خوێندنگاکە ، پڕ لە چاڵەئاو بو و لەنێویاندا چەند جێگایەکیش هەبون کە بەفر گرتبونی و دەتگوت شەکریان پێدا کردوە. لەناکاو بینیم کچۆڵەکە تیلەچاوێکی دایە من و پاشان بەرەو خواروی شەقامەکە پێی پێوەنا. بەرەو بەشی ژورەوەی دیوارەکە ڕۆیشتم ، بەخۆمم گوت: گاڵتەجاڕیە! ئایا بەڕاستی من نەخۆشم؟.

دواتـر هەسـتمکرد لـەنزیك ئاودەسـتە گـشتیەکە ، کونێکی گـەورە لـە دیوارەکـەدا هەیـە و کچۆڵەکە بەخۆی و شیرنیەکانی دەستیەوە ، لەوێدا ڕاوەستاوە. لەوێ ، پاسـەوانەکە ئێمـەی نەدەبینی. بەخۆمم گوت: ئومێدەوارم پێشەوا ئەم ئەرکناسیەی تۆی لەبەرچاو بێت.

شـیرنیەکان زۆر خـۆش دیـاربون. نـانی بـادەمی ، کولیـچە ، شـیرنیی ، نـانی گـوێزیی کـە لەچەوریدا بریسکەیان دەدایەوە. لە منداڵەکەم پرسی: ئەمە بەچەندە؟

پێکەنی و سەبەتەکەی لە بەردەممدا ڕاگـرت و بەدەنگـە منداڵانـە و ناسکەکەیەوە گوتی: سێ مارك و نیو.

: دانەی؟

: بەڵێ.

بەفر ، بەسەر پرچە دلگیر و کاڵەکەیدا دەباری . پێکەنیینەکەی زۆر دلگیر بـو. شـەقامەکە زۆر تاریك و چۆڵ بو. دنیا ، بە مردویەك دەچو. کولیچەیەکم هـەلگرت و پارەکـەم دایـە. لەئاردی بادام و شەکر دروست کرابو ، زۆر بەتام بو.

بەخۆمم گوت: ئەها! ئەوە لەبەر ئەمەیە! نرخی ئەمەش وەك ئەوانی ترە!.

کچۆڵەکە پێکەنی و لەبری ئەوەی وەڵامم بداتەوە ، پرسی: خۆشە؟ خۆشە؟

سەرێکم بەنیشانەی بەڵێ لەقاند.

لەفافێکی گەورەم بەدەوری سەرمەوە پێچابو ، سەرما هیچ کاری تێنەدەکردم. لە ( تیۆدۆر کرۆنێر) ، دەچوم. شـیرنیەکی تـرم تـاقی کـردەوە و لێگـەڕام تـا وردە وردە لـەنێو دەممـدا ببێتە بتوێتەوە. خواردم و دوبارە دەمم ئاوی کردەوە.

لەسەرخۆ گوتم: بێنە هەموویانت لێدەکڕم چەند دانەن؟

لەحاڵێکدا کەدەمویست شیرنیەکی گوێزی قوت بدەم ، ئەو بەپەنجەی ئامـاژەی – کـەبڕێك پیس ببو – بەوردی کەوتە ژماردنی شیرنیەکان. ئەوێ زۆر بێدەنگ بو و وام هەسـتدەکرد ئاسمان لەکلوە بەفری ناسك و بێگەرد دروست بوبێ. زۆر بـە هێواشـی دەیـژماردن ، چـەند جارێك هەڵەی کرد. زۆر بەئارامیەوە لەتەنیشتیەوە ڕاوەستابوم و دو دانـە شـیرنی تریـشم خوارد. دوای ماوەیەك لەناکاو چاوەکانی تێبڕیم و بـە چاوە ترسـاوەکانیەوە بەشـێوەیەك لێم وردبۆوە کـە ڕەشـێنەی چاوەکانی بەتـەواوی چونە سـەرەوە. بـەزمانی ڕوسـی شـتێکی پێگـوتم ، بـەلاّم مـن بەزەردەخەنەیەکـەوە شـانێکم هەڵتەکانـد و ئـەویش داچـەمیەوە و بەپەنجە بچوك و تاڕادەیەك پیس بوەکەی ، لەسەر بەفرەکەی نوسی : چل و پێنج.

ئەو پێنج پارە کاغەزەی کە پێمبو ، دامە دەستی و گوتم: سەبەتەکەم بدەرێ ، دەبێت؟

بەنیشانەی ڕازیبون سەرێکی لەقاند و بەوریاییەوە لەنێو کونەکەوە سەبەتەکەی بۆ درێژ کردم و منیش دەستم بردە دەرێ و دودانە سەد مارکیم دایە.
بەئەندازەی پێویست پارەمان هەبو. ڕوسەکان بۆ باڵتۆیەك حەوسەد مارکیان دەدا و لەماوەی ئەو سێ مانگەشدا جگە لە چڵك و خوێن ، هیچ شتێکی ترمان نەبینیبو.
بەئارامیەوە گوتم: بەیانیش وەرەوە باشە؟
بەڵام ئیدی ئەو گوێی بەقسەکەی من نەدا و بەخێرایی لەوێ دور کەوتەوە. لەکاتێکدا کە من زۆر بەئەستەم توانیبوم سەرم لەدیوارەکەوە بەرمە دەرێ ، بەڵام ئیدی ئەو لەبەرچاوان ون ببو. تەنیا شەقامە تاریك و چۆڵەکەی ڕوسیام لێوە دیاربو کە بەفر سەربانی ماڵەکانی داپۆشیبو. بەتەواوی تاریك و چۆڵ بو. تا ماوەیەك - وەك چۆن گیانلەبەرێك بەغەمباریەوە لەنێو قەفەسەکەیەوە سەیری دەرێ دەکا - بەوشێوەیە مامەوە و سەیری دەرێم کرد ، تا ئەو کاتەی کە هەستمکرد خەریکە ملم سڕدەبێ ، ئیدی سەرم هێنایەوە ژورێ. دواتر هەستمکرد ، لەوێ ، لەسوچێکدا بۆنێکی ناخۆش دێتە بەرلوت ، بۆنی تەوالێتی گشتی.
شیرنیە ناسك و بچوکەکان ، بەتوێژێك بەفر داپۆشرا بون. بەماندوییەوە سەبەتەکەم هەڵگرت و گەڕامەوە. زۆر سەرمام بو. هەربەراستی بە ( تیۆدۆر کورۆنێر ) دەچوم. دەمتوانی کاژێرێکیش لەبەر ئەو بەفرەدا ڕاوەستم. بەڵام ڕانەوەستام و ڕۆیشتم. دەبوایا چوبامە شوێنێك. خۆ ناکرێ مرۆڤ لەبەر ئەو بەفرەدا ڕاوەستێ و لێگەڕێ بەفر دایپۆشێ ، دەبێ بەرەو شوێنێك هەر بڕوات. بەتایبەت ئەگەر برینداربیت و لەولاتێکی غەریب و تاریك و نامۆشدا بیت ...
سەرچاوە/ www.zoon.ir

# دایك و ڕۆڵە

**ماكسیم گۆركی**

**دەكرێ سەبارەت بەدایكان تا هەتایە چیرۆكی بێكۆتایی بگێڕینەوە.**

چەند هەفتەیەك بو هێزەكانی دوژمن شاریان گەمارۆ دابو ، غەرقی نێو ئاسن و پۆلا بون. شەوانە ئاگریان دەكردەوە. دەتگوت ئاگرەكە ، لەنێو ئەو تاریكیەدا بەچاوانی سوری بێشومارەوە لەشورای شارەكە دەڕوانێ. بڵێسەی حەزكردن بە تاوان و بەدكاری لەو چاوە سورانەدا دەخوێندرانەوە. پریشكی شادیان لێ هەڵدەستا و ئەو نیگا پڕ لەسوكایەتیە ، لەشارێكی گەمارۆدراودا ، بیركردنەوەی تاریكیی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا .

خەڵكی شارەكە ، لەسەر شوراكانەوە دەیانبینی چۆن دوژمن وردە وردە ئەڵقەی گەمارۆكە چڕتر و بەهێزتر دەكات. سێبەرەكانیان بەتەنیشت ئاگرەكانیانەوە نەدەبینران ، حیلەی ئەسپە سندم كراوەكانیان ، دەبیسترا. چركە چركی شمشێر و قاقای پێكەنینیان دەگەیشتە بەرگوێیان. دەنگی شادمانیی چڕینی گۆرانیی كەسانێك كە باوەڕ و متمانەی تەواویان بەسەركەوتن هەبو — دەبیسترا.

دەبێ شتێك هەبێ لە دەنگی پێكەنین و شادی دوژمن ناخۆشتر و هەژێنەر تر بێت؟

دوژمنەكان ، هەرچی ئەو ڕوبار و سەرچاوە ئاویانەی كەدەهاتنە نێو شارەوە ، پڕیان كردبون لەتەرمی كوژراوان.

تەواوی رەزە مێوەكانی دەوروبەری شارەكەیان سوتاند و كێڵگەكانیان وێران كردن و باخچەكانیان لەبنەوە بڕینەوە.

شار ، لەهەمو لایەكەوە كراوە و بێ پاریزگاریی بوو ، زۆربەی ڕۆژەكان تۆپ و (شمخاڵ*) ، چەشنی باران بەسەر شاردا دەباریـن. دەستەی سەربازە برسیەكان ، كەبەهۆی شەڕەوە بڕستیان لێبڕابو ، بەڕوخسارێكی شەكەت وماندوەوە ، بەنێو كۆڵانە باریكەكانی شاردا دەگەڕان. دەنگی ناڵە ناڵی بریندارانو وڕێنە و نزا و پاڕانەوەی ژنان و گریانی مندالأن ، لەپەنجەرەكانەوە دەبیسترا. هەمویان بەسرتە و بەترسەوە قسەیان دەكرد و لەكاتی گفتوگۆدا قسەكانیان بەیەكتر دەبڕی و بەوردی گوێیان دەگرت ، ئایا دوژمن دەستی بەپەلاماردان كردوە؟

بەتایبەتی لەشەوی یەكەمەوە ، ژیان لەنێو شاردا ، تادەهات تاڵتر دەبو.

ئەوكاتانەی كە سایە و تارماییەكان ، لە ناوەڕاستی دۆڵەكانی كێوە دورەكەوە دەهاتنە دەرێ و ئۆردوی دوژمنیان زیاتر و پتەوتر دەكرد و بەرەو شورا نیمچە ڕوخاوەكانی شار دەهاتنە پێش ، نیوە مانگ ، بەئاسمانەوە ، چەشنی قەڵغانێك كە لەمەیدانی شەڕدا كەوتبێ و بەزەبری شمشێرێك دولەت بوبێ ، بەسەر ئاسمانی لوتكەی تیژی چیاكانەوە دەبینرا. لەو بێدەنگی و تاریكیەدا ، دەنگی شیوەن و ناڵە باشتر دەبیسترا.

خەڵکانێك کە بەهۆی ڕەنـج و برسـێتیەوە بڕستیان لەبـەردا نـەمابوو و چاوەڕوانی هـیچ جـۆرە کۆمـەك و یارمەتیـەکیان نـەدەکرد ، ڕۆژ بـە ڕۆژ نائومێـدتر دەبـون و بەترسـەوە دەیانڕوانیە گەروی تاریك و ڕەشی دۆڵەکان و لوتکەی تیژ و سەختی چیاکان و ئۆردوی پڕ لەهاتوهاواری سوپای دوژمن.

هـەمو ئەمانــە ، دیمــەنی مــەرگیان لەبەرامبــەر چـاوی ئەوانــدا وێنــا دەکــرد. هــیچ ئەستێرەیەکی ئومێد لەئاسمانی ئەواندا نەدەدرەوشایەوە.

دەترسان چرا لەنێو ماڵەکانیاندا داگیرسێنن. تاریکیەکی تۆقێنەر ، فـەرمانڕەوایی بەسـەر شەقام و کۆڵانەکانی شاردا دەکرد.

لەوتاریکیـەدا ، ژنێـك ، بێـدەنگ ، کەسـەرتاپای خـۆی لەبالاپۆشـێکی ڕەشـەوە پێـچابو ، چەشـنی ماسـیەك بـەنێو قـولایی دەریاچـەیەکدا مەلـە بکـات ، بـەنیۆ کۆڵانــەکانی شـاردا تێدەپەڕی.

خەڵکی شار کاتێ ئەویان دەبینی ، لەیەکتریان دەپرسی: ئەوە؟

: خۆیەتی!

پاشــان لــەنێو کۆڵانەکانــدا ون دەبــون. بەبێــدەنگی و بەسەرداخــستنەوە بەتەنیــشتیدا تێدەپـەڕین. فەرمانـدەکانی دەسـتە ئێشکـچیەکان و پاسـەوانەکانیش ، بەڕقـەوە وریایـان دەکردەوە: خـاتو ماریانـا ، چیە! دیسان هاتیـەوە نێـو کۆڵانـان؟ وریـای خۆتبـە! لەوانەیـە بتکوژن! دواتر کەسیش تاوانبارەکەی پێ نادۆزرێتەوە ...

ژنە ، قەدی ڕاست دەکردەوە ، ئارام ڕادەوەستا ، هەتا دەستەی ئێشکچیەکان بەتەنیـشتیدا تێدەپــەڕین. جەســارەتیان نــەدەکرد ، یــان حــەزیان نــەدەکرد دەســت لەئاســتیدا بــەرز بکەنەوە.

پیاوە چەکدارەکان ، خۆیان لێ دور دەگرت و چەشنی کەسێکی مـردوو ، حـەزیان نـەدەکرد لێی نزیك بنەوە.

ئەویش لەو تاریکیەدا دەمایەوە و دیسان جارێکی تر ، تەنیا و ئارام ، دەکەوتەوە ڕێ.

تاریـك و لاڵ ، چەشـنی تـابلۆی بەدبـەختی و نەهامەتیـەکانی شـار ، لەکۆڵانێکـەوە دەچـوە کۆڵانێکی تـر. لەهـەر چواردەوریدا دەنگی شـیوەن و ناڵـە و نـزا و پاڕانـەوە و گفتوگـۆی خــەمناکی ســەربازانێك کــە بەتــەواوی نائومێــد ببــون ، چــاودێریان دەکــرد و دەچــوە هەرشوێنێك بەشوێنیەوە بون.

ئەو ژنە کەهەم دایك بو هەم هاوڵاتیەکی ئەو وڵاتە ، خەفەتی لە ڕۆڵەکەی و وڵاتەکەی دەخوارد ، ڕۆڵەیەکی جوان و بزێو ، بەڵام بێبەزەیانە لەڕیزی سوپایەکدا بو کەئابلۆقەی شاریان دابو و دەیانەویست وێرانی بکەن.

تا ماوەیەك لەوەپێش ، دایکە بەشانازیەوە لە کوڕەکەی دەڕوانی ، بە دیاریەکی بەنرخی دەزانی بۆ وڵاتەکەی ، بەهێزی چاکەی دەزانی بۆ کۆمەکی هاوشاریەکانی. ئەو شارە هێلانەیەك بو ، کە هەم خۆی تێیدا چاوی کردبۆوە ، هەم ڕۆڵەکەشی تێدا پەروەردە کردبو. سەدان هەودای ون ، دڵی ئەو دایکەیان بە بەردە کۆنەکانەوە ، کە باپیرانی خانویان پێ دروست کردبو و بناغەی شاریان لەسەر دامەزراندبو و بەو زەویەوەی کە ئێسك و پروسکی باپیران و هاوخوێنەکانیان ، بەئەفسانە و ئامانج و ئومێدەوە ، تێیدا نوستبون ، دەبەستەوە.

ئیستاش ئەو دڵە ، نزیکترین و خۆشەویسترین کەسەکانی خۆی لەدەست چوبو و وەژان هاتبو. ئەو دڵە ، چەشنی تەرازویەك بو ، کاتێ لەنێویدا سۆزی خۆی بۆ ڕۆڵەکەی و ئەو شارەی کەتێیدا ژیاوە ، هەڵدەسەنگاند ، نەیدەزانی تێبگا لەوەی ئاخۆ تای تەرازوەکە بەکام لایاندا لاسەنگە؟

بەم شێوەیە شەوانە بەکۆڵانەکانی شاردا دەگەڕا و کاتێ توشی چەند کەسێك دەبو کە نەیانناسیبا ، دەترسان و ئەو تارماییە ڕەشەیان بە دێوەزمەی مەرگێك دەزانی ، کە ئیدی لەهەموان نزیك ببۆوە. ئەگەر هاتباو ناسیباشیان بەخێرایی لەو دایکە خائینە دور دەکەوتنەوە.

شەوێکیان ، لەنزیك شورای شارەکە ، لەسوچێکی تەریك و تاریکی شاردا ، دایکە لەگەڵ ژنێکی تر بەرەوڕو بۆوە. ئەو ژنە ، بێ جوڵە ، وەك ئەوەی بەشێك بێت لەزەویەکە ، لەبەرامبەر تەرمێکدا چۆکی دادابو ، نیگای خەمناکی بڕیبوە ئەستێرەکان و دەپاڕایەوە.

پاسەوانەکان ، لەسەر شورای شارەوە ، بەچرپە چرپ ، سەرگەرمی قسەکردن بون لەنێو خۆیاندا. دەنگی چەکەکانیان بەدیوارەکە دەکەوت ، دەهاتە بەرگوێ.

دایکە خائینەکە پرسی: مێردتە؟

: نا.

: براتە؟

: کوڕمە. مێردەکەم سێزدە ڕۆژ لەمەوبەر و ئەمڕۆش ئەم کوڕەم کوژرا.

پاشان دایکی کوژراوەکە هەستاو بەڕازی بونەوە ، گوتی: عەزرای پیرۆز بۆخۆی هەمو شتێك دەزانێ و دەبینێ ، زۆر سوپاسی دەکەم.

: لەبەرچی؟

ژنەش وەلامی دایەوە: ئەو لەشەڕی بەرگریکردن لەنیشتیماندا کوژراوە. دەتوانم بەوپەڕی ئاسودەییەوە بڵێم: ئەو ، ترسی لەدڵی مندا دروست دەکرد ، زۆر گوێی بەشتەکان نەدەدا ، زۆرحەزی لەژیانی شاد و بێ کێشە بو ، دەترسام ئەویش وەك کوڕەکەی (ماریاننا) ، خیانەت لەشارەکەمان بکا و ببێتە دوژمنی خەڵك و خودا ، نەفرەت لەو و لەو منداڵدانەش کە ئەوی هێنایە بون و پەروەردەی کرد!...

ماریاننا ، ڕوخساری خۆی داپۆشی و دورکەوتەوە.

ڕۆژی دواتر ، چوە لای بەرگریکارانی شورای شار و گوتی: بەهۆی ئەوەی کە کوڕەکەم چۆتە نێو باوەشی دوژمن و لەدژی ئێوە شەڕدەکا ، یان بمکوژن ، یان ڕێگام بدەنێ منیش بچمە لای ئەو...

ئەوان وەلامیان دایەوە: تۆ مرۆڤی و دەبێ نیشتیمانەکەی خۆت خۆشبوێ ، کوڕەکەشت وەك چۆن دوژمنی هەریەك لەئێمەیە ، دوژمنی تۆشە.

: من دایکم! من ئەوم خۆشدەوێ و لەڕوی پەروەردە کردنیەوە ، خۆم بەکەمتەرخەم دەزانم.

دواتر ئێشکچیەکان لەنێو خۆیاندا کەوتنە پرس و ڕاوێژ ، سەرەنجام گەیشتنە ئەنجامێك و گوتیان: شەرەفمان ڕێگەی ئەوەمان ناداتێ بەهۆی خیانەتی کوڕەکەتەوە تۆ بکوژین. ئێمە لەوە دڵنیاین کە تۆ نەبویتە هاندەر و ڕێنشاندەری ئەو بۆ کردەوەیەکی لەوچەشنە و تەنانەت ئاگادریشین کە خەم وخەفەتێکی زۆری پێوە دەخوێ. شار ئەگەر تۆشی تێدا نەبیت ، درێژە بە بەرگری کردنی خۆی دەدات. کوڕەکەت هەرگیز بیر لەتۆ ناکاتەوە ، لەوانەیە ئەو ئەهریمەنە تۆی هەر لەبیرچوبێتەوە! ئەگەر تۆ لەو باوەڕەدای کەشایستەی سزایت! ئەوا ئەو سزایە بەسە. پێمانوایە سزایەکی لەم چەشنە تەنانەت لەسزای مەرگیش قورسترە!

دایکە گوتی: بەڵێ ، ئەمە قورسترین سزایە!

پاشان دەرگاکەیان بۆکردەوە و ژنەش لەشار چوەدەرێ .

ئێشکچیەکان ، ماوەیەکی زۆر لەسەر شوراکەوە ڕوانیانە دایکەکە ، کەچۆن بەسەر زەوی نیشتیمانەکەیدا ، کەبەخوێنی ڕۆڵەکانی تێراو ببو ، دەچوە پێش. بەشێوەیەك هەنگاوی دەنان ، قاچەکانی بە زەحمەت لەزەوی جودا دەبونەوە و هەڵی دێنان. چۆن لەبەردەم تەرمی بەرگریکارانی شاردا ، دادەچەمایەوە. چۆن بەڕقەوە ، بەنوکی قاچی ، شەقی لە چەکە شکاوەکان هەڵدەدا.

دایکـان ، ڕقێکـی زۆریـان لەچـەك و و هێـرش پـەلامار و کوشتوکوشـتار دەبێتـەوە ، تـەنیا چەکێکیان بەلاوە پەسندە  کە بۆ بەرگری کردن لەژیان ، بەکاربێت.

دەتگوت ، لەژێر لیباسەکانیەوە گۆزەیەکی پڕ لـەئاوی  شـاردۆتەوە و دەترسـێ بڕژێـت ، تـا زیاتـر دور دەکەوتەوە ، بچوکتر دەبۆوە.  ئەوانەی کە لەسەر دیوارەکەوە سـەیریان دەکـرد ، پێیان وابو لەگەڵ تارمایی ئەودا خەم و نائومێدی ، یەخەی بەرداون و لەکۆڵیان بۆتـەوە و دورکەوتۆتەوە. دیتیان لەنیوەی ڕێگادا ڕاوەستا ، کلاّو و بالاّپۆشەکەی لەخۆی کردەوە و تـا ماوەیەکی زۆر لەشار ڕاما.

بـەلاّم لـەوێش ، لەشـکری دوژمـن ، ئـەویان دیتبـو کـە بـەتاقی تـەنیا لـەو چـۆڵەوانیەدا ڕاوەسـتاوە ، بۆیـە چـەند تارماییـەکی ڕەشـی وەك خـۆی ، بەهێواشـی و بەوریاییـەوە لێـی نـزیك بونـەوە و تێیانخوڕی: تۆ کێی؟ دەچیە کوێ؟

ژنە گوتی: سەرکردەکەتان کوڕی منە.

دوای ئەم قسەیە ، هیچ کام لەسەربازەکان ، شك و گومانیان لەڕاستی قسەکانی نەکرد. شان بەشانی وی ، کەوتنەڕێ ، بەدەم ڕێگـاوە کەوتنـە پیاهەڵدان و سـتایش کردنـی لێهـاتویی و ئازایەتی کوڕەکەی.

 دایکەش بەغرور و لەخۆڕازیبونەوە ، سەری بەرز کرد و گوێی بۆ قـسەکانیان شـل کـرد و سەرسوڕمانی پێوە بەدی نەدەکرا.

دەبو کوڕی وی بەو شێوەیە با!!!

سەرەنجام ، لەبەرامبەر کەسێکدا ڕاوەستا کە مانگێك بـەر لـەدایك بـون ئـەوی نەدەناسـی ، لەبەرامبەر بونەوەرێکـدا ڕاوەسـتا ، کـە هـەرگیز هەسـتی نـەدەکرد پارچـەیەکی جیـا بێـت لەجگەری.

ئەو لەبەرامبەریدا ، خۆی لـەنێو مەخمـەل و ئاوریـشماندا ون کردبـو ، چـەك و کەرەسـتە جەنگیەکانیشی لەبەردی گرانبەها دروسـتکرابون ، هـەمو شـتێك ، وەك ئـەوەبو کـەدەبوایا ببێ. دایکە ، لەخەونیدا ئەوی بەو دەوڵەمەندی و ناوداریەوە دیتبو.

دەستەکانی دایکی ماچ کرد و گوتی: دایە! تۆ هاتیتـە لای مـن! دڵنیـام هەسـتت بـە کۆتـایی بڕیارەکەم کردوە! سبەی  ، نیازی ئەوەم هەیە دەست بەسەر ئەم شـارە نـەفرەت لێکـراوەدا بگرم!

دایکی بەبیری هێنایەوە: ئەو شارەی تێیدا لەدایك بویت؟

لاوەکە کە سەرمەست و شەیدای وەدەستهێنانی ناو و ناوبانگی زیاتر بو ، بە تین و تاوێکی جەسورانەی گەنجانەوە ، گوتی: من لـەدونیادا بـۆ دونیـا هاتومەتـە بـون ، بۆئـەوەی تێکـی

هەڵشێوینم ، من تەنیا لەبەر خاتری تۆ دەستم لەم شارە دەپاراست و بەزەیم پێدا دەهاتەوە ، ئەم شارە چەشنی دڕکێك چەقیوەتە قاچمەوە و بۆتە بەربەست لەبەردەم ئەوەی بەزویی بگەمە ناوبانگ و سەرفرازی. بەلاَم ئێستا ، لەسبەی زوتر نیە دار و پەردوی ئەم هێلانە سەرکەشە بەسەر یەکدا دەڕوخێنم.

دایکە گوتی: ئەو هێلانەیەی کە تەنانەت بەردەکانیشی ئاشنای سەردەمی منداڵیتن؟

: مادام مرۆڤ نەتوانێ بەردەکان وەقسە بهێنێ ، کەواتە لاڵن. وازم لێبێنە با کێو و چیاکان سەبارەت بەمن دەم هەڵبێننەوە و لەبارەی منەوە بدوێن ، من ئەوەم دەوێ!.

دایکە پرسی: ئەی خەڵکەکە؟

: ئەها! بەڵێ ، من ئەوانم لەبیرە. دایە! ئەوان بۆمن پێویستن ، چونکە کەسانی قارەمان و دلێر ، لەیادەوەری ئەواندا بە نەمری دەمێننەوە!

دایکە گوتی: قارەمان ئەو کەسەیە بەپێچەوانەی مەرگەوە ، ژیان بنیات دەنێ. قارەمان ئەو کەسەیە بەسەر مەرگدا زاڵ دەبێ ...

ئەویش وەلاَمی دایەوە: نا! وێرانکەرەکانیش بە ئەندازەی بنیاتنەرەکان ناو و ناوبانگیان هەیە ، بڕوانە تا ئێستا ئێمە نازانین کە شاری ڕۆما (ڕۆمێرلۆس) دروستی کردوە یان کەسێکی تر! بەلاَم ناوی (ئالاریخ ) و تەواوی قارەمانەکانی تر کە ئەوشارەیان کاول کرد ، هەمویان بەڕونی زانراون ...

دایکە ، جارێکی تر وەبیری هێنایەوە: هەمان ئەو شارەی کە نەمرە و هەمان ئەو دلێرانەی کە شوێنەواریشیان دیار نیە؟

بەم شێوەیە ، تا بەربەیان ، لەگەڵ دایکیدا قسەی کرد. دایکە بەدەگمەن قسە شێتانەکانی پێ دەبڕی و سەری بەرز و بەعیزەتی ، تا دەهات زیاتر شۆڕ دەبو.

دایك بنیات دەنێ و گیانی خۆی دەبەخشێ ، دایك پاسەوانە و ئێشك دەگرێ ، گفتوگۆی نەشیاو و ناپەسند ، لەبەرامبەر دایکدا ، دەچێتە خانەی دژایەتی کردنەوە.

بەلاَم گەنجەکە درکی بەمە نەدەکرد.

دایك هەمیشە دژی مەرگە ، دایك هەمیشە ڕقی لەو دەستانە دەبێتەوە کە مەرگ دەچێنن و پەلامار دەبەنە سەر ماڵی خەڵك. دایك لەوجۆرە کردەوانە هەراسانە. بەلاَم کوڕەکەی ، ئەم شتانەی نەدەبیست و نەدەبینی ، تیشك و گڕی سارد وسڕی ناو و ناوبانگ ، چاوەکانی کوێر کردبو.

هەروەها تێنەدەگەیشت لەوەی کاتێ دایکێك ژیانێك دێنێتە بون و دەیپارێزێ ، بۆی هەیە پیلانی بۆ داڕێژێ و مەترسی بۆ دروست بکا. دڕندەیەکی بەهێز و بێبەزەیی و بێباك بو ...

دایکەکە بەخەفەتباریەوەدانیشتبو ، لەپەردەی کراوەی خێوەتەکەی سەرکردەوە ، شارێکی دەبینی کەتیایدا بۆ یەکەم جار جوڵەی شیرن و چێژبەخشی کۆرپەڵەی لەزگیدا هەستپێکرد و ئازار و ئەشکەنجەی لەدایکبونی ئەم ڕۆڵەیەی چێشت ، کە ئێستا دەیویست بێبەزەییانە ئاگری تێبەردا و بیسوتێنێ.

تیشکی سوری خۆرەتاو ، بەسەر بورج و شورای شارەوە تروسکەی دەدا. شوشەی پەنجەرەکان بریسکەیەکی شومیان هەبو ، دەتگوت تەواوی دانیشتوانی شار بریندارن و ژەکی سوری ژیان ، لەسەدان برینی شارەوە هەڵدەچۆڕێ. کات تێدەپەڕی و شاریش وردە وردە ، تاریك دادەهات. دەتگوت تەرمێکی بەجێماوە ، ئەستێرەکان بەسەریەوە دەرکەوتون و چەشنی چەند مۆمێك بەدیاریەوە دەدرەوشێنەوە.

نیگای دایکە ، تا نێو ئەو خانوە تاریکانە بڕی دەکرد کەخەڵکەکەی دەترسان لەوەی چرای تێدا داگیرسێنن ، نەبادا سەرنجی دوژمن ڕاکێشێ. نیگاکانی تا ئەوسەری شەقامە تاریکەکان بڕی دەکرد کەبۆنی لاشەکان هەوای شاریان ژەهراوی کردبو ، دەنگی ناڕەزایی کپی خەڵکانێك کە چاوەڕوانی مەرگیان دەکرد ، دەبیسترا.

ئەو ، هەمو کەسێك و هەمو شتێکی دەبینی.

تەواوی ئەو شتانەی کە بەلای ئەوەوە ئاشنا و ناسیاو بون ، لێی نزیکتر ببونەوە. دەتگوت لەبەرامبەریدان و بێدەنگ چاوەڕوانی بڕیاری ئەون. دایکە وایدەزانی کە دایکی تەواوی خەڵك و دایکی شارەکەی خۆشیەتی.

لەقوڵەی کێوە ڕەشەکانەوە ، چەند پەڵە هەورێك ، لەشێوەی چەند ئەسپێکی باڵدار بەرەوە زەوی دەهاتنە خوار و بەرەو شارە ناچارکراو بە نەهامەتیەکە ، دەفڕین. کوڕەکەشی دەیگوت: ئەگەر شەو بەئەندازەی پێویست تاریك بێت ، لەوانەیە هەر ئەمشەو بەسەر شاردا بدەم ، کاتێ خۆر لەچاوی مرۆڤ دەدات ، بینینی تروسکەی چەك بۆ چاو ناخۆشە و مرۆڤ ناتوانێ بەباشی شمشێرەکەی بەکاربێنێ. لەهەل و مەرجێکی لەوشێوەیەشدا مرۆڤ ناتوانێ بەباشی ئامانجەکەی بپێکێ. بەدەم ئەم قسانەوە بەوردی سەیری شمشێرەکەی دەکرد.

دایکه گوتی: وەره ئێره ، سەرت بخەره سەر سینگم و پشو بده و بیهێنەرەوە بیرت کە بەمندالی چەنده بزێو و زیتەلە بویت و خەلکی چەندیان خۆش دەویستی!

لاوەکە بەقسەی دایکی کرد و سەری نایە سەر ڕانی دایکی و ڕاکشا و چاوەکانی لێك نان و گوتی: من تەنیا تۆ و ناوبانگم خۆش دەویّ ، تۆشم لەبەر ئەوە خۆشدەویّ کە کەسێکی وەکو منت هێناوەتە ژیانەوە.

دایکی بەسەریدا نوشتایەوە و گوتی: ئەدی ژنان؟

: ژن زۆرن! مرۆڤ زۆر بەخێرایی ، وەك شتێکی شیرن ، زوو لێیان تێر و بێزار دەبیّ.

دایکه ، بۆ دوایین جار لێی پرسی: حەزت لەوە نیە بیتە باوك و ڕۆلەی خۆت لەباوەش بگری؟

: لەبەرچی؟ بۆ ئەوەی بیان کوژن؟ کەسێکی وەك خۆم بیانکوژیّ وگرفتاری خەم و نائاسودەییم بکات؟ ئیدی بەدەم خەم و خەفەتەوە پیر ببم و هێز و توانام لەبەر ببریّ و نەتوانم تۆلەشیان بستێنمەوە!

دایکه ، ئاهێکی هەلکێشا و گوتی: تۆ وەك بروسکە جوانی! بەلاّم هیچ سودێکت نیە.

کوڕه ، زەردەیەکی کرد و وەلاّمی دایەوە: بەلیّ! بەوێنەی بروسکە ...

دواتر چەشنی کۆرپەیەکی ساوا ، لەباوەشی دایکیدا خەوی لێکەوت.

دایکه بالاّپۆشێکی ڕەشی ، بەسەر کوڕەکەیدادا و لەنێویدا بزری کرد. خەنجەره تیژەکەی هەلێنا و تاهێزی تێدابو چەقاندیە سینگی ڕۆلەکەی. کوڕه - بیّ ئەوەی جولەیەك بکات - یەکسەر گیانی سپارد. ئاخر دایك باش دەزانیّ کە دلی کوڕەکەی لەکوێدا لێدەدا و ترپە ترپیەتی. دواتر لاشەی بیّ گیانی کوڕەکەی هاویشتە بەرپێی پاسەوانە حەپەساوەکانی و پاشان ڕوی کردە شارەکە و گوتی: من وەك مرۆڤێك ، ئەوەی لەتوانامدا بو بۆ نیشتیمانەکەم کردم ، بەلاّم وەك دایکێك لەگەلّ کورەکەمدا دەمێنمەوە! ئیدی لەو تەمەنەدا نیم جارێکی تر دلم بەوە خۆشبێت بتوانم کوڕێکی تر بێنمە دونیاوە ، مانەوەشم لەژیاندا سودی بۆ هیچ کەسێك نابێت.

دوای ئەم قسانە ، هەمان ئەو خەنجەرەی کە هێشتا بەخوێنی کوڕەکەی- واتا خوێنی خۆی – سور و گەرم بو ، چەقاندە سەر دلی خۆی.

کاتێك دلّ ئازاری هەبێت ، دەکریّ زۆر بەئاسانی بکرێتە ئامانج.

سەرچاوە / داستانهای برگزیده ماکسیم گورکی / ترجمه افسر سدارت – رزا ازرخشی/ نشر جامی.

# بێگانەیەك لە ئەستانبول

عەزیز نەسین

من پەروەردەی ئەستانبوڵم و باب و باپیریشم ئەستانبوڵی بونە. ئێستاش هەرکاتێ لە ئەستانبوڵ دور دەکەومەوە ، واهەستدەکەم هەناسەدانیشم وەزەحمەت دەکەوێ. بڕواتان هەبێ تەنانەت ئەوکاتانەش کە لە پاریس و پراگ و ئەمریکا و ئیتالیاش بوم ، ئەم نائاسودەییە بەرۆکی بەرنەدەدام و هەمیشە دڵم بۆ ئەستانبول لێیدەدا.
هەمیشە شارە گەورەکان جوان و سەرنج ڕاکێشن ، بەلاَم جوانی و ڕازاوەیی ئەستانبول شتێکی ترە. عیشق و خۆشەویستیەکی سەیر بە ئەستانبولەوە گرێی داوم و ناتوانم لێی جودا ببمەوە. ئەمەش بۆخۆی نەگبەتیەکە و وای لێ کردوم لە هاوڕێکانم جێ بمێنم ، کە ئێستا هەمویان خوێندنی خۆیان تەواو کردوە و بونەتە خاوەن پلە وپایەی بەرز و ماوەیەکی باشیش لەدەرەوەی وڵات خزمەتیان کردوە. ئێستاش کە بەهەموی پێنج ساڵێك نابێ گەڕاومەتەوە کارێکی ڕەوا نیە لە ئەستانبول دور کەومەوە.
هاوسەرەکەشم وەك خۆم خەڵکی ئەستانبوڵە و ئەگەر خەڵکی ئەستانبولیش نەبوایا هەرگیز ئامادەی زەماوەند کردن نەدەبوم لەگەڵیدا.
من شانازی بە ئەستانبوڵی بونی خۆمەوە ناکەم ، چونکە ئەو خەڵکانەی کە ئێستا نیشتەجێی ئەستانبوڵن ، بەشێکی یەجگار زۆریان خەڵکانێکن کە لەدەوروبەری ئەستانبوڵەوە هاتونە و نیشتەجێ بونە. ئەڵبەتە ئەمانە هەر یەکسەر وەکو خەڵکی ڕەسەنی ئەستانبوڵ دەناسرێن. بەلاَم کێشەکە لە شێوازی ئاخاوتنیاندایە کە ناتوانن بەجوانی وەکو خەڵکی ئەستانبوڵ قسەبکەن.

ماوەیەك لەمەوبەر ، نامەیەکم لەیەکێك لە دۆستە خۆشەویست و نزیکەکانمەوە پێگەیشت ، کەتیایدا پرسیاری لێ کردبوم: (ئایا دەتوانم ڕێنمایی ژن و پیاوێك بکەم کە

نیازی سەردانی تورکیایان هەیە و لەتەواوی ئەو ماوەیەی کە لە تورکیادا بەسەری دەبەن چ لەکاتی گەشت و گەڕان لەشارەکان و چ لەکاتی کڕینی کەل و پەلدا ، یارمەتیان بدەم؟).
ئەڵبەتە نەمدەتوانی بڵێم نەخێر ، بۆیە نامەیەکم بۆ نوسی و تیایدا ئامادەیی خۆمم بۆ دەربڕی ، بەلاَم وریام کردنەوە و نوسیم ئەگەر بکرێ گەشتەکەیان بۆ هاوین دوابخەن زۆر خۆشتریان لێ دەگوزەرێ ، نەك ئێستا کە وەرزی زستانە.
دوای نوسینی وەلاَمنامەکە ، مۆڵەتی پانزە ڕۆژم لە بەڕێوەبەری فەرمانگەکەمان وەرگرت کە سێ چوار ساڵ دەبو مۆڵەتم وەرنەگرتبو. بەهەر شێوەیەك بو خۆم بۆ پێشوازی کردن لە میوانەکان ئامادە کرد. چەند ڕۆژێك دواتر لەگەڵ هاوسەرەکەم لەفڕۆکەخانەی شاردا پێشوازیمان لێ کردن و دواتر بەرەو ئەو میوانخانەی کە پێشتر ژورێکم تێدا بەکری گرتبو ، وەڕێ کەوتین. دوای ئەوەی لەوێدا نیشتەجێم کردن ، دو سێ کاژێر دواتر چومەوە لایان و بۆ خواردنی نانی ئێوارێ بانگێشتم کردن. بەڕاستی هاوسەرەکەم نانێکی باشی بۆ ئامادە کردبوین ، هەروەها چەند چێشتێکی فەڕەنگیشی بۆ ئامادە کردبوین.
خانمی ئنگلیز دیاربو زۆر حەزی لە خواردنی تورکی بو ، بۆیە پرسی: دەکرێ پێم بڵێن ئێوە چۆن دۆڵمە ساز دەکەن؟
دۆڵمە؟ ئەم خانمە لەکوێ ناوی ئەم چێشتەی ئێمەی زانی؟! لەبەرئەوەی برادەرەکەم بۆی نوسیبوم کە یەکەم جارە سەردانی ئەستانبوڵ دەکەن بۆیە زۆرم بەلاوە سەیر بو! ناچار پرسیم: ببورە خانمی بەڕێز پێشتر هاتویە ئەستانبوڵ؟
: نەخێر ئەمە یەکەم جارمە سەردانی ئەستانبوڵ دەکەم.
: باشە ئەدی ناوی ئەم چێشتەی ئێمەت لەکوێ زانی؟ پێشتر دۆڵمەت خواردوە؟
: نەخێر نەمخواردوە بەلاَم بەرلەوەی بێم بۆ ولاَتەکەتان ، چەندین کتێب و بابەتم لەبارەی شارەکان و هەڵسوکەوت و داب و نەریتی کۆمەلاَیەتیتان خوێندوۆتەوە. بەو هۆیەوە ناوی زۆربەی خواردنەکانتان فێربومە و شێوازی سازکردنی بەشێکی زۆریشیان بەباشی دەزانم.
دواتر دەستیکرد بەباسی چۆنێتی سازکردنی دۆڵمە. ئەوەندە بەدروستی و بەجوانی باسیکرد ئیدی من تێگەیشتم ئەوەی کەچەندین ساڵە خواردومە پێموانیە دۆڵمە بوبێ.
منیش قسەکانی ژنە ئنگلیزەکەم بۆ هاوسەرەکەم وەردەگێڕا.
خانمی ئنگلیز پرسی: ئەدی تەماتەی سورکراوە! یەکەم جار پیازەکان سور دەکەنەوە یان دوایی؟
ژنەکەشم بەنیگەرانیەوە وەلاَمی دایەوە و منیش بۆخانمم وەرگێڕا.

خـانم دیـسان پرسـی: ئێـوە خـاوەنی وڵاتێکـی دێـرین و مێـژویین ، ئیمپراتۆریەتەکـەتان چەندین ساڵ فەرمانڕەوایی بەسەر دنیادا کردوە ، ئایا دەکرێ ئەو خواردنانەی من نێویان دەبەم تۆ شێوازی سازکردنیانم بۆ باس بکەیت؟

: بەڵێ فەرمو!

خانمی ئنگلیز نێوی هەندێك خواردنی برد کەمن لەژیانمدا چاوم پێیان نەکەوتبو. ئەگەر چۆنێتی لێنانییـانم بەهەڵـە پێـدەگوت ، دەترسـام بەهەڵەیانـدا بـەرم و خۆشـم بـەدرۆزن دەرچم و لای ئەوان سوك وڕیسوا ببم.

بەهەزار حاڵ توانیم خۆم لەباسی خواردن و خواردەمەنیەکان بدزمەوە و باسەکە بگۆڕمە سەر گەشت و گەڕان بەنێو مۆزەخانە بەنێوبانگەکاندا و ئیدی بەو باسەوە گلاین.

خانم گوتی: من حەزم لێیە سەردانێکی گەڕەکە بەدناوەکانی ئەستانبول بکەم.

منـیش بەشـەرمەزاریەوە گـوتم: کـوا! ... ئێمـە گـەڕەکی لەوشـێوەیەمان نیـە! مێردەکـەی لـەولاوە بەناڕەزایەتیـەوە هەڵیدایـە: بـا هەتانـە ... مـن لەکتێبانـدا خوێندومەتـەوە کـە گەڕەکی بەدناوتان هەیە و زۆریش گەورەیە. ئێستاش دەمانەوێ بمانبەیتـە چایخانەیەك و دەمەوێ نێرگەلەیەك بکێشم.

: نێرگەلەی چی؟ بابە ئەوە شتێکی کۆنە و پێموانیە ئێستا لەم سەردەمەدا شـتی لـەوجۆرە مابێ!

: نـا گیانەکـەم تـۆ بـێ ئاگـای لـەوجۆرە شـتانە مـن خـۆم لەکتێبانـدا خوێندومەتـەوە کـە ئێستاش چایخانە ماون نێرگەلەیان لێ! دەکێشرێ.

دوای قسەکانی وی ، ئەمجار خانمی ئنگلیز گوتی: ئەگەر پێـت بـاش بێـت شـەوێك دەچـینە (بوغازی) و هەندێك ماسی دەگرین.

: ئاخر من ڕاوەماسی نازانم ، تائێستا ماسیم نەگرتوە.

: چۆن شتی وادەبێت! چۆن دەبێ خەڵکی ئەستانبوڵ بیت و ڕاوەماسی نەزانیت؟ ئێستا لەم کاتانـەدا سـەروەختی ڕاوی جـۆرە ماسـیەکە بـەنێوی (لۆفـەر) ، بـەگوێرەی ئـەوەی کـە مـن لەکتێباندا خوێندومەتەوە ، ماسی گرەکان شەوانە بەبەلـەم و فانۆسـەوە ڕاوی ئـەم ماسـیە دەکەن.

ئەوەندە توڕە بوم ، نەفرەتم لە هەرچی کتێب و هەرچـی خوێنـەرێکیش هەیـە ، دەکـرد. بەخۆمـم گوت: ئەها! بێ هودە نیە دەوڵەت دەستی بەهەڵمـەتی نەهێـشتنی نەخوێنـدەواری کردوە و ڕێژەی خوێندەوارانی گەیاندۆتـە 30٪ ئـەوە هـیچ ، لەخوێنـدەوارەکانی خۆمـان

گەڕێ ، ئەم ژن و پیاوە ئنگلیزەشم لێ بونەتە سەربار و دەیانەوێ ئەستانبوڵ بەمنی ئەستانبوڵی بناسێنن!

دوای نان خواردن ، ژنەکەم قاوەی ساردی ئەمریکی بۆهێناین. یەکسەر ژنە پرسی: بۆ ئێوە قاوەی تورکی ناخۆنەوە؟
نەمدەزانی چیان وەڵام بدەمەوە. بۆیە گوتم: لەمێژە ناتوانین قاوەی تورکی بخۆینەوە ، چونکە تەباخەکەمان دەسکردی ئەمریکایە.
سەرەنجام لای نیوەشەوێ ئەوانم گەیاندەوە میوانخانەکە و خۆشم بەنیگەرانیەوە گەڕامەوە ماڵێ و هەرچۆنێك بو شەوم ڕۆژ کردەوە.
سبەی بەیانی کەچومەوە لایان ، کاکی ئنگلیز گوتی: ئەم میوانخانەیە باش نیە ، ئەگەر ڕات لەسەر بێت دەچینە میوانخانەیەکی باش و هەرزان و لەوێدا ژورێك بەکرێ دەگرین.
: زۆر باشە. ئێوە چۆنتان پێباشە وادەکەین ، من ئاسودەیی ئێوەم دەوێ.
کاکی ئنگلیز هەروای کرد و لیستێکی لە ناوی میوانخانەکانی ئەستانبوڵ لە گیرفانی هێنا دەرێ و دەستی کرد بە خوێندنەوەیان ... بەڵام من ئەوەندی سەرم هێنا و برد نەمدەزانی لە کوێن!.
سەرەنجام سێقۆڵی لە میوانخانەکە وەدەرکەوتین ، چاوەڕوانی تاکسی بوین. تاکسی نەبو ... کاکی ئنگلیز ڕوی کردە من و گوتی: ئەگەر برێك بچینە سەرتر پێموایە گەراجی تاکسی لێ هەبێت.
منیش وەڵامم دایەوە: پێموانیە.
: چی؟
: گەراجی تاکسی ، پێموانیە گەراجی تاکسی لێ هەبێت.
: با هەیە.
بێ ئامانج جارێکیتر هەروا لە خۆڕا ملی ڕێگامان گرت ، نەمدەزانی چی بکەم؟ ئەو ئۆتۆمبیلانەی بەتەنیشتماندا تێدەپەڕین ، بۆیان ڕانەدەگرتین ، هەرچەندێکی بەدەست و سەر و قاچ ئاماژەم بۆ دەکردن ، کەچی سودی نەبو ، بۆیان ڕانەدەگرتین. جگە لە تاکسیەك کە گەیشتە ئاستی ئێمە و برێك هێواشی کردەوە و منیش بەدەرفەتم زانی و لێم پرسی: کاکە هەڵمان ناگری؟
کاکی شۆفێر بەتوڕەییەوە وەڵامی دامەوە و گوتی: مەگەر کوێر بویتە؟ نابینی ترافیك لایتە و پۆلیس ڕاوەستاون؟ هەڵتان گرم سزام دەدەن.

کاکی ئنگلیز دیاربو هەستی بە نیگەرانی من کردبو ، بۆیە گوتی: نیگەران مەبە دۆستی خۆشەویستم! من لەکتێباندا خوێندومەتەوە و دەزانم لە ولاتی ئێوەدا شوێنی وەستانی تاکسی و پاسەکان زو زو دەگۆڕێن. بۆ نمونە ئەگەر چەند ڕۆژێك لەوەپێش لەگەراجێك سواری تاکسی بویت ، ئەوە دلنیابە ئەمڕۆ ئەو شوێنە گۆڕاوە و گەراجەکەیان لاداوە ئەم گۆڕانکاریە بەردەوام و خێرایانە سیاسەتی پۆلیسی هاتوچۆی ولاتەکەتانە ، تا زوو زوو شۆفێرەکان بکەونە هەلەوە و ئەوانیش زوو زوو سزای مالیان بدەن. ئیدی پۆلیسی هاتوچۆی ولاتەکەتان بەشێکی دەرامەتەکانی خۆیان لەم ڕێگایەوە وەدەست دێنن.

زۆرم بەلاوە سەیر بو ئەم کابرا ئنگلیزە ئەم هەمو ڕاز و نهێنیە دەولەتی و نادەولەتیانەی ولاتی ئێمە لەکوێ دەزانێ؟ ئەمەش لەحالێکدا کە ئێمەی هاولاتی هیچمان لەم شتانە ئاگادار نەبوین. بەنیگەرانیەوە بەزمانی خۆمان گوتم: دەك خوا ئەم کتێبانەت لێ بستێنێتەوە ، بۆ ئەوەی چیتر ئەم پرسیارانەم لێ نەکەیت.

کاکی ئنگلیز دیسان لێی پرسیمەوە: ئەوە لەبەرچی تورە بویت؟ نەفرەتت لەچی کرد؟

بەسەرسوڕمانەوە پرسیم: بۆ تۆ تورکی دەزانی؟

: نەخێر تورکی نازانم ، بەلام بەهۆی خوێندنەوەوە لە پرتە و بۆلە و نیگەرانیەکانتان تێدەگەم. هەرکاتێ نیازی گەشتی شوێنێکم هەبێ ، پێشەکی دەچم لەبارەی خوو و ڕەوشت و داب و نەریتی کۆمەلایەتیانەوە هەندێك شت دەخوێنمەوە و زانیاریان لەبارەوە وەدەست دێنم. پاشان گەشتەکەم دەکەم.

بەنیگەرانیەوە بەزمانی خۆمان گوتم: باشە ... دەخۆی!

پێموابێ خانم لەقسەکانم تێگەیشت! بۆیە یەکسەر داوای ڕون کردنەوەی قسەکەی لێ کردم. بەلام خوا کاری کابرای ئنگلیز ڕاستبێنی کە لەوکاتەدا تەنگاو ببو و داوای تەوالێتی گشتی لێ کردم .

: گوتت تەوالێتی گشتی؟ تەوالێتی گشتیمان نیە ، بەلام هەزار ڕەحمەت لەباب و باپیرانمان کە مشوری ئەوەیان بۆخواردوین و لەبیری ئاسودەیی خەلکیدا بونە ، هەر ئەمەش بوە وای لێکردون تەوالێتەکان لەنێو مزگەوتەکاندا دروست بکەن.

کاکی ئنگلیز بەسەرسوڕمانەوە لێی پرسیم: چۆن شتی وا دەبێ؟ چۆن دەبێ تەوالێت لە مزگەوت یان لە کلیسا بێ؟

: ئێستا بەس ئەمە هەیە! تەوالێتی گشتیمان نیە ، ئەگەر زۆر تەنگاویشی با بگەڕێینەوە میوانخانەکە.

کاکی ئنگلیز ، کە دیاربو زۆری تین بۆ هاتبو ، ڕوی کردە ژنەکەی و گوتی: پێموایە تەوالێتی گشتی هەبێت ، دەکوا ئەو نەخشەیە دەرێنە و بزانە بەکام لادا بڕۆین.

خانمی ئنگلیز ، نەخشەی تەواوی تەوالێتەکانی ئەستانبوڵی لەجانتاکەی هێنا دەرێ و لەسەر زەویەکە پانی کردەوە و گوتی: هەرئەم شەقامە بەلای چەپدا ، تەوالێتی گشتی لێیە.

لەخوا دەپاڕامەوە ئەو جێگایەی کە ئەو گوتی تەوالێتی گشتی لێ نەبێت. بەلاَم لەبەختی من ئاماژەی بە چ شوێنێکدا دروست ئەو شوێنە تەوالێتی گشتی بو. باشبو خێرێکی منیشی تێدا بو منیش بەهۆی ئەوانەوە خۆم سوك كرد.

دواتر بەگوێرەی ئەو ناونیشانەی کە دایە کاکی شوفێر ، سواری تاکسییەك بوین بۆ ئەوەی میوانخانەیەکی باش و هەرزان بەها پەیدا بکەین. لەڕێگا پرسیاری لێ کردم: باشە نازانی خەڵکی ڕەسەنی ئەم شارە چونەتە کوێ؟

: نازانم! بەس ئەوەندە دەزانم لەئێستادا لێرە نەماون و لەوانەیە بەدوای کاردا چوبنە جێگایەکی تر.

: بەڵێ ڕاستە. منیش خوێندومەتەوە و دەزانم کە ئەم میللەتە هەمیشە لەگەڵ هەژاری و نەداریدا دەسلەملان بونە. بۆ دابین کردنی پاروە نانێك بۆ خێزانەکەیان ، ناچاربونە ماڵ و حاڵ و شار و ناوچەی خۆیان بەجێ بهێڵن.

سەرەنجام کاکی شوفێر لەبەردەم ئەو میوانخانەیەی کە کاکی ئنگلیز گوتبوی ئۆتۆمبیلەکەی ڕاگرت.

هەر بەڕاستی میوانخانەیەکی پاك و خاوێن و هەرزان بو. دوای ئەوەی کە ئەوانم دامەزراند ، داوای مۆڵەتی ڕۆیشتنم لێ کردن ، بەلاَم ئەوان سوربون لەسەر ئەوەی کە دەبێ حەتمەن سەرێکی (بی ئۆغلۆ) بدەن. کاتێ ئەو پێداگری و سوربونەی ئەوانم بینی ، ناچار چاوپۆشیم لەکاری خۆم کرد و بەرەو بی ئۆغلۆ کەوتینەڕێ.

بۆ نانی نیوەڕۆ ، بردنمە یەکێك لە ڕیستۆرانە گەورەکان. کاکی ئنگلیز کەدەتگوت بەردەوام هەر نانی لەم ڕیستۆرانە خواردوە ، گوتی: من لێرە نان ناخۆم ، جگە لەوەی کە خواردنەکەیان باش نیە نرخەکانیشیان گرانن.

بەتوڕەییەوە پرسیم: ئەمەشت لە کتێباندا خوێندۆتەوە؟

: نەخێر ئەمەیان برادەرێك بۆی باسکردم و گوتی: ( بۆ نانی نیوەڕۆیان بچۆ بۆ کۆتایی بازاڕی ماسی فرۆشەکان و لەوێ دوکانێکی پاك و خاوێنی لێیە و خواردنەکانیشی هەرزانن).

بەو ناونیشانەی کە ئەو گوتی ، چوینە دوکانەکە و دوای نان خواردن ، دوکانە پیس و پۆخڵەکەیمان جێهێشت.

ئەمجارەیان ژن و مێرد پێیان لێ لەکەوشێ نام و گوتیان دەبێ بمانبەیتە چایخانەیەك تا نێرگەلە بکێشین. ئەوەندەی سەرم هێنا و برد دەبێ چایخانەی وا لەکوێ هەبێ؟ بەلآم بێسود بو! هیچ شوێنێکی لەو شێوەیەم بەبیردا نەهات. چونکە تا ئەو ڕۆژە نەنێرگەلەم کێشابو نەچوبومە چایخانان.

دوبارە جانتاکەیان کردەوە و کتێبێکیان هێنایە دەرێ و دوای برێك وردبونەوە ، منیان بردە چایخانەیەك و سێ نێرگەلەیان بانگ کرد.

دوای ئەوەی نێرگەلەکانیان هێنا ، دەستیان کرد بەکێشان و دوکەڵ فرێ دانەوە. منیش بۆئەوەی لەوان دوا نەکەوم ، فویەکم پێدا کرد و فتم کردەوە. کاتێکم زانی چی! ... هەرچی ئەو ئاگرەی لەسەر نێرگەلەکە بو پەرش و بلآو بۆتەوە و ئاو بەسەر نێرگەلەکەدا دێتە خوارێ.

جوتە ئنگلیزەکە ، دوای کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوەی ئەو شتانە ڕویان تێکردم و گوتیان: جارێکی تر فتی مەکەرەوە وەك جگەرە پیتکەی لێدە.

لەچایخانەکە هاتینە دەرێ ، بەرەو بازاڕە سەرداپۆشراوەکان کەوتینەڕێ. زۆر بەباشی شارەزای ئەم بازاڕە بوم. ئەمجارەیان من حەزم لێبو ئەوەی کە ئەوان لەهیچ کتابێکدا نەیانخوێندبۆوە و لەکەسیان نەبیستبو ، بۆیان باس بکەم.

هەرکە گەیشتینە بازاڕەکە ، کاکی ئنگلیز دایگرتم بەپرسیاران.

: بازاڕی لێفە دورەکان لەکوێیە؟

: بازاڕی وردەواڵە فرۆشەکان لەکوێیە؟

: بازاڕی عەنتیکە فرۆشەکان لەکوێیە؟

نەمدەزانی چ وەلآمێکی بدەمەوە ، هیچ کام لەو شوێنانەم پێنەدەزانی.

پێدەچو خانمە ئنگلیز هەستی بە نیگەرانی من کردبێ ، بۆیە گوتی: نیگەران مەبە ، چەند هەنگاوێك لەولاتر بوکەڵە فرۆشێکی لێیە و بوکەڵەکانی گرانبەهان ، با سەرەتا سەرێك لەوێ بدەین.

بەو ناونیشانەی کەخانم گوتی ، چوینە دوکانی بوکەڵە فرۆش و چەند بوکەڵەیەکمان کڕی. بەدەم ڕێگاوە ، کاکی ئنگلیز باسی مێژوی دروستکردنی بازاڕە سەرداپۆشراوەکانی بۆ دەکردم و بەبەڵگەوە دەیسەلماند کەبنیاتنەری ئەم بازاڕە کێیە. تەنانەت لەقسەکانیدا ئاماژەی بە داڕوخانی چەندساڵ لەمەوبەری بازاڕەکەش کرد.

شتێکی زۆر باش بو توانیم بەهۆی ئەوانەوە بازاڕی لێفە دورەکان و بازاڕی وردەواڵە فرۆشەکان و عەنتیکە فرۆشەکان و زۆر جێگای خۆشی ئەستانبوڵ ببینم.

عەسری ئەو ڕۆژە ، لەکاتێکدا کەخۆم بەپێوە ڕانەدەگرت ، ئەوانم گەیاندەوە میوانخانەکە و بۆخۆشم و ماندو و شەکەت ، گەڕامەوە ماڵێ.

سبەی بەیانی کە هاتمەوە لایان ، داوایان لێ کردم بیانبەمە حەمامێکی گشتی بۆئەوەی خۆیان بشۆن. دوای ماوەیەك ئەوانم گەیاندە یەکێك لە حەمامە باش و دانسقەکانی شار و خۆشم لەدەرێ چاوەڕوان مامەوە تا ئەوان لە حەمام دێنە دەرێ. کاتێکم زانی هەردوکیان بەپڕتاو لە حەمامەکە هاتنە دەرێ و بەناڕەزاییەوە گوتیان: بابە ئێمە گوتمان بمانبە حەمامێکی کۆن! نەك حەمامێکی سەردەمیانە کەتەواوی کەلوپەلەکانی دەرەکی بێت!

دوبارە ، خانم نەخشەیەکی تەواوی حەمامەکانی شاری دەرێنا و دوای کەمێك گوتی: باشترین حەمامیان هەر لەم نزیکانەیە ... بەڵام حەیف ... بەڕۆژ بۆ ژنانە و شەوانە بۆ پیاوانە ... چار نیە ئێستا من بگەیەننە ئەوێ و چاوەڕوانم بن تا خۆم دەشۆم.

دوای ئەوەی خانممان گەیاندە حەمام ، کاکی ئنگلیز پێشنیاری کرد بچینە چایخانەیەك و هەندێك تاوڵە بکەین.

: ئاخر ... من تاوڵە نازانم.

: دەتۆ وەرە من فێرت دەکەم.

بەهەزار حاڵ تا توانیم یاری تاوڵەی لەبیر بەرمەوە. باشبو دروست لەوکاتەشدا خانم لەحەمام هاتە دەرێ و ئیدی بە یەجگاری یاری تاوڵەی لەبیرچوەوە. ئەمجارەیان داوای لێ کردم بیبەمە حەمامێك کە بەڕۆژ بۆ پیاوان بێت.

باشبو بەهۆی ئەوەوە منیش بۆ یەکەم جار لەحەمامی گشتی خۆم شوشت. چونکە تائەو ڕۆژە هەر لە حەمامی ماڵێ خۆم شوشتبو ، لەژیانمدا نەچوبومە حەمامی گشتی.

ئیدی ئەوڕۆژە بەو شێوەیە تێپەڕی و شەوەکەشی چوینە کەنار دەریا و بەسواری بەلەمەوە کەوتینە ڕاوی ماسی (لۆفەر) .

لەماوەی ئەو پانزە ڕۆژەدا ، بەهۆی ئەوان و ڕێنمایی کردنیانەوە ، توانیم چی کتێبخانە و مۆزەخانە و شوێن و جێگای خۆش و بەناوبانگی ئەستانبوڵ هەبو – کەتا ئەو ڕۆژە تەنیا ناوم بیستبون - ببینم. بەتایبەتی بینینی کارگەی حەڵوا و دروستکردنی گسکم زۆر بەلاوە خۆشبو.

ئەو ڕۆژەی کەبڕیاربو بگەڕێنەوە ولأتەکەی خۆیان ، لێیان پرسیم: پێناچێ تۆ ئەستانبوڵی بیت! لەکەیەوە هاتویە ئەم شارە؟

: ڕاستە هەموی چەندساڵێك نابێ هاتومە ئەستانبوڵ.

: چەند ساڵ دەبێ؟

: پێنج ساڵ لەمەوبەر.

: ئەدی ئەم پێنج ساڵە چیت کردوە لەئستانبوڵ؟

: کاکە من کارمەندی دەوڵەتم ، لەبەیانیەوە تا ئێوارێ لەفەرمانگەدا خەریکی کار کردنم ... بواری گەشت و گەڕانم نیە.

ئەمجارەیان خانم ، وەك ئەوەی پەی بە نهێنیەکی گەورە بردبێ ، گوتی: ئەها! ڕاست دەکەی ... ئەمجار تێگەیشتم! من لەکتێباندا خوێندومەتەوە کە ئەستانبولیەکان بەهۆی کاروباری خۆیان و دەوڵەتەوە ، بەهیچ شێوەیەك ناپەرژێنە سەر گەشت و گەڕان. بۆیە دەکرێ بڵێین لێرە بەدواوە تۆ کەسێکی ئەستانبوڵێت.

کاکی ئنگلیزیش گوتی: بەداخەوە کە زستان بو و نەمانتوانی ئەو هەمو جێگا خۆش و جوانانەی ئەستانبوڵ ببینین.

منیش دوای ئەوەی ئەوانم گەیاندە فڕۆکەخانە و تا سەر پلیکانەکانی فڕۆکەکە بەڕێم کردن ، گەڕامەوە ماڵێ و دوای هەفتەیەك سوپاسنامەیەکم بۆ نوسین و تیایدا بەهۆی ئەو چاکەیەی کە لەگەڵ منیان کرد و بەو هەمو جێگا خۆشانەی ئەستانبوڵیان ئاشنا کردم ، سوپاسم کردن.

لەوەلأمدا ئەوانیش نامەیەکیان بۆناردمەوە و بەڵێنیان پێدام کە هاوینێ دێنەوە و جێگای هێندە خۆشم پێ نیشان دەدەن ، بەخەونیش نەمبینیبێ.

تێبینی / ئەم چیرۆکە لەنێوان سالأنی 2000 -2001 لە یەکێك لەژمارەکانی گۆڤاری ڕوانین بلأو بۆوە ، کە بەداخەوە سەرچاوەکەیم لەبیر نەماوە.

# جوتیار و خه یار

**لیۆن تۆلستۆی**

**ڕۆژیك جوتیارێك بۆخەیار دزین چوە نیو بێستانێکەوە ، لە بەر خۆیەوە گوتی: ( ئەم فەردە خەیارە دەبەم دەیفرۆشم. بەپارەکەی مریشکێك دەکڕم. مریشکەکە هێلکان دەکات و لە سەریان کڕ دەکەوێ و ڕەوەیەك جوجکەی لێ پاش دەکەوێ. دانیان دەدەمێ تا گەورە دەبن و دواتر دەیانفرۆشم و کودەڵە بەرازێکی پێدەکڕم و بەخێوی دەکەم تا گەورە دەبێ دواتر لەگەڵ بەرازێکی نێر جوتی دەکەم و دواتر دەزێ و کۆمەڵێك بەرازی لێ پاش دەکەوێ. دواتر دەیانفرۆشم و بەو پارەیەش ماینێك دەکڕم دواتر دەزێ و جوانوی دەبێت. جوانوەکان پەروەردە دەکەم و دواتر دەیانفرۆشم. بەو پارەیەش خانو و باخێك دەکڕم و خەیاری لێ دەچێنم و ناهێڵم یەك خەیار چیە بیدزن. زۆرباش پاسەوانی دەکەم. پاسەوانێکی بۆ بەکرێ دەگرم و هەر کاتێ ویستم بچمە شوێنێك ، هاوار دەکەم: هێی باش ئاگاداری باخچەکەبە.**

**کابرای جوتیار هێندە بەقوڵی لە فکران ڕاچوبو ، ئاگای لە خۆی نەمابو و نەیدەزانی چۆتە نیو باخێکی تر و بەکەیفی خۆی هاوار دەکات و بە هۆی هاتوهاواری ئەوەوە کابرای پاسەوان**

**ئاگادار بۆتەوە ، کاتێك بەخۆی زانی کوتەکێکیان سرەواندە بناگوێی.**

**سەرچاوە/** http://www.dibache.com

# ڤانکا

ئەنتۆن چیخۆف

کورپیژگەیەکی تەمەن نۆ ساڵەیان بەنێوی (ڤانکا ژۆکۆف) ، لەسێ مانگ لەوەوبەرەوە بە شاگردی ناردبوە لای (ئەلیاخین) ی سەڕاف. لەشەوی سەری ساڵی لەدایك بونی مەسیحدا خەوی لێ نەدەکەوت. چاوەڕوانبو تا وەستاکەی لەگەڵ ژن و منداڵ و کرێکارەکانیدا ، بۆ نزای شەوی جەژن لەماڵێ وەدەرکەوتن و چونە کلیسا. دوای ڕۆیشتنی ئەوان شوشەیەك مەرەکەب و قەڵەم و سەر قەڵەمێکی ژەنگگرتوی وەستاکەی دەرهێنا و کاغەزێکی نوشتاوەی لێك کردەوە و بەرلەوەی دەست بەنوسین بکات ، بەحاڵەتێکی تێکەڵ بەترسەوە سەرنجێکی دایە دەرگاو پەنجەرەکان و چەندجارێك لەو شەمایلەی - کە لە نێوان دو تاقچەی پڕ لەقاڵبی پێڵاو - بەدیوارەکەوە هەڵواسرابو، ورد بۆوە و ئاهێکی قوڵی پڕ لەخەمی هەڵکێشا و لەسەر ئەو پارچە کاغەزەی کە لەسەر نیمکێتەکە پانی کردبۆوە و خۆشی لەسەر زەویەکە چۆکی دادابون و بەسەریدا نوشتابۆە ، دەستیکرد بەنوسین: (باپیرەی خۆشەویستم کۆنستانتین ماکاریچ! ئەم نامەیە بۆ تۆ دەنوسم ، جەژنی لەدایك

بونی مەسیحت پیرۆز بێت ، خودا هەمو هیوا و ئارەزوەکانت بەدیبێنێ ، خۆ مـن نـەباوکم هەیە نەدایك! تۆ هەمو کەسێکی منیت! ).

له پەنجەرە تاریکەکە - کە بلێسەی ڕوناکایی مۆمەکە بەسەریەوە سەمای دەکرد - وردبـۆوە و لەودەمەدا ، ڕوخسار و شێوەی (کۆنستانتین ماکاریچ) ی باپیری – کەشەوانە ئێـشکی لـە ماڵی (ژیوارۆف) دەگرت - هێنایە بەرچاوی خۆی.

باپیری ڤانکا ، پیرەمێردێکی شەست و پێـنج سـاڵەی کورتـەباڵا و ڕەقەڵـە ، بـەلاّم لەهـەمان کاتدا گورج و بەڕاپەر بو، چاوانی خومار و هەمیشە دەم بەخەنـدە بـو. شـەوانە ، ئێـشکی لەماڵی (ژیوارۆف) دەگرت و بەڕۆژەوەش لە ئاشپەزخانەکە دەنوست ، یان سەری دەخـستە سەر کارەکەرەکان و دەیکردە گاڵتە و پێکەنین.

شـەوانە ، باڵتۆیـەکی لەچـەرم دروسـتکراوی دەڵـبی لەبـەر دەکـرد و بـەدەوری باخـچە و خانوەکەی ماڵی ژیوارۆفدا دەخولایەوە و بە (دار خەبەر★) مکانی دەستی ، دەنگـە دەنـگ و تەقە تەقێکی زۆری وەڕێ دەخست.

دو دانە سەگ ، کەیەکێکیان پیر بوو و نێوی (کاشتانکا) و ئەوەی تریان کـە سـەگێکی ڕەش و درێژ بوو و هەرکاتێ مـرۆڤ چـاوی پێبکەوتایـە جانـەوەری (ڕاسـۆ★) ی وەبیردەهاتـەوە و بەو هۆیەوەشەوە نێویان لێنابو (ڤیۆن) ، هەمیشە بەدوایەوە بون.

ڤیـۆن ، سـەگێکی بـەوەفا و گوێڕایـەڵ بـو ، لەگـەڵ کەسـانی نـامۆ و غەریبەشـدا بەهـەمان ئەندازەی خۆمانەکان ، گوێ لەمست بو. هەربۆیە هیچ کەس نـرخ و بایەخێکی ئەوتۆی بـۆ دانـەدەنا. بـەلاّم لەگـەڵ ئەوەشـدا لـەتوێی ئـەو گوێڕایـەڵی و میهرەبانیەیـدا ، چـەپەڵی و حەرامزادەییەکی شاراوە ، بەدی دەکرا. هیچ سەگێك بەئەندازەی وی نەیـدەتوانی لـە کـات وساتی خۆیدا ، دزانـە هێـرش بـەرێ و گـاز لـەقاچ و قـولی خـەڵك بگـرێ ، یـان شـتێك لـە گەنجینەی ماڵێ برفێنێ ، یان مریشکی موژیکێك بدزێ. ، چەند جارێك دارکاریـەکی بـاش کرابو ، هەفتە نەبو نەکەونە گیانی و تا نیوە گیان دەبو تێلاّ ترێنی نەکەن ، بەلاّم دوبـارە گیانی وەبەر دەهاتەوە و برینەکانی سارێژ دەبونەوە و سەرلەنوێ ڤیت دەبۆوە.

ڤانکا ، شێوە و ڕوخساری باپیری هێنایەوە بەرچـاوی خـۆی: لـەنزیك دەروازەی باخـچەکە ڕاوەسـتاوە و بەچـاوانی خـەواڵوەوە دەڕوانێتـە پەنجـەرە سـور و درەوشـاوەکانی کلیـسای گوندەکـە ، چـەکمە لبادیـەکانی ئـاڵوگۆڕ دەکـات ، سـەرمایەتی و لەگـەڵ کارەکەرەکانـدا کەوتۆتە گاڵتـە پێکـەنین ، کەشـێکی خۆشـی خولّقانـدوە و دارخەبـەرەکانی بەکەمەریـەوە کردون و لەسەرمان دەستەکانی لێك دەسوێ و پیرەمێردانە لەقاقای پێکـەنین دەدا و جـار جـار کارەکەرەکـە و جـار جـاریش ژنـی چێـشت لێنەرەکـە ، دەداتـە بـەر تانـە و تـوانج و

پیرەمێردانە لەقاقای پێکەنین دەدات. ئەمجا توتنەکەی دەنێتـە بـەرلوتی ژنـەکان و دەڵێ: تۆزێك بۆنی ئەم توتنە بکەن گەرم دەبنەوە. ژنەکانیش بـۆنی دەکـەن و دەکەونـە پـژمین. باپیرەش شاگەشکە دەبێ و لەقاقای پێکەنین دەدات و هاوار دەکات: ورچ زا. دواتـر قتـوی توتنەکەی دەخاتە بـەرلوتی سـەگەکان و کاشـتانکا پـژمین دەیگـرێ و لـۆزی وەردەگێـڕێ و بەڕەنجاویـەوە لـەباپیرە دوردەکەوێتـەوە. بـەلاّم ڤیـۆن بـەهۆی بەوەفاییەکەیـەوە بـەر بەپـژمینی خـۆی دەگـرێ و تـەنیا هەنـدێك دەمولـۆزی ڕادەوەشـێنی. کـەش و هەوایـەکی خۆشـی هەیـە ، دونیـا سـاف و ئـارام و سـاردە ، شـەوێکی تاریکـە و درەختـەکان بـە بـەفر داپۆشراون ، سەرانـسەری سـەربانی خانوەکـانی گوندەکـە ، بـەفر داپۆشـیون و دوکـەڵ لـە لولەی سۆبەکانەوە بەباقە دێنە دەرێ و پێچ دەخۆن و بەرەوە ئاسمان هەڵدەکشێن. ئاسمان ، یـەك پارچـە ئەسـتێرەیە و بەشـادیەوە دەتروسـکێنەوە. ڕێگـای کاکێـشان ، هێنـدە ڕونـە دەڵێی بەر لە جەژنی کریسمس ، بەبەفر شوشتویانە و وەبریسکەیان خستوە ...

ڤانکا ، ئاهێکی هەڵکێـشا و سـەری قەڵەمەکـەی لەمەرەکەبەکـە هەڵکێـشا و دەسـتی کـردەوە بەنوسین: (دوێنی لێیاندام ، خاوەن کارەکە بەپرچ ڕایکێشامە نێو حەوشە و بە قامـچیەکی چەرم هەمو لەشی شین و مـۆر کردمـەوە ، تـەنیا تـاوانم ئـەوە بـو بـەدەم ڕاژەنـدنی لانکـی منداڵـە پیـسەکەیانەوە ، خـەوم لێکـەوتبو. هەفتەیـەك لەمەوبـەریش ژنەکـەی پێـی گـوتم ماسی بۆ خاوێن بکەمەوە و منیش نەمزانی و لەکلکیەوە دەسـتم بـە پاککردنـەوەی کـرد ، ئیـدی ئـەوەبو ماسـیەکەی لەدەسـتم دەرهێنـا و کێـشای بەسـەرمدا. شـاگردەکانیش سـەر دەنێنە سـەرم و گاڵتـەم پێدەکـەن. دەمنێـرن ڤۆدکایـان بـۆ بکـڕم و زۆرم لێدەکـەن لـەماڵی وەسـتاکەمان خەیارشـۆریان بـۆ بـدزم. وەستاکەشـم ، بەهەرچـیەکی بکەوێتـە بـەر دەسـتی دەستم لێناپارێزێ و دەکەوێتە وێزەم. نان و ژەمەکانیش ئەوە هـیچ! بـەیانیان پارچـەیەك نان ، نیوەڕۆیان شیربرنـج ، دوا نیوەڕۆیانیش پارچەیەك نان ، باسی چای و ئـاو گۆشـتیش هەرمەکە! ئەمە تـەنیا خـواردنی خۆیانـە و خۆیـان قوزەڵـەقورتی دەکـەن. شـەوانە جێگـام لەدالأنەکە بۆ ڕادەخەن. کاتێ منداڵەکەیان دەگری ، دەبێ بچمە سەری و لانکەکەی ڕاژێنم. خەوم هەر نیە! بابەگـەورە تـو خـودا بـەزەییت پێمـدا بێتـەوە و بمبـەرەوە بـۆ گوندەکـەی خۆمان ، بمبەرەوە بۆ ماڵ ، ئیدی لەتوانامدا نەماوە ... قاچەکانت مـاچ دەکـەم! تکاکـارم لەخودا ئاگادارت بێت ، لێرە ڕزگارمکە ، دەنا چیتر لەتوانامدا نەماوە و دەمرم).

ڤانكا ، بە بەری دەستە ڕەش و چڵكنەكەی ، چاوەكانی پاك كردنەوە و ئاهێكی هەڵكێشا و بەدەم هەنیسكی گریانەوە ، درێژەی بەنوسیندا: ( توتنت بۆ ورد دەكەم ، نزات بۆ دەكەم ، ئەگەر كارێكی خراپم كرد ، تادەتوانی لێمدە! ئەگەر پێشتوایە لەوێ كارێكم وەگیر ناكەوێ ، دەچمە لای پێشكارەكە و بەخودا و بەمەسیح سوێندی دەدەم تا پێڵاوەكانی بۆ بۆیاغ بكەم ، یان لەبری (فیدكا) دەچمە لای شوانەكان و لە لەوەڕاندنی مەڕەكانیدا یارمەتیان دەدەم. بابەگەورەی خۆشەویستم! ئیدی من توانام نەماوە ... خەریكە دەمرم ... جاری وایە دەڵێم بڕۆم هەڵێم و خۆم ڕزگاركەم و خۆم بگەیەنمەوە گوند ، بەڵام پێڵاوم نیە ، زۆر لەو سەهۆڵبەندان و بەستەڵەكەش دەترسێم ، هەركاتێ گەورەش بوم وەڵامی ئەم چاكەیەت دەدەمەوە و بەخێوت دەكەم و ناهێڵم كەس ئازارت پێبگەیەنێ. دوای مردنیشت نزای بەخێرت بۆ دەكەم ، وەك ئەو نزایانەی كە بۆ پێلاگێیای دایكم دەیانكەم. ئەگەر لەبارەی مۆسكۆشەوە دەپرسی ، مۆسكۆ زۆر گەورەیە ، تەواوی خانو و باڵەخانەكانی ئاغایانەن. ئەسپێكی یەجگار زۆری لێیە ، بەڵام مەڕت بەرچاو ناكەوێ. سەگیشی زۆر لێن ، بەڵام بێ ئازارن و گاز لەكەس ناگرن. لێرە منداڵان لەشەوی جەژندا بۆ كۆكرنەوەی پارە بەكۆڵانآندا ناگەڕێن. لەنێو كلیساشدا غەریبەكان بۆیان نیە خۆیان تێكەڵی گروپی ئاواز خوێنەكان بكەن. ڕۆژێكیان لێرە ، لەپشتی شوشەی دوكانێكەوە جۆرە قولابێكی ماسی گرتنم بینی بە دارەكەیەوە دەیانفرۆشت كە بۆ گرتنی هەمو جۆرە ماسیەك دەشیا ، بەهێز و قایم. تەنانەت قولابێكم بینی كە دەكرا ماسی (ئەسبێلا) ی سێ مەنیی پێبگریت. دوكانی واشی تێدایە جۆرەها تفەنگی فرۆشتنی تێدا دەفرۆشرێ. تەنانەت تفەنگی وەك تفەنگەكانی ئاغای دێیەكەی خۆشمانی لێیە. كە لەوانەیە نرخی هەریەكێكیان سەد ڕۆبڵ بێت ... لەدوكانی گۆشت فرۆشەكانیشدا هەرچی گۆشتێكی تۆ دەتەوێ لێیەتی ، لەگۆشتی كەڵەشێری قەرەجە گەڕۆكەكانەوە بگرە تا گۆشتی سوێسكە و كەروێشك ، بەڵام گۆشت فرۆشەكان شوێنی ڕاوكردنیان بەكەس ناڵێن ... بابەگەورەی خۆشەویست ، كاتێ درەختی جەژن لەماڵی ئاغا دەڕازێننەوە ، بیرت نەچێ گوێزێكی زێڕین لەدرەختەكە بكەرەوە و لە سندوقە سەوزەكەی خۆتدا بۆم بشارەوە. بەخانمە بچكۆلە (ئۆلگا ئیگناتیۆڤنا) بڵێ كە ئەو گوێزەت بۆ منە).

ڤانكا ، ئاهێكی خەمناكی هەڵكێشا و جارێكی تر چاوی بڕیە پەنجەرەكە و بیری كەوتەوە كە هەمو جارێ باپیری بۆ هێنانی درەختی كریسمس دەچوە نێو جەنگەڵ و ئەویشی لەگەڵ خۆیدا دەبرد. چ ڕۆژگارێكی خۆش بو! هەم دەنگی باپیرە دەبیسترا و هەم بەفر لەژێر پێیدا دەكەوتنە قرچەقرچ ، هەم ڤانكاش لەخۆشیان هاواری دەكرد. باپیرە

بەرلەوەی دار کاژێك بۆ درەختی کریسمس ببڕێتەوە ، قەنەیەکی ساز دەکرد ، ماوەیەك بۆنی بەتوتنەکەوە دەکرد و پێکەنینی بە ڤانکا دەهات – کە لەسەرمان دانەچۆقەی پێکەوتبو. کاژە تازە هەڵچوە بەبەفر داپۆشراوەکان ، چاوەڕوانبون ئاخۆ لەونێوەدا کامەیان بەزەویدا دەدرێ و دەبڕدرێتەوە. لەناکاو کەروێشکێك لەپەنایەکەوە لەنێو ئەو بەفرەدا دەردەپەڕی و ... بابەگەورەش دەیکردە هاتوهاوار بەدوایدا: بیگرە ... بیگرە ... ئەی شەیتانی کلك بڕاو!

دواتر دارکاژە بڕاوەکەی بەڕاکێش ڕاکێش دەهێنایەوە ماڵی ئاغا و دواتر دەکەوتنە ڕازاندنەوەی. ئۆڵگا ئیگناتیۆڤناش - بونەوەرێك کە ڤانکا لەهەموان زیاتر هۆگری ببو - لەهەموان زیاتر بە جوانکردنی درەختەکەوە ماندو دەبو. ئەو کاتەی کە هێشتا دایکی ڤانکا نەمردبو و لەماڵی ئاغادا کارەکەری دەکرد ، ئۆڵگا هەمیشە ئاونەباتی دەدایە و هەر لەو سەروبەندەشدا بو لەبەر بێکاری ، فێری نوسین و خوێندنەوە و ژماردن هەتا سەد و تەنانەت فێری سەمای کادریشی کرد. ئیدی ئەوەبو دوای مردنی دایکی ، ڤانکایان بۆ ژوری خزمەتکارەکان ، بۆ لای باپیری ڕەوانە کرد و دواتریش لەوێوە ڕەوانەی لای ئەلیاخینی سەڕافیان کرد لە مۆسکۆ ...

ڤانکا ، دەستی بەنوسین کردەوە: ( باپیرەی خۆشەویست ! توخوا وەرە بۆ ئێرە و ڕزگارمکە! تۆ پیرۆزیی مەسیح وەرە و ڕزگارمکە! بەزەییەکت بەمنی هەتیوی کەساسی بەدبەختدا بێتەوە ، ڕۆژ نیە دارکاریم نەکەن! خەریکە لەبرسان دادەهەزێم! ئەوەندە دڵم پڕە لەباسکردن نایەت ، بەردەوام دەگریم! لەم ڕۆژانەدا وەستاکەم قالبێکی پێڵاوی کێشا بەسەرمدا ، کەوتمە سەر زەوی ، ئاگام لەخۆم بڕا ، بەزۆر چاوی خۆمم کردەوە. ژیانم زۆر ناخۆشە، ژیانی سەگ زۆر لەژیانی من خۆشترە ... سڵاوم بگەیەنە بە (ئێلینا) و (یۆگۆرکا) ی یەکچاو و گالیسکەڕانەکە. مەهێڵە کەس دەسکاری ئۆکۆردیۆنەکەم بکات. نەوەی خۆت / ئیڤان ژۆکۆڤ. توخودا زوتر وەرە و ڕزگارمکە).

ڤانکا ، دوای ئەوەی نامەکەی نوسی ، قەدی کرد و نوشتاندیەوە و کردیە ناو ئەو زەرفەی کە ڕۆژی پێشتر بەکۆبیکێك کڕیبوی ... دوای کەمێك بیرکردنەوە ، سەری قەڵەکەی تەڕ کرد و ناونیشانەکەی لەسەر نوسی: بگاتە خزمەتی بابەگەورەم لەگوند ... دوای ئەوەی هەندێك سەری خوراند و هەندێك بیری کردەوە ، لێی زیاد کرد: کۆنستانتین ماکاریچ.

زۆر خۆشحاڵ بو لەوەی کە هیچ کەسێك لەکاتەدا نەهات و نەبوە ڕێگر لەبەردەم نوسینی نامەکەی.
دواتر کلاوەکەی کردە سەری و بێ ئەوەی باڵتۆکەی لەبەرکات ، بەکراسێکەوە ، تا لای نزیکترین سندوقی پۆستە ڕایکرد ...
شەوی ڕابردو ، پرسیاری لە شاگردەکانی قەسابەکەی سەری کۆڵانەکە کردبو و ئەوانیش وەڵامیان دابۆوە و گوتبویان دەبێ نامە بخرێتە سندوقی پۆستەوە و پاشان چەند تەتەرێك سندوقەکان دەکەنەوە و بەسواری (ترۆیکا*) ی زەنگوڵەدارەوە ، ئەگەر تا ئەوسەری دونیاش بێت ، نامەکە دەبەن و دەیگەیننە دەستی ئەو کەسەی کە بۆی ڕەوانەکراوە.
ڤانکا ، بەرەو یەکەمین سندوقی پۆستە ڕایکرد و نامە بەنرخ و خۆشەویستەکەی لەدرزی سندوقەکەوە ئاودیو کرد ...

کاتژمێرێك دواتر ، بەئاوازی لایلایەی ئومێدێکی شیرینەوە ، چوە نێو خەوێکی قوڵەوە...
لەخەونیدا؛ بابە گەورە لەسەر کوانویەکی بەخشتی سور دروستکراو ، دانیشتبوو و قاچە ڕوتەکانی شۆڕ کردبونەوە و نامەکەی ئەوی بۆ کارەکەرەکان دەخوێندەوە ... ڤیۆنیش بەتەنیشت کوانوەکەدا دەهات و دەچو و کلکی دەلەقاند...

(دار خەبەر*) دارێکە لەشێوەی کەوچك ، پاسەوان و ئیشکچیەکان ، جار جار شەوانە دەنگە دەنگێکی پێ دروست دەکەن.
(ڕاسۆ*) مشکی خورما ، گیانەوەرێکی گوانداره ، لەمشکی ماڵ گەورەترە ، ڕەنگی خۆڵەمێشیەکی تێکەڵ بەزەردە ، دەم و لۆزێکی باریك و درێژی هەیە ، لەئاسیا و ئەفریقا و بەتایبەتی هیندستان زۆرە.
(ترۆیکا*) خێشکێکە بە سێ ئەسپ ڕادەکێشرێ.

سەرچاوە / مجموعە اسار چخوف / داستانهای کوتاه / ترجمه سروژ استپانیان / انتشارات توس.

# گێزەر

پیتەر هێرتلینگ

ئەم چیرۆکە ڕوداوێکی ڕاستەقینەیە. دەکرێ بڵێین نەهێنـدە جوانـە ، نـە شـایانی ئەوەشـە مرۆڤ شتێکی لێوە فێربێت ، بەڵکو بەرلەهەمو شتێك ، خەماویە.
ئەم ڕوداوە لـە سـەردەمی شـەڕدا ، یـان دروسـتتر بڵێم لـەکۆتایی جـەنگی جیهـانی دوەمـدا ڕویدا. تۆ ناتوانی دیمەنێکی دروستی جەنگ بێنیتە بەرچاوی خـۆت. تـەنیا هەنـدێك جـار لەتەلەفزیۆنەوە دیمەنی سەربازانێك دەبینی لەحاڵی شەڕدان ، یان کوژراون ، یان دیمـەنی ژنان و منداڵانێك دەبینی لەحاڵی هەڵاتن و خۆ قوتار کردندان.

لەحاڵەتی شەڕ و کاولکاریەکاندا گەرچی منداڵان کەمتر دەترسێن و لەکاتی یاری کردنیشدا شەڕیان وەبیر نامێنێ ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەلومەرجی ژیانیان لەهەموان ناڵەبارتر و دژوارتر دەبێت.

کوڕیژگەیەك - كە ئێستا نیازی ئەوەم هەیە لەبارەی ئەوەوە قسەتان بۆبکەم - هەبو نێوی (ئاتۆ) بو. ئێستا ئیدی گەورەبوە و بۆتە خاوەنی ژن و منداڵ. جاری واهەیە بیردەكاتەوە و دەگاتە ئەو باوەڕەی چ خۆشە منداڵەكانی هەرگیز نەزانن جەنگ چیە. بەڵام بۆخۆی زۆر جاران ئەم چیرۆكەی بۆ منداڵەكانی گێڕاوەتەوە . كەلەڕاستیدا ئەم چیرۆكە بەسەرهاتی خودی خۆیەتی.

ئاتۆ ، لەگەڵ دایك و خوشك و براكانیدا ، لەترسی بەلاّ و كوێرەوەریەكانی شەڕ ، بەردەوام لەحاڵی هەلاّتندا بون. هاتنە كوێرەدێیەك. جێگایەك كەدەبوایا ماوەیەكی باش گەڕابان تا ژورێكیان وەچنگ دەكەوێ كە توانیبایان تێدا بژین. ئەم پێنج كەسە نزیكەی ساڵێك لەو دێیەدا مانەوە. ژورەكە تەختە خەوێكی تێدا نەبو ، شڕوشیتاڵەكانی خۆیان لەسەر زەویەكە ڕادەخست و لەسەری ڕادەكشان. چونكە بەردەوام ماندوو و شەكەت بون ، یەكسەر خەویان لێدەكەوت.

خەڵكی دێیەكە ، چاوەڕوانی سەربازە ڕوسەكان بون. ترسێكی گەورە ، باڵی بەسەر ئاواییەكەدا كێشابو. بەدرێژایی شەوێ دەنگی تۆپ و تفەنگان دەبیسترا. بەلاّم دوای ئەوە ، بێدەنگی هەمو شوێنێكی دەگرتەوە. هیچ كەسێك نەیدەوێرا بێتە دەرێ و بەكۆلاّناندا بگەرێ. یان بەواتایەكی تر هیچ مرۆڤێكی بەتەمەن و كامڵ نەیدەوێرا بێتەدەرێ.

منداڵەكان ئازاتر بون. چەند دانەیەكیان بەنێو بێدەنگی مەرگهێنەری ئاواییەكەدا ، دەهاتن و دەچون. ئاتۆش یەكێك بو لەومنداڵانە. سواری كامیۆن و ئۆتۆمبیلە سەربازیە لەكار كەوتوو و تێكشكاوەكان دەبون. هەندێك جاریش چەكیان دەدۆزیەوە ، بەلاّم نەدەوێران دەستی بۆ بەرن.

تانكێكی تێكشكاویان دۆزیەوە ، چونە نێوی و جێگای خۆیان تێدا خۆش كرد. بەیانی بو كە گوێیان لەدەنگەدەنگێك بو — دەنگی سیڕەی زنجیری تانكەكان — سەیریانكرد چەند تانكێكیان بەرچاو كەوت كە بەرێدا دەرۆیشتن. دیتیان چۆن سەربازە ڕوسەكان بەنێو كۆلاّنەكانی ئاواییەكەدا سەرەوژێر دەبنەوە. لەپێش هەموشیانەوە گالیسكەیەك بو كە سەربازێك لەنێویدا بەپێوە ڕاوەستا بوو و ئەسپەكانی دابوە بەر قامچی. ئاتۆ بەدیتنی ئەو سەربازە كە چەشنی سەماكەرێك بەسەر گالیسكەكەوە ئەملاوئەولای دەكرد ، زۆر سەرسام بو.

منداڵەکان لـەنێو تانکەکـە هاتنــە دەرێ ، زۆر دەترسـان ، بـەڵام سـەربازەکان بەنیـشانەی دۆستایەتی دەستیان بۆ هەڵدەشەقاندن. سەربازێکیشیان لەنێو کامیۆنێکی بارهەڵگردا نانی بۆ هەڵدەدان.

ئیدی هەموویان توانیان بەنانێکی باشەوە بگەڕێنەوە مـاڵێ. کـاتێ ئـاتۆ بەنانـەوە گەڕایـەوە ماڵێ ، دایکی بەتوندی بەسەریدا قیژاند کە چۆن بەبێ مۆڵەتی وی لـەماڵێ وەدەرکـەوتوە. بـەڵام لەکۆتاییـدا هەرچیەك بـو لەبەرئـەوەی نـانی پەیـداکردبو ، خۆشـحاڵ بـون. منـیش دەمەوێ لەبارەی نانـەوە بـدوێم ، یـان ڕاسـتتر وایـە بڵێم: لـەبارەی ئـەو نانـەی کەخـەڵکی نەیانبو بیخۆن.

تۆ نازانیت (برسێتی) چیە و چۆنە؟ ئێستاش خـەڵکی وا لـەم دونیایـەدا هـەن ، نـان نیـە بیخۆن. برسێتی ، وردە وردە تین بۆ مرۆڤ دێـنێ ، سـەرەتا زگ حاڵـەتێکی بـەتاڵی نـاخۆش بەخۆوە دەبینێ ، مـرۆڤ واهەست دەکـات کـە تێـرو پـڕە ، بـەڵام دواتـر ، دوای ماوەیـەکی کـورت ، ژانـی برسـێتی دەسـت پێـدەکات. ژانێـك کـە هـەمو ئەنـدامانی جەسـتە هەسـتی پێدەکـەن. چەشـنی سـەر لەقاچەکانیـشدا هەسـتی پێـدەکرێ ، بـەڵام سـەر بـەر لـە هـەمو ئەندامانی جەستە ، هەستی پێدەکات.

کەسێك کە برسێتیەکی کاتی بینیبێ ، نازانێ چ بکا تا خۆی لەم برسێتیە ڕزگار بکات.

برسێتی ، مرۆڤ شێت دەکات. منـداڵان ئەوکاتانـەی برسـیانە دەسـت بـەپرمەوهۆڕی گریـان دەکەن. دایکانیش دۆش دادەمێنن و خەفەتیان لێـدەخۆن. جارێکیـان کـە ئـاتۆ دو ڕۆژ بـو هیچی نەخواردبو ، دایکی قەیتانێکی پێڵاوی دایە ، تا بیجوێ. گەرچـی ئـەمـە نەیـدەتوانی تێری بکات ، بەڵام بەم شێوەیە ئاتۆ بیری کردەوە کە ئەم قەیتانە دەتـوانێ چـی بـۆ بکـات! خۆ نەپارچە گۆشتێك بو! نەنان بو! نەماکارۆنی ، یان هەر شتێکی تر کە حەزی لێدەکرد.

لەودێیــەدا ، کەســانێك هــەبون کــە تێــر و پــڕ بــون و نەیانــدەزانی برســێتی چــیە. لەباخـچەکەکانیاندا سـەوزەیان دەچـاند و کەلوپـەلی خواردەمـەنی زیـادەی تریـان هـەبو لەعەمبارەکانیاندا. هێندێك جار منداڵەکان سواڵیان لێدەکردن ، بەڵام بەدەگمەن شتێکیان دەدانـێ. چـونکە لەڕوانگـەی ئـەو جـۆرە کەسـانەوە ئـەوان منـداڵ و پـاڵی بێگانـان بـون و لەشوێنێکی ترەوە ڕویان کردبوە ئەوێ.

خاوەنی ئەو خانوەی کە مـاڵی ئـاتۆی تێـدا دەژیـان ، باخـچەیەکی لەوشـێوەی هـەبو. ئـەو خانوە بەرزە ، لەسەر بەرزاییەك دروست کرابو و لە خوار بەرزاییەکەوە پلیکانیان دروست کردبون ، بەتەنیشت جۆگا ئاوەکەوە باخچەیەکیان هـەبو کـە دەورانـدەوریان بـە بـەرزیی ،

به تێلدڕو ، پەرژین کردبو. ئیدی زۆر شتی وەك تور ، کەلەم ، سپێناخ ، کاهو ، بەشێکی زۆریش گێزەر یان تێدا چاندبو.

جارێکیان ، سەروەختی نیوەشەوێ ، سەربازە ڕوسەکان لەنێو حەوشەی ماڵێدا کردبویانە هاتوهاوار و جەژنیان دەگێڕا و گۆرانیان دەگوت و سەمایان دەکرد و دەیانخواردەوە.

ئاتۆ ، لەژورێ وەدەرکەوت. وردە وردە بەرەو پلیکانەکانی باخچەکە وەڕێ کەوت. بەهێواشی وردە وردە ، لەحاڵێکدا بەردەوام چاوی دەگێڕا ، نەبادا کەسێك بیبینێ ، چوە نێو باخچەکەوە. هەستی بەبۆنی خۆشی سەوزە و گێزەر کرد. برسێتی تینی بۆ هێنابو ، سەری بردە ژورێ و لەسەر سینگ ڕاکشا و بەسینگەخشێ و بەوریاییەوە دەستی بۆ گێزەرەکان برد.

بەئاسانی گێزەرێکی لەزەویەکە هەڵکەند. گێزەرێکی گەورە بو ، ڕەنگێکی سوری جوانی هەبو.

ئاتۆ ، لیکی بەزاریدا دەهاتە خوارێ. لەکاتێکدا کە دەیویست لیکاوەکەی دەمی بسڕێتەوە ، دەستێکی بەهێز و ئەستور ، توند قوڕگی گرت و دەستێکی تر ، بەهێزێکی زۆرەوە کەوتە کوتان و تێهەڵدانی.

کابرای خاوەن باخچەکە بو ، پێدەچو دەمێك بێ چاودێری کردبێ. ئەو لەدواوە کەوتبوە تێهەڵدانی ئاتۆ و سەرەنجام لەکۆتاییدا سەری بەرەو زەویەکە شۆڕ کردەوە و نەڕاندی: (دەبخۆ دەی!) .

ئاتۆ هەرچۆنێك بو هەستایەوە ، تەواوی جەستەی دەیزریکاند ، بەرامبەر پیاوەکە ڕاوەستا.

پیاوەکە گوتی: (بێنە ئەو گێزەرەم بدەرێ!).

بەڵام ئاتۆ توند گێزەرەکەی گرتبو.

خاوەن باخچەکە دوبارەی کردەوە: ( گوتم بێنە ئەو گێزەرەم بدەیە!).

ئاتۆ ، بە سەرلەقاندنێك ، وەڵامی نەخێری دایەوە.

لێرەدا ، خاوەن باخچەکە پەلاماری ئاتۆی دا و بەزۆر گێزەرەکەی لەدەست دەرهێنا و گوتی: ( ئیدی بێرەدا نەیەوە ها!).

درەنگانێکی شەوێ ، ئاتۆ بەجل و بەرگی قوڕاویەوە گەڕایەوە ماڵێ.

دایکی بەسەریدا قیژاند. بەڵام ئاتۆ هیچی لەوبارەیەوە نەگوت. تەنیا بێ ڕاوەستان ، لەخۆی دەپرسی: لەبەرچی خاوەن باخچەکە لانیکەم گێزەرێکی نەدایە؟ خۆ دەیزانی چەندە برسیە؟

ئاتۆ ئێستاش ئەم پرسیارە لەخۆی دەکات.
ڕاستە ئەو کارەی ئەو کردی دزی بو ، کارێکی باش نەبو.
بەڵام ئایا جگە لەمە هیچ ڕێگاچارەیەکی تری هەبو؟

سەرچاوە/ 43 داستان عاشقانە / ترجمە علی عبدللهی / نشر مرکز

میر مرژۆك

سلاڤ

# جەژنی لەدایکبون

چـوبومه لای پارێزەرەکـەم. باڵەخانەکەشـی جێگـای شـك و گومـان بـو. لەپـشتی دەرگـا تۆڕیەکان و گەلاَی گوڵە کاغەزیەکانەوە ، ڕوناکیەکی کەم دەڕژایە ژورێ. خـانمی خاوەنمـاڵ لەسەر موبێلێکی بەڕوپۆشی سپی داپۆشراو ، پاڵی دابـۆوە. لیباسـێکی بەنەخـشی پەپولـەی دەبەردابو. پەپولەی گەورە و بەرچاو.

هـەرکاتێ ئۆتـۆمبێلێکی بـاری ، یـان هـەر هۆکـارێکی گواسـتنەوەی لەوشـێوەیە بەکۆلاَنێـدا تێپـەڕیبا ، دەنکـە شوشـەکانی ئـەو سـورەییایەی کـە بەسەرسـەری منـەوە هەڵواسـرابو ، بەریەك دەکەوتن و دەکەوتنە جرینگە جرینگ.

کاتێ وردە وردە چاوم لەگەڵ ڕوناکیەکەی نێو باڵەخانەکە ڕاهـات ، لەسوچـێکی ژورەکـەدا ، بەرامبـەر خـۆم ، چـاوم بـە قەفەسـێکی سـەرئاوەلاَ کـەوت. قەفەسـەکە وەك قەفەسـی ئـەو مندالاَنە بو کە تازە بەسەرپێ دەکەون و بەرزیەکی باشی هەبو و لەنێویدا و لەپـشت میلـە دارینەکانیەوە مێزێکـی بـچوك و لەپـشتی مێزەکەشـەوە پیاوێـك دانیـشتبوو و سـەرگەرمی چنین بو. لەبەرئەوەی خانمی خاوەنماڵ ئەوی پێنەناساندم و تەنانەت یەك جاریش چیە سەیری نەکرد ، منیش بەباشم نەزانی سەبارەت بەو بابەتە هیچ پرسیارێکی لێبکەم.

زۆر مەراقم بو بزانم ئەو پیاوە لەنێو ئەو قەفەزەدا چ دەکا؟ تەنانـەت توشـی دڵـەڕاوکێش هاتم ، بەلاَم هەرچۆنێك بو دانم بەخۆمدا گرت و وا خۆم نیشاندا کە هەر نەشمبینیوە.

سەرەنجام دوای تێپەڕینی چەند خولەکێك - کە بۆ ئەم جۆرە دیدارانە زیادیشە - لەجێگای خۆم بڵند بوم و خواحافیزیم کرد.

لەکاتی چونەدەرەوەدا چاوقایمانە سەیرێکی قەفەسە بچوکەکەم کرد ، بـەلاَم تـەنیا تـوانیم لایەکی ڕوخساری ببینم کەخۆی بەسەر پارچەیەکدا نوشتاندبۆوە و شتی دەچنی.

خاتونی پارێزەر ، لەکاتێکدا بەرەو دەرگای دەرێ بەڕێی دەکردم ، بەوپـەڕی میهرەبانیـەوە پێی گوتم کە دەبێ ڕۆژی شەممەی هەفتەی داهاتو لەجـەژنی لـەدایکبونی هاوسـەرەکەییدا بەشداربم.

لەبەرئەوەی تازە هاتبومە ئەو شارە ، ئـەوەی کـە لـەماڵی پارێزەرەکـەدا بینـیم و بەرچـاوم کـەوت ، بەیـەکێك لـە تایبەتمەنـدی و دابونەریتـەکانی خـەڵکی شـارەکە تێیگەیـشتم و ئومێدەواربوم شەممەی داهاتو شتێکی لێ هەڵکرێنم.

شەوی شەممە ، جلوبەرگێکی پۆشـتەم لەبـەرکرد و بـەرەو ڤێلاکـەی بـەڕێز پـارێزەر وەڕێ کەوتم. خانوەکە لەنێو ڕوناکیدا غەرق ببو و لەدورەوە دەدرەوشایەوە . کەمێکیش لـەولاتر ، لە بنکەی ژاندرمان ، کردبویانە جـەژن و ئاهـەنگ گێـڕان و ئاگربـازی. ئەمـەش نیـشانی

دەدا کـە بنکـەی ژاندرمــەش بەبۆنــەی لـەدایکبونی بــەڕێز پــارێزەر و ڕاوێــژکاری شــارەوە بەشداری ئاهەنگەکە دەکەن.

لەدەرگا دارینەکەوە چومە ژورێ. ئەو ڕاڕەوەی کە لەدەرگای باڵەخانەکـەوە دەچـوە ژورێ ، وەك ڕۆژ ڕوناك بوو و کرابوە چراخان. لەوێڕا یەکڕاست چومە نێو باڵەخانەکـە. تیـشك و چراخان چاوی مرۆڤیان کوێر دەکرد. مۆبیلەکان بێئـەوەی سەرپۆشـیان پێدابـدرێ ، سـپی دەچـونەوە. ســەیرێکی ڕوخــساری ســوری کەشــیش و ڕوخــساری زەردی خــاتون و کــاکی دەرمانسازم کرد.

دکتۆر و خانمەکـەی - کەسـەرۆکایەتی ڕێکخراوییێکـی دەکـرد و خـاوەنی کارگەیـەکی قەڵـەم دروستکردنیش بو - لەگەڵ بەڕێز پارێزەر و هاوسەرەکەیدا پێشوازیان لێکـردم. لەحاڵێکـدا کە بەدەم پیرۆزبایی لێکردنی  بەڕێز پارێزەرەوە ، دیاریەکەی خۆم دەدایە بـەڕێز پـارێزەر ، خاتونی خاوەنماڵ - کەجلوبەرگی شەوێی دەبـەرکردبون و شـاڵێکی لـەدەوری گەردنییـەوە پێچابو — داوای لێکردم دانیشم.

چـەندی هەوڵمـدا هـیچ هـەلێکم بـۆ هەڵنەکـەوت. بـۆ یەکـەم جـار کـاتێ تـوانیم بـەدەم قسەکردنەوە چـاوێك  بـەنێو ژورەکـەدا بگێـڕم و تـوانیم لەوشـلۆغیەدا بێئـەوەی کەسـیان هەستم پێبکەن ، سەرم وەرسوڕێنم.

بەڵێ! بەهەڵەدا نەچوبوم ، لەسوچێکی ژورەکـەدا و لـەژێر نەخلێکـدا قەفەسـێك هـەبوو و لەنێویدا پیاوێك ڕاکشابو ، کە بە بـەراورد لەگـەڵ جاری پێـشتردا قەدوقیافـە و ڕوخـساری ڕێکوپێکتر دەهاتـە بەرچـاوان. دەسـتەکانی لەسـەر دەموچـاوی دانـابون هـەلاژیابو. تـا ئـەو جێگایەی کە دەکرا و ئاسایی بو  سەرم بەرەو ئەو گۆشەیە وەرسوڕاند و تێمڕوانی. دیـاربو ئەوانەی تر میوانی بەردەوامی ماڵی پارێزەر بون بۆیـە هـیچ گرینگیـەکیان بـە قەفـەس و پیاوەکەی ناوی نەدەدا. هەروەك لەو جۆرە جەژنانـەدا بـاوە ، بـەدەنگی بـەرز و بەگـەرمی لەنێو خۆیاندا کەوتبونە قسەکردن.

کابرای نێو قەفەسەکە دەتگوت هەستی بە نیگاکانی من کردوە ، چـەند جارێـك پێڵوەکـانی هەڵبڕین ، بەلام دوبارە چوەوە نێو دۆخی پێشوی. دۆخی بێبایەخی و گرینگی پێنەدان.

لـەکاتی قـسەکردن لەگـەڵ کـابرای دەرمانـساز و کەشیـشدا ، لـەناخی خۆمـدا بەسـوربون و پێداگریەوە — لەوانەیە بێهودەش بوبێت — هەوڵمدەدا وەلامێك بۆ پرسیاری ئەو قەفەسـە و پیاوەکەی نێوی بدۆزمەوە.

دەرگاکە خرایە سەرپشت و خزمەتکارەکان مێزێکیـان بـەڕاکێش ڕاکـێش هێنایـە نێوەنـدی ژورەکە. چەقۆ و چنگاڵ و دەفریـان لەسـەر دانـان. خـۆراك و بتڵـی جـۆراو جـۆر و ڕەنگـاو

ڕەنگیـان  لەسـەر ڕیـز کـردن. دواتـر منداڵـەکانی بـەڕێز پـارێزەریش هـاتن و لەگەڵمانـدا دانیـشتن. دیمـەنی خـۆراك و خواردنـەوەکانی سـەر مێزەکـە ، شـۆڕ و شـەوقێکی زیـاتر بەمیوانەکان بەخشی.

دوای بەتاڵ بونی یەکەمین جامی شەڕاب ، کەشێکی شاد باڵی بەسەر دانیـشتنەکەدا کێـشا. لەپڕ لەنێو پڕمەی پێکەنینی خاتونەکان و شۆخی و گاڵتەی پیاوەکاندا ، دەنگی گۆرانیـەك بیسترا ، کابرای نێو قەفەس تێیهەڵکردبو: " ڤۆلگا ... ڤۆلگا ..."

ئـاوازێکی خـەماوی و بیرهێنـەرەوەی یادەوەریـەکان ، هـاوڕێتمی ڕیـشەکەی دەسـتی بـو کـە بەژێیەکانی (بالالایکا*) کەیدا دەهێنا.

ئامادەبوانی سـەرمێزەکە ، هـیچ بایـەخێکی ئـەوتۆیان بـەو گۆرانیـە نـەدا کـە کـابرای نێـو قەفـــەس دەیـــچڕی.  دەتگـــوت باڵندەیـــەکی ســـەرگەردان هاتۆتـــە ژورێ و هەنـــدێك چریکاندویەتی و دواتر لەشەقەی باڵی داوەو ڕۆیشتوە ...

کابرای نێو قەفەس  ، دوای ئەو گۆرانیە ، دەستی بەگوتنی گۆرانی " چاوە ڕەشـەکانی " و دوای ئەو گۆرانیەش بەدوای یەکدا چەند گۆرانی شادتر و گـەرمتری لەچەشـنی سـرودی " ئێمەی لاوان" ی گوت.

لەم کاتەدا میوەیان هێنا ، هەورێك لە دوکەڵی جگەرە بەسەر مێزی نانخواردنەکەوە پێـچی دەخوارد. بینیم منداڵەکانی بەڕێز پارێزەر دوای ئـەوەی مۆڵـەتیان لـە دایکیـان وەرگـرت ، بتڵـی کۆنیاکـە ئالۆبالۆوەکـەیان لەسـەر مێزەکـە هـەلگرت و بـەرەو قەفەسـەکە چـون و لەدەرگاکەیەوە بتڵەکـەیان بـۆ ئـاودیو کـرد و ئـەویش بەوپـەڕی ئاسودەیی و خۆشـحاڵیەوە دەستی کرد بەخواردنەوە. دواتر دو یا سێ کۆپلەی لە سرودی"بۆ پێشەوە ئەی سـەربازانی ئازادی" و دواتریش سودی " تراکتۆرچیەکان" ی گوت.

من خەریکبوم لەگـەڵ کەشیـشدا سـەبارەت بـە تیۆرەکـەی داروین قـسەمان دەکـرد ، بـەلاَم بەوهۆیەوە نەمدەتوانی بیرو هزرم کۆبکەمەوە. هەمو هۆش و گۆشم لای ئەو بو.

کەشیش بەڵگەی دەهێنایەوە کە: " هێندێك کەس بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە گوایا مـرۆڤ لە ڕەچەڵەکی مەیمونە ... زۆر باشە! خـۆ شـتێك لێـرەدا ڕون و ئاشـکرایە ، ئـەو کەسـانەی ئەم بانگەشە و پڕوپاگەندانە دەکەن بەدڵنیاییەوە و بـێ ئـەملاو ئـەولا خۆیـان لـە نـەوە و نەتیـژەی مەیمونـن".

گەرچـی منـیش لـەژێر کاریگـەری کحولـدا بڕێـك مـەنگ و گێـژ ببـوم ، بـەلاَم هەرچـۆنێك هەبو بۆم دەرکەوت کە کحول کاریگەری خۆی لەسەر کابرای نێو قەفەسیش داناوە.

خاوەنماڵ - کە پێدەچو تازە هەستی بەسەرسوڕمانی من کردبێ - بەپێکەنینەوە لێی پرسیم: دەزانی ئەوە کێیە؟ ئەوە حەز و سەلیقەی جوانی خانمەکەمە. حەزی لەوە نەبو بۆ ڕازاندنەوە و جوانکردنی ماڵ کەناری و ئەو جۆرە باڵندانە بکڕێ. دەیگوت ڕاگرتنی باڵندە و ماڵندە بۆ ڕازاندنەوەی ماڵ و شتی لەو بابەتە شتێکی ژێرپێ کەوتوو و سواوە. بۆیە شۆڕشگێرێکم بۆگرت و کردمە قەفەسەوە. مەترسێ! ماڵیی بوە.

میوانە مەست و شادەکان ، لەنێو ئاوازی دەریای بالالایکای کابرای نێو قەفەس ڕۆچوبون و بەڕێز پارێزەریش خەریکی ڕونکردنەوەی زیاتر بو:" خەڵکی ئێرەشە ... چەند ساڵێك لەمەوبەر کێوی بو ، تەنانەت هەندێك زیانیشی پێگەیاندین ، بەلاَم ئێستا بەتەواوی ماڵی بوە ، بۆخۆتان دەیبینین ئێستا بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەتوانین لەماڵێدا ڕایگرین ... گوڵدۆزی دەکا ، بالالایکا دەژەنێ ، ئاواز دەخوێنێ ... ئەڵبەتە شتێکی ئاساییشە کە هێندێك جار مات دەبێ و دەکەوێتەوە یادی ژیانی ڕابردوی".

منیش بەبڕێك شەرمەوە ڕای خۆمم دەربڕی: " لەوانەیەحەزی ئازادی لەگیانیدا هەبێت و حەزبکات جار جار باڵێك لێکبدا ، لەبیرتان نەچێ هەرچیەك بێت شۆڕشگێڕێکە".

دکتۆر بەم قسەیەی من بڕێك نیگەران بو و گوتی: " بۆ پێت وایە لەماڵی مەدا خراپی لێدەگوزەرێ؟ ژیانێکی دابین کراو و خەیاڵێکی ئاسودە و تەنانەت تۆسقاڵێك خەم و خەفەت چیە نیەتی! ... تەنانەت وا بەخێومان کردوە و ڕامانهێناوە لەنێو دەستماندا نان دەخوات. خۆ بۆخۆت بینیت! ئێستا یەك زەڕە چیە مەترسی نەماوە! لەجەژنی ساڵڕۆژی سەربەخۆیی ولاَت و ساڵڕۆژی شۆڕشیشدا دو ڕۆژان بەری دەدەین تا بۆخۆی بڕێك بالاَن لێکدا و بسوڕێتەوە ... دەڕوا و پاشان بۆخۆی دێتەوە. خۆشت دەزانی شارەکەی ئێمە ئەوەندە گەورە نیە تابڵێی دەڕوا و لەشوێنێك خۆی قایم دەکا".

ئەو ساتەی کە کاکی پارێزەر خەریکبو قسەی بۆ من دەکرد ، کابرای نێو قەفەس کە دەتگوت دەزانی لەبارەی ویەوە قسان دەکەین سەری بەولادا وەرسوڕاند و گنج و لۆچی ڕوخساری وەدەرکەوتن.

کەشیشیش کە خەریکبو بەچنگاڵ پارچە پەنیرێکی بۆ دەمی دەبرد ، چنگاڵ بەدەست ، لەجێگای خۆی وشکبو. بێدەنگیەك بەسەرهەموواندا زاڵ بو. سەرۆکی ڕێکخراو ، کەوچکە چایەکەی لەدەست بەربۆوە. تەنانەت بەڕێز پارێزەریش داچڵەکی.

بەلاَم ئەو نیگایەکی نامۆیانەی گرتە میوانەکان و بالالایکایەکەی بەسینگیەوە نوساند و دەستی پێکرد:" بەرەو پەناگاکان ، ئەی زەحمەتکێشانی کرێکار ...".

هـەموان هەناسـەیەکی ئاسـودەیان هەڵکێـشا ، کەشیـشیش پەنیرەکـەی خـوارد. هـەموان بەوپەڕی حەزەوە گوێیان دایە ئاوازی بالالایکا.

پارێزەر دەستێکی کێشا بەرانی خۆیدا و بەخۆشحاڵیەوە گوتی: "دەگمەنە"

دەرمانساز لەپێکەنینا شین و مۆر بۆوە و سەرۆکی ڕیکخراویش لەپێکەنینا چاوەکانی پـڕ لەئاو بون.

خاتونی پارێزەر، کە بڕێك نیگەران دەهاتە بەرچاوان ، ڕوی لە مێردەکەی کرد و گـوتی: "خۆشەویـستم! کاتەکـەی درەنگـە ، باشـتر نیـە منداڵـەکان بـچن بنـون؟ دەچـم بەتانیەکیش بەو قەفەسەدا دەدەم ، بەسە با ئەمشەو چیتر نەخوێنێ".

بەڕێز پارێزەریش وەلامـی دایـەوە و گـوتی: " ڕاسـت دەکـەی درەنگـە ، ئێـستا ئیـدی کـاتی ئەوەیە شۆڕشگێڕەکە بنوێ".

بەترێکی شەو تێپەڕیبو ، دوایین میوان من بوم. بەڕێز پـارێزەر بەخۆشـحاڵیەوە سوپاسـی هاتنەکەمی کرد و منیش خوداحافیزیم کرد.

لەکاتی ڕۆیشتندا بەتەنیشت قەفەزەکەدا تێپەڕیم ، بەتانیـەکی گـەورەی کوڵك درێـژیان – کـە وێنـەی گـوڵی وەنەشـەی بەسـەرەوە بـو – بـە قەفەزەکـەدا دابـو. هەسـتمکرد لـەژێر بەتانیەکەوە دەنگی بالالایکا دێت. بەڵێ! دڵنیـا بـوم یـەکێك لـەژێر بەتانیەکـەوە خەریکـە سرودی " ئاخرین شەڕە شەڕی سەرومالٚ..." دەچڕێ.

سەرچاوە/ http://www.dibache.com

گەرچی زۆربەی نوسەرانی ئەم کتێبە بەلای خوێنەری کوردەوە نامۆ نین و تەنانەت زۆریش ناسراون. بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی خراپ نیە کورتەیەك لەبارەی ژیان و کارەکانیانەوە بخەینەڕو.

لیۆن تۆلستۆی (    ) – ( 1910)

لیۆ تۆلستۆی ، لەبنەماڵەیەکی خاوەن موڵك و دەوڵەمەند لەگوندی ( یاسنایا پالیانا) ، هاتۆتە دنیاوە. لەتەمەنی دو ساڵیدا دایکی و لەتەمەنی نۆ ساڵیدا باوکی لەدەستدا. لەساڵی 1844 لەزانکۆی کازان ، دەستی بە خوێندنی ماف و زمانە ڕۆژهەلاَتیەکان کرد. بەلاَم دواتر بە دەستی خاڵیەوە وازی لەخوێندن هێنا و دوای دابەشکردنی ماڵ و موڵکەکانیان کەوتە دوای خۆشگوزەرانی خۆی. بەلاَم ڕۆحی نائارامی ئەو ، بەرەو ئەزمونی سەیر بەکێشی دەکرد. لەساڵی 1851 بۆ بەرگریکردن لەشاری (سواستۆپۆل) ، پەیوەندی بە سوپای قەفقاسەوە کرد. یەکەمین بەرهەمی نوسراوی کە پێکهاتوە لە سێ بەش ، پەیوەندی بەم سەردەمەی ژیانیەوە هەیە ، کە بریتین لە: (مندالی ، 1852) ، ( هەرزەکاری ، 1854) ، ( گەنجێتی ، 1857). کە لەڕاستیدا دەکرێ بگوترێ ئەمە ژیاننامەی خودی تۆلستۆیە. تۆلستۆی زۆر وابەستەی مندالاَن بوە و لەخەمی گەورەبون و فێربون و بەهرەمەند بونیان لە زانست و خۆشیەکانی ژیاندا بوە. دواتر بەکتێبێکی تر بەنێوی ( چیرۆکەکانی سواستۆپۆل) بیرەوەریەکانی خۆی سەبارەت بەشەڕ و قارەمانیەتیەکان دەخاتە ڕو. تۆلستۆی بەیەکێك لەباشترین نوسەرانی جیهان دێتە ئەژمار و خاوەنی چەندین شاکاری لەچەشنی ( شەڕو ئاشتی ) ، ( ئاناکارنینا) ، (سۆنات کروتزر) ، ( دانپێدانان) و چەندانی تره ... سەرەنجام لەکۆتاییەکانی ژیانیدا ویستی لەگەڵ کچەکەی و دکتۆرەکەیاندا بەرەو باشوری ڕوسیا سەرهەلگرێ و خۆی لەدەست کێشە و گیروگرفتەکانی سۆفیای هاوسەری ڕزگار بکات ، بەلاَم گەشتەکەی تۆلستۆی درێژەی نەکێشا و لە حەوتی نۆڤەمبەری 1910 لە وێستگەی ڕیگای ئاسنی (ئاستاپۆفۆ) کۆتایی پێهات و دو ڕۆژ دواتر تەرمەکەیان هێنایەوە گوندەکەی خۆی و بەخاکیان سپارد.

ئۆ هێنری ( 1862 ) – ( 1910 )

ئۆ هێنری ناوی ڕاستەقینەی (ولیام سیدنی پۆرتەر) ە ، یەکێکە لەناسراوترین چیرۆکنوسەکانی جیهان. بەنێوی خوازراوی ئۆ هێنریەوە دەنوسێ. لە کارۆلینای باکور ، لە ئەمریکا هاتۆتە دنیاوە ، لەتەمەنی پانزە ساڵیدا وازی لەخوێندن هێنا ، کاتێ گەورە بو چوە تەکساس و چەند کارێکی لەچەشنی کتێبداری و سکرتێری و سەرەنجام لەشاری

ئاستین ، وەك كارمەندی بانك دەستی بەكاركردن كرد. لەگەڵ چەند بلاَوكراوەیەكدا نێوانی هەبو و بابەتی بۆ دەناردن. لەساڵی 1898 بەتۆمەتی دزی دادگایی كرا و سێ مانگ سزای زیندانیان بۆ بڕیەوە. لەزیندانیشدا چیرۆكی دەنوسین و بۆ بلاَوكراوەكانی دەناردن. لە ساڵی 1902 گەڕایەوە نیۆیۆرك و ژیانی خۆی تەرخان كرد بۆ نوسینی كورتە چیرۆك و توانی ناوبانگێكی گەورە وەدەسبێنی. لەسەروەختی مردنیدا بەیەكێك لەبەناوبانگترین نوسەرانی ئنگلیزی زمان دەژمێردرا. سەرەنجام لەساڵی 1910 دا كۆچی دوایی كرد.

عەزیز نەسین ( 1915 ) – ( 1995)

محەمەد نوسرت ناسراو بە عەزیز نەسین ، نوسەر و وەرگێڕ و تەنز نوسی توركیایە. لەدایكبوی ساڵی 1915 یە. لەدرێژەی ژیانی ئەدەبیدا خاوەنی دەیان كۆمەڵە چیرۆك و چەندین ڕۆمانە. نەسین لەبەرهەمەكانیدا ڕەفتار و ئاكاری نەشیاوی تاكەكانی كۆمەڵگا و نایەكسانی و فرت و فێڵ و دزی و تەڵەكەبازیەكانی بەرپرسانی دەوڵەت ڕیسوا دەكات. هەر بەهۆی ئەم هەڵوێست و نوسینانەشیەوە چەندین جار زیندانی دەكرێت. نەسین لەنێو كەش و هەوای داخراوی توركیادا بەردەوام پێداگری لەسەر ئازادی ڕادەربڕین كردوە. كاتێ نەسین ڕایدەگەیەنێ نیازی وەرگێڕانی كتێبی ( ئایاتی شەیتانی ) سەلمان ڕوشدی هەیە ، كەپێشتر فتوای كوشتن لەلایەن ئیمام خومەینیەوە بۆ نوسەرەكەی دەركرابو ، لەلایەن توندڕەوە ئیسلامیەكانەوە ڕوبەڕوی هێرش و پەلامار دەبێتەوە. یەكێك لەو پەلامارانە ڕوداوەكەی سوتانی ئوتێلێك بو لەسێواس ، كە نەسین تیایدا بەسەلامەتی ڕزگاری بو. لەڕۆمانەكانی دەكرێ ئاماژە بدەین بە: ( حیزبی سەلامەت و حیزبی كەرامەت) ، ( برایم زەبۆك) ، ( نازناو ) ، ( تاكە ڕێگا) ، بیرەوەریەكانی دورخراوەیەك). هەروەها لەگەڵ سەدان چیرۆك و چەندین شانۆنامە و چەندین كۆمەڵە شیعر

ئەلفۆنس دو لامارتین ( 1790) - ( 1869)

ئەلفۆنسی شاعیر و نوسەر و سیاسەتمەدار ، لەبنەماڵەیەكی ڕەسەنزادە چاوی بەدونیا هەڵێناوە. لەساڵی 1820 لەگەڵ خانمێكی ئینگلیزدا بەنێوی ئەلیزابێس ، زەماوەند

دەکات. لەساڵی 1839 هاوکات لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی ئەوروپادا ، وابەستەی سیاسەت دەبێ. لەشۆڕشی 1848ی فەرەنسادا وەکو ڕێبەرێکی چەپ کاری دەکرد. بەلآم لەدوای شکست خواردنی لەهەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکاندا لەبەرامبەر ناپلیۆنی سێیەم ، لەسیاسەت دورکەوتەوە و خۆی تەرخان کرد بۆ ئەدەبیات. سەرەنجام لەساڵی 1869 لەتەمەنی حەفتاو هەشت ساڵیدا کۆچی کرد. بەشێك لەبەرهەمەکانی بریتین لە( مێژوی ژیرینۆنەکان) ، ( مەرگی سوکرات) ، ( مردنی فریشتەیەك) ، ( مەرگی ئەسکەندەری گەورە) ، (ڕازە نوێیەکان ) و چەندین کتێبی تر ...

سلاڤ میر مرژۆك ( 1930 ) - ( )

لەدایکبوی ساڵی 1930 یە ، دیارترین شانۆنوس و تەنزنوسی پۆڵەندایە. سەرەتا بە ناردنی کاریکاتێر بۆ ڕۆژنامەکان هاتە نێو دونیای ئەدەبیاتەوە. دواتر لەساڵی 1957 یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی خۆی بەنێوی (فیل) چاپ کرد و دواتر چەند شانۆنامەشی نوسین ، دیارترین شانۆنامەکانیشی بریتین لە (باڵیۆز) ، (تانگۆ) ، (پۆلیس) ، (کۆچەرەکان ) ، ( عیشق لە کریمیە) ، کە وەرگێڕدراونەتە زۆر زمانان و هێنراونەتە سەر سەکۆی هۆڵی شانۆکان. بەلآم کورتەچیرۆکەکانی لایەنگری زیاتریان هەیە. مرژۆك سود لەتەنزێکی ڕەش و تاڵ وەردەگرێ و هەوڵ دەدات خۆی لەپشت دیمەنەکانەوە بشارێتەوە و لەهەمانکاتدا لە پێکەنین و زەردەخەنەش خافڵ نابێت. دوای ئەوەی کە لەساڵی 1968 ماڤی نوسینیان لێ زەوت کرد ، ولآتەکەی جێهێشت. دواتر لە دەیەکانی حەفتادا کاتێك گۆڕانکاریە سیاسیەکان کەش وهەوایەکی ئازادانەتریان لەگەڵ خۆیاندا هێنا ، دوبارە بەرهەمەکانی مرژۆك چونەوە سەرشانۆکان. هەرچەند دواتر مۆڵەتی گەڕانەوەیان پێدا بۆ ولآتەکەی ، بەلآم نەگەڕایەوە و لەپاریس مایەوە.

ئەلبێرتۆ مۆرافیا ( 1907 ) - ( 1990 )

ئـەلبێرتۆ مۆرافیـا ، لەسـاڵی 1907 لـەڕۆما هاتۆتـە دونیـاوە. لەتەمـەنی حـەوت سـاڵیەوە توشـی نەخۆشـی سـیل دەبێـت و نـزیکـەی پێـنـج سـاڵ لـەماڵ و لەنەخۆشـخانەی (کۆدیـۆلا) لـەژێر چـاودێریدا دەمێنێتــەوە ، دواتــریش بــەردەوام لــەنێوان نەخۆشــخانەو ماڵــەوەدا لەهاتوچـۆدا بـوە. دواتــر ســەرەنجام لەســاڵی 1925 دەســت دەکـات بەنوســینی ڕۆمــانی (بێباکەکان). دواتر لەسەروەختی خەبات لەدژی فاشیزم ، کە مۆسۆلینی ڕێبەرایەتی دەکرد ، مۆرافیا دەخرێتە ژێر چاودێریەوە و ڕێگەی بلاوبونەوەی کتێبەکانی دواتری پێنـادرێ و کلیـسای ڤاتیکـانیش نـاوی مۆرافیـا دەخاتـە لیـستی نوسـەر و کتێبـە قەدەغەکراوەکانـەوە. مۆرافیـا لـە بەرهەمەکانیـدا نـەریتی پیاوسـالاری و چەوساندنەوەی ژنـان و دونیـای دژە مرۆڤانـەی سـەرمایەداری بەتونـدی سـەرکۆنە و ڕیـسوا دەکـات. لەسـاڵی 1941 دا لەگـەڵ ئەلیسا (مۆرانتێ ) زەماوەند دەکات و بۆ ڕزگـاربون لەچـنگی ڕژێمـی فاشیـستی مۆسـۆلینی ڕودەکەنــە (کــاپری) و لــەوێ دەژیــن. دوای ئــازادبونی ئیتالیــا ، دەگەڕێنــەوە ڕۆمــا و بەشـێوەیەکی بـاش دەسـت دەکـات بـە نوسـین و چـالاکی. دەکـرێ لێـرەدا ئامـاژە بەچـەند بەرهەمێکی بکەین. (خەونەکانی مرۆڤێکی تەوەزەل ، 1940) ، ( دو ژن) ، ڕۆمانی (ژنی ڕۆمــی) ، (عیــشقی هاوســەری و چــیرۆکەکانی تــر ) ، (مرۆڤــی دەســکرد) ، فریــشتەی زانیاریەکان) ، ( گەشتێك بۆ ڕۆما) و چەندانی تر ...

سەرەنجام دوای نیو سـەدە کـار و چـالاکی ئـەدەبیی ، لەکاتـژمێر نـۆی 26 ی دیـسامبەری 1990 لەماڵەکەی خۆیدا لە ڕۆما چاوی لێکنا.

ك. پاوستۆڤسکی ( 1892) - ( )

یـەکێك لـە چیرۆکنوسـەکانی سـەردەمی یـەکێتی سـۆڤیەتی جـاران و نـاوێکی دیـاری نێـو ئەدەبیاتی ڕوسی زمانە. خاوەنی زیاتر لە سی کتێبە. کە دەکرێ پێـان بگـوترێ دەفتـەری بیرەوەریـەکانی ژیـانی سـاڵانی 1920 – 1960 ی یـەکێتی سـۆڤیەت. چـیرۆکی لیۆنکـا لەدەریاچەی مالویە ، لەساڵی 1938 دا نوسراوە.

ئەنتۆن چیخۆف ( 1860 ) - ( 1904 )

لەساڵی 1860 لە شاری تاگانرۆگی ڕوسیا هاتۆتە دونیاوە. لەتەمەنی لاویەوە حەزی نوسینی هەبوە. بەدرێژایی تەمەنی کورتی خۆی ، جگە لە گرفتار بون بەدەست کارو باری پیشەی دکتۆری و لە دە ساڵی بەر لەمردنیشیدا گرفتاربون بە دەست نەخۆشی سیلەوە ، توانی زیاتر لە شەشسەد چیرۆك و چەندین شانۆنامە و کتێبێك لەسەر بەندی و دورخراوەکانی دورگەی ساخالین بنوسێ. بەباوکی کورتە چیرۆکی نوێ دەناسرێ . بەشێك لە شانۆنامەکانی بریتین لە (ئیڤانۆڤ 1887) ، ( بوکێنی) ، (ساڵڕۆژ ) ، (باڵندەی دەریا) ، (ڕۆلگێڕی تراژیدی بەپێچەوانەی حەزی خۆیەوە) ، ( سێ خوشك ، 1900 ) ، ( دێوی جەنگەڵ ، 1889 ) ، (لە زیانەکانی توتن) ، (باخی گێلاس ) ، (لالۆ ڤانیا ، 1899 ) ، ( تاتیانا ڕیپینیا) و چەندین شانۆنامەی تر. سەرەنجام لەساڵی 1904 دوای چەندین ساڵ ململانێ لەگەڵ نەخۆشی سیلدا چاوی لێکنا.

بای زیائۆ یی ( 1942) - ( )

خەڵکی شین یانگی پارێزگای لیۆنینگی چینە ، چیرۆکەکانی لەڕۆژنامە و بلاّوکراوە جیاجیاکاندا چاپ کراون. لەپێشبڕکێیەکدا کە لەلایەن یەکێتی نوسەرانی چین و ڕۆژنامەی لاوانی چینەوە ساز کرابو ، بای زیائۆ بەچیرۆکی (شکان) بەشداری کرد و پلەی یەکەمی پێشبڕکێیەکەی بەدەست هێنا.

گی دو مۆپاسان ( 1833) - ( 1891 )

گی دو مۆپاسان لەکۆشکی دەوڵەمەندانەی ( دوو میرو مسنێل) لە فەرەنسا هاتۆتە دنیاوە ، لور دو مۆپاسان ، دایکێکە کە دەیەوێ کوڕەکەی لە سەر بناغەی ئاکاری ئەشرافی و دەوڵەمەندانەی خۆی پەروەردە بکا ، بەم هۆیەوە دایك و باوکی بەردەوام لە کێشەدابون. ڕونە کە لە نێو ئەم جۆرە ژیانەدا کەشوهەوایەکی گونجاوو ئارام بۆ منداڵێك دەستەبەر

ناکرێ ، بۆیە کەگەورەش دەبێت شوێنەواری ئەم کێشمەکێشانە بە سەر ژیان و دەرونیـەوە دەبینـرێت . چوار ساڵ بەر لە نوسـینی (هـورلا) واتـا سـاڵی 1891 وردە وردە نیـشانەکانی نەخۆشی دەرونی لێ بەدی دەکرێ . تا سەرەنجام لە ساڵی (1892 ) دەیەوێ خۆی بکـوژێ بـەلاَم سـەرکەوتو نـابێ و دەگوازرێتـەوە بـۆ ئارامگـای دەرونـی دکتـۆر بلانـش . ئـەو ئیـدی هەرگیز نەیتوانی لەوێ بێتە دەرێ و سەرەنجام لە ساڵی (1893 ) لە تەمەنی چـل و سـێ ساڵیدا دنیای جێهێشت . سەرەنجام گوتـەی مامۆسـتاکەی خـوی واتـا (گۆسـتاف فلـۆبێر) ی هێنایەدی کە دەیگوت : نوسەر جگە لـە بەرهەمـەکانی نـابێ هـیچ شـتێکی تـر دوای خـۆی جێبێڵـێ. مۆپاسـانیش نزیـك بـە سێـسەد چـیرۆك و رۆمـان دوای خـۆی جێـدێڵێ ، کـە نێوبانگێکی جیهانییان هەیە، ، بێگومان مۆپاسان یەکێکە لـە نوسـەرە هـەرە بلیمەتـەکانی نێو دنیای کورتە چیرۆك.

هاینـرش بۆڵ ( 1917) - ( 1985)

هـاینـرش بـۆڵ لـە 21 ی دیـسامبەری 1917 لـە شـاری کـۆڵنی ئـەڵمانیا هاتۆتـە دونیـاوە. لەتەمەنی بیست ساڵیدا دوای وەرگـرتنی دیبلـۆم لـە کتێبفرۆشـیەکدا دەسـتی بـەکار کـرد ، بەلاَم دوای ساڵێك - لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی جیهانی یەکەم - بانگیان کرد بۆخزمەتی سەربازی و تا سـاڵی 1945 ، واتـا کۆتـایی هـاتنی شـەڕ ، لەبـەرەی جەنگـدا بـو. زۆربـەی ماوەی خزمەتی سەربازیەکەی لەبەرەی ڕۆژهەلاَتی ئەڵمانیا بـو ، بـەلاَم لـە دوادواییـەکانی شەڕدا ناردیان بۆ بەرەی فەڕەنسا ، کە سـەرەنجام لەوێـدا دەکەوێتـە دەسـت هاوپـەیمانان و چـەندین مـانگ لەزیندانـدا دەمێنێتـەوە. دوای کۆتـایی هـاتنی شـەڕ ، زەماوەنـدی کـرد و دەستی کردەوە بەخوێندن لەزمان و ئەدەبی ئەڵمانی و هاوکات بۆ بەڕێوەچونی ژیانیـشی لە دوکانی براکەیدا کاری دەکـرد. لەساڵی 1947 یەکـەمین چـیرۆکی چـاپ کـرا و لەسـاڵی 1949 دا ناوبانگی وەدەسهێنا . لەساڵی 1951 بـەهۆی نوسـینی چـیرۆکی مـەڕی ڕەشـەوە خــەلاَتی ئــەدەبی گروپــی 47 ی وەدەســهێنا. لەســاڵی 1971 بــوە ســەرۆکی ڕێکخــراوی ئەنجومـەنی قەڵـەمی ئـەڵمانیا. لەسـاڵی 1972 تـوانی وەکـو دووەمـین ئـەڵمانی لـەدوای ( تۆماس مان) ەوە ببێتە خاوەنی خەلاَتی نۆبڵ. سەرەنجام لەسـاڵی 1985 کۆچـی دوایـی

کرد. بەشێك لەبەرهەمەکانی ئەمانەن: (شەمەندەفەرەکە لەکاتی خۆیدا گەیشت ، 1949) ، ( نانی سالآنی گەنجی ،1955) ، ( تێڕوانینەکانی گاڵتەجاڕێك ، 1963) ، ( سیمای ژنێك لەنێو خەڵکیدا ، 1971).

ماکسیم گۆرکی ( 1868) - ( 1936)

ئەلێکسی ماکسیمۆڤیچ بیشکۆف ، ماکسیم گۆرکی ، چیرۆکنوس و شانۆ نوسی شۆڕشگێڕی ڕوسی لەساڵی 1868 لەدایك بوە. بەبنیاتنەری ڕیالیزمی ڕوسی دادەنرێ. گەرچی ئەو وەکو نوسەرێك ناسراوە ، بەلآم لەڕاستیدا دەکرێ بەیەکێك لە ڕێبەرەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دابنرێ. ( نیژنی نۆگۆرد) ئەو شوێنەی کە گۆرکی تێدا هاتبوە دونیاوە لەسەردەمی سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە تا ساڵی 1991 بەنێوی گۆرکی دەناسرا. لەساڵی 1936 و لەتەمەنی 68 ساڵیدا دونیای جێهێشت. مردنیشی لەسەردەمی ستالیندا ، شك و گومانێك لەگەڵ خۆیدا دێنێتە ئاراوە ، بەلآم وەك بەڵگە شتێك لەبەردەستدا نیە. بەشێك لەبەرهەماکانی بریتین لە: ( لەقولآییدا ، 1902) ، ( دایك ، 1907) ، (ئامانجی ئەدەبیات) ، ( سەردەمی منداڵی ،1914 ) ، ( بازرگانی ئارتامانۆف ، 1927) ، (بیرەوەریەکانم) و چەندانی تر ...

پیتەر هێرتلینگ ( 1933) - ( )

پیتەر هێرتلینگ ، لەساڵی 1933 لەشمنیتسی نەمسا هاتۆتە دونیاوە. تەمەنی منداڵی لە ساکسۆن و نەمسا بەسەر برد. لەساڵی 1955 ە وە تا ساڵی 1962 لەڕۆژنامەی ( دویچە تسایتۆنگ) وتاری ئەدەبی دەنوسی. سەرنوسەری گۆڤاری ( مونات) یش بو.
کاتێ ڕۆمانی ( لەڕۆشنایی شەودا) ی نوسی ناوبانگێکی زۆری دەرکرد. جگە لە ڕۆمان و کورتەچیرۆك ، لەبواری نوسینی بابەتی منداڵانیشدا کاری کردوە و چەندین خەلآتیشی لەبواری نوسینی منداڵاندا وەدەست هێناوە. هەندێك لە بەرهەمەکانی بریتین لە( یانك ،

پـۆرتـرێتی بیرەوەریـەك ، 1966) .  ( جـەژنی خێزانـی یـان كۆتـایی ڕوداوەكـە ، 1969) ڕۆمان.

( عەسرێك ، شەوێك ، بەیانیەك ، 1971) شانۆ.  (ژنێك ، 1974) ڕۆمان.  ( بێن ، ئانای خۆش دەوێ ، 1979)  ڕۆمانی منداڵان.  هەروەها چەند بەرهەمێكی تری منداڵان.